Kurdistan Democratic Party Kurdistan Democratic Party Kurdistan Democratic Party




# کارو تێکۆشانی
# حیزبی دێموکراتی کوردستان
# لە بەریتانیا

ئامادەکردنی: مەولود سوارە


حیزبی دێموکراتی کوردستان


سڵاو لە
ڕێبەرانی شەهید:
قـــــــازی،
قاســـملوو،
شەرەفکەندی.

# کاروتێکۆشانی

# حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

## لە بەریتانیا

## ٢٠٠٨-٢٠١١

**کۆنگرەی ١٤ بۆ کۆنگرەی ١٥**


ئامادەکردن:

**مەولود سوارە**

نوێنەری پەیوەندییە نێونەتەوەیەکانی
حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

■ سایتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.Kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com
www.kurdchannel.org
www.radiokurdistan.net
www.shehid.org

■ یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

www.lawan.com

■ E-mails:

Info@kurdistanukurd.com
News@kurdchannel.com
info@kurdchannel.com
info@kurdchannel.org
kdp_uk@yahoo.com

■ Facebook:

http://www.facebook.com/kdp1945
http://www.facebook.com/xalid.azizi
http://www.facebook.com/kdp1324

■ Address:

KDP
P.O BOX 1402
London W6 7ZT
United Kingdom

# بەشداری لە جەژنی نەورۆز
## لە شاری شەفیڵد
### ٢٣ مارسی ٢٠٠٨



ڕێکەوتی ٢٣ مارسی ٢٠٠٨ کۆمەڵگای کوردی شەفێڵد بە هاوکاری کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کوردەکانی دانیشتوی شاری شەفیڵد نەورۆزیان جەژن گرت

کات ژمێری ٢ی پاش نیوەڕۆ بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە کوردەکانی نیشتەجێ لە شاری شەفیڵد مەراسمێکی ڕازاوەیان بەبۆنەی نەورۆزی کوردەواری پێک هێناو بۆ چەند کات ژمێرێک لە دەوری یەک و بەهەڵکردنی ئاگری نەورۆز و شای و هەڵپەرکێ ئەو یادەیان بەرزو پیرۆز ڕاگرت.







سەفیری لیبیا لە بەریتانیا

مەولود سوارە نوێنەری حدک لە بەریتانیا



# سەردانی سەفارەتی لیبیا

## لە شاری لەندەن

بە مەبەستی سوپاس و پێزانین لە هەلوێستەکانی موعەممەر قەزافی سەرۆک کۆماری لیبی کە هەمیشە و ڕاشکاوانە پشتیوانی خۆی لە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دا ڕاگەیاندوە، بەدەست پێشخەری پارتی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا و بەشداری ئەم لایەنانەی خوارەوە:

حیزبی دێموکراتی کوردستان

پارتی دێموکراتی کوردستان

کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە

پارتی یەکیەتی کوردی سوریە

کۆمەلی ئیسلامی کوردستان

هەروەها کۆمەڵیک لە ژنان و پیاوانی کوردی دانیشتوی بریتانیا، سەردانی سەفارەتی لیبیایان کردو لەگەڵ بەرێز عومەر ڕەمەزان جەلبان سەفیری لیبی لە وڵاتی بریتانیا کۆبونەوە و چەپکە گوڵی ئەمەگ ناسی و وەفاداری کوردی یان پێش کەش کرد.

ڕێ و ڕەسمەکە بە دەهۆل و زورناو هەڵپەرکێی کوردی ڕازاوەتر بوو. جێی ئاماژەیەک کە سەفیر بۆ ڕێزدانان لە م هەلوێستە هاتە نێوی کۆری ئامادەبووان.

بەشێک لە تراکتەکان ئەمانە بوون:

بژی برایەتی گەلی کوردو گەلی لیبی برا

سەرکەوتو بێت تێکۆشانی گەلی لیبی لە پێناوی ئاشتی و سەقامگیری.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە بەرێزان کاک مەولود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا کاک محەممەد میراوەیی و کاک یوسف بەهرامی ئەندامانی کۆمیتەی بریتانیا ئامادەی و بەشداری ئەو ڕێو ڕەسمە بوون.


کۆرگێڕەکان لە سمینارەکەدا ١٢ی ئاوریلی ٢٠٠٨

# سیمیناری تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی حیزب لە بریتانیا

## سەبارەت بە کۆتای هاتنی کۆنگرە ی ١٤ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

**١٢ئاوریلی ٢٠٠٨**

ڕۆژی شــەممە ڕێکەوتــی ١٢ئاوریلــی ٢٠٠٨ بۆ بەرپرس و ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی حیزب لە بریتانیا و بەشــداری کۆمیتەکانی‌لەندەن،بێرمینگهام،مانچستێر،لیدز،شەفیلد،نیوکا سڵ و ئەیالەتی وێلز (سوانزی)و بەشێکی بەرچاو لە هاورێیانی حیزب لە بریتانیا سیمینارێکی تەشکیلاتی سەبارەت بە کار و ئاکامەکانی کۆنگرە کە لە ڕۆژانی ٦ تا ١٣ مارسی ٢٠٠٨ گیرا، پێک هات.

سیمینار بە ١ دەقیقە ڕاوەستان بەبێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێکرد،پاشان لەلایەن کاک هیوا ڕەزایی بەرپرسی تەشــکیلاتی کۆمیتەی بریتانیا بەخێرهاتنی هاورێیان کراو کاری سیمینار ڕاگەیەندرا.

پاشان کاک مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا ونوێنەری بریتانیا لە کۆنگرە بەو ووتەیەی فرمێسکەکان بونەوە قاقای پێکەنین لە وتەبەنرخەکانی بەڕێزمامۆستاعەبدوللاحەسەنزادە دەست پێکرد.

ســەرەتا کاک مەولود بەگەرمی سوپاسی هاورێیانی حیزبی کرد کە لەو ماوەیە داچالاکانە بەشــداری کار و باری حیزب بون وبــە هەوڵی خۆیان وایان کرد کە هــاو هەنگاو لەگەڵ ئەندامانی تری حیزب بە گشــتی، بگەینــە ئەو قۆناغە کە کۆنگرەیەکی ئاوا سەرکەوتوو بگیرێ.پاشان باسی ئەو بەشە لە کار و باری کۆنگرەی کرد:

پێک هاتە و فەزای دەمۆکراتیکی ناو کۆنگرە.

بەرنامە و پیرەوی ناوخۆی تازەی حیزب.

گۆرینی ئارمی حیزب.

پێک هاتنی چەندین کۆمیتەوکۆمیســیۆن بۆ کارو بارەکانی کۆنگرە.

میکانیزمی هەڵبژاردنی ڕێبەری وکاندیداتۆری.

هەڵبژاردنــی کاک خالید عەزیزی وەکــو وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی وهەڵبژاردنی ٢ کەس وەکو جێگری سکرتێر.

دێسانترالیزە کردنی حیزب و ڕێبەری.

پاشــان کاک مەولود هاتە سەر باسی جیاوازیەکانی کۆنگرە لەگەڵ کۆنگەرەکانی رابردو وئیشارەی بەم بەشانە کرد:

دانانی ٢ هەیئەت لە ناوخۆودەرەوەی حیزب بۆنوســینەوەی پێرەو و پرۆگرام.

بەهێزکردنی بیری نەتەوەیی.

دێسانترالیزە کردنی حیزب،کە پێشترلە شێوەی سانترالیزمی

دمکراتیک دابوو و دەســـتەلاتی لە دەستی رێبەری دا قۆرغ کردبوو.

رادەیەکی زیاتر ئەندامی رێبەری بۆ دەرەوەی ولات.

رادەی بەشـــداری ژنـــان و لاوان لە کۆنگـــرە و لە رەێبەری حیزب دا.

ئـــازادی بیـــرو را دەربڕیـــن کە لە ئەســـڵی دێمۆکراســـی سەردەمیانەوە سەرچاوە دەگرێ.

کاندیداتۆری ئەندامانی رێبەری لە دەرەوەی کۆنگرە.

بە دوای تەواو بونی ئەو باسانە دا، کاک مەلوود بەشێک لە بریارنامەی کۆنگرەی بۆ هاورێیان خوێندەوە و بە شوێن ئەو دا،کاک حوســـێن محەممەدپور یەکێکی دیکە لە نوێنەرانی کۆنگرە،بەشێکی دیکەی بریارنامەکەی خوێندەوە.

ئینجـا لە لایـەن هاورێی بـە رێـز کاک ئەحمەدعەزیزی هەڵسەنگاندنێکی وردی کۆنگرە کرا.

کاک ئەحمەد بە دەربرینی خۆشـحاڵی خۆی لە بەشداری سیمینارەکە باسەکەی دەستپێکردو پاشان باسێکی گرینگی لەسەرکار تێکردنی کۆنگرە لەسەر خەڵکی کوردستان و ئەوە کـە لە جێدا کۆنگرە بۆچی گیـراوەو لەوبارەیەوە گەرایەوە بۆ سـالێک و چەند مانگ بەر لە ئێسـتا،کە دوای لەت بون حیزب پێویستی بە گرتنی کۆبونەوەیەکی گەورە و شەرعی هەبوو،کە حیزب لە بواری فیکری،سیاســی و تەشـکیلاتی دا خـۆی دەر بخا، کە لـەو بوارە دا کەوتبوە ژێر کۆمەلێک



بەشدارانی سەمینارەکە لە رۆژی ١٢ی ئاوریلی ٢٠٠٨

پرسیار لەلایەن خەلکی کوردستانەوە.لەو بارەیەوە باسێکی لـە بوحرانی نـاو حیزب بە دوای کۆنگـرەی ١٣ داکرد،کە حیزبی توشی لێکدابران ولەتبون کرد.

کاک ئەحـمـەد عەزیزی کـە بۆخۆی یەکێک لـە هەیئەتی نوســینەوەی بەرنامە و ئەساســنامە بو،باســی پێویستی ئاڵوگـۆری قوڵـی ئەو بەرنامەیەی لە کۆنگـرە دا کرد، بە چەشـنێک کە ووتی بۆ نوسینەوەی پەیرەو و پرۆگرام هەر چاویش لە بەرنامەی پەسند کراوی کۆنگرەی ١٣ نەکرا.

پاشان باسی شێوەکاری هەیئەت وئەوپێشنیاروبۆچونانە کرد کە بۆ یەکەم جار،لەســەرداوای حیزب،لە دەرەوەی حیزب، بەهەیئە تی نوسینەوەی بارنامە وئەساسنامە گەیشتبون.لە نێو ئەوان دا ئیشـــارەی بە نامەی کەسایەتی ناوداری کورد بەریز سارمەدینی سادق وەزیری کرد.

کاک ئەحمەد لە بەشێکی دیکەی باسەکەی دا باسی گۆرینی دروشمی ستراتیژی حیزب کردوکە بە یەکانگیری وچۆنیەتی بونـی نەتەوەی کـورد لەگەل نەتەوەکانـی دیکەی ئێرانی داهاتوو وا دارێژراوە کە مەجالی مانۆرمان هەبێت بۆ حیزب و بۆ خەڵکەکەمان کە سبەینێ بەخواستی خۆمان لە ریفراندۆم و هەڵبژاردنەکاندا بەشـدار بین. لەوتێروانینەوە فیدرالیزم چەسپاوە لە پەنای کۆماری دیموکراتیکی کوردستان.

لەبەشـێکی دیکە دا باسـی مەسـئەلەی ژینگـە وەکوو مەسـئەلەیەکی گرینگی ئەمرۆی دونیا باس کردوو هەروەها باسـێکی تری لەسەر مەسئەلەی یەکسـانی ژن و پیاو لەو بەرنامەیەدا کرد.



کۆڕگێڕەکان لە سمینارەکەدا ١٢ی ئاوریلی ٢٠٠٨

هەروەها ئیشـــارە بە باســـێکی دیکەی گرینگی کۆنگرە کە ئامانجی درێژخایەنی حیزب واتە سۆسیالیزمی دێموکراتیک بوو کرد، کە بۆچوونی جیا جیا لەســـەر بووەو ســـەرەنجام ئەویش بەدەستکاریەوە و بە تێگەیشتنێکی ئەورۆیی پەسەند کرایەوە.

بەشێکی تری باسەکە لەسەر پیرەوی نێوخۆی حیزب بوو کە بریتی بوون لەو بابەتانە:

ئەهمیەت دان بە شەخسیەتی تاکی حیزب

دروست کردنی فراکسیونی جیا جیا وەکوو ئازادی ڕادەربڕین بۆ هەموو ئەندامانی حیزب.

کۆمیسیونی چاوەدێری بەسەر بەرنامەو پیرەوی نێوخۆ

کۆمیسیونی پلان دانان کە تا ئێستا لە هیچ حیزبێکی کوردی دا نەبووە.

لـــە کۆتایی دا کاک ئەحمەد باســـی تایبـــەت مەندیەکانی کۆنگرەی کردو ئیشـــارەی بەو ئـــاڵ و گۆڕو ریفراندۆمە کرد کە لە کۆنگرە دا دەســـتی پێکردو ڕۆڵی حیزب لەو بوارەدا کە حیزبێکی سیاســـی بەردەوام دەبێ لە حالی نوێبوونەوە دا بێت.

لـــەو بـــارەوە بەچاوی رەخنـــەوە روانیە رابـــردووی حیزب و لەســـەریەک کۆنگـــرەی بە کۆنگرەیەکـــی دێموکراتیک و سەرکەوتوو وەسف کردوو ووتی وەڵام دەری چاوەڕوانیەکان بوو.

بەشی کۆتای سیمینارەکە بەشـــداری چالاکانەی هاوڕێیان بوو کە بەر پرســـیارو نەزەرو بۆچونەکانیان سمینارەکەیان دەوڵەمەنتر کرد.

پاشان لە لایەن کاک ئەحمەد عەزیزی و کاک مەولود سوارە وەڵامی پێویستی پرسیارەکان درایەوە.

لـــە کۆتایی ســـمینارەکەدا بۆ ڕێزلێنان و ئەمەگناســـی لە زەحمەت و تێکۆشـــانی دەیان ســـاڵەی بەێزان: مامۆســـتا عەبدوللە حەســـەنزادە، کاک جەلیل گادانـــی، کاک فەتاح کاویان و کاک حوســـین مەدەنی بە دەقیقەیەک هەســـتانە سەرپێ و بە چەپڵە ڕێزان وەفاداری خۆیان نیشان دا.

دوای زیاتر لە ٥ ســـەعات سیمینارکۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.



بەشدارانی سەمینارەکە لە ڕۆژی ١٢ی ئاوریلی ٢٠٠٨



هەئیەتی بەشدار لە مەراسمی چلەی مەنسور اهوازی

## بەشداری لە ڕێوڕەسمی چلەی
# مەنسور اهوازی
## لە تێکۆشەرانی حزبی همبستگی دمکراتیک اهواز
**٢٠ ئاپریلی ٢٠٠٨**

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠ ئاپریلی ٢٠٠٨ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا کاک محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا و کاک ئاسۆ شەخسە ئەندامی کۆمیتەی لەندەن بەشداری چلەی مەنسور اهوازی لە تێکۆشەرانی حیزبی همبستگی دمکراتیکی اهواز بوون. بەرنامەکە بە یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی کۆچکردو و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی نەتەوەکانی ئێران دەستی پێکرد.

پاشان بۆ ئەو ڕێو ڕەسمە کۆمەڵێک پەیام ووتار لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کەسایەتیە سیاسیەکانی ئێرانی بریتانی پێش کەش کرا لە دوو بەشدا.

پەیامی حیزبی همبستگی دمکراتیک اهواز ـ عەدنان اهوازی
پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ـ ناهید بەهمەنی
پەیامی حیزبی حرکت بیداری ازربایجان جنوبی (گاموح) محمود بلجین
پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا ـ محەممەد میراوەیی
فعالان جامعە مدنی اهواز ـ نورویژ
ووتارێک بەزمانی ئینگلیسی و عەرەبی ـ پروفسور ئیفن مک میلان

قەسیدەیەکی شیعر کۆمەڵێک پەیام ووتار لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کەسایەتیە سیاسیەکانی ئێرانی بریتانی پێش کەش کرا لە دوو بەشدا.

قەسیدەیەکی شیعر بەزمانی عەربی ـ شاعیر جەمیل وادی بەشێکی تری بەرنامەکە تەرخان کرابوو بۆ باس لەسەر وەزعی گەلانی ژێردەست لە ئێران و جیهان دا و باسی کارو چالاکیەکانی کاک منسور اهوازیان کرد.

بەڕێزان:
کاک کەریم عەبدیان
پیتێر تاچێر ڕۆژنامەنووس و چالاکی مافی مرۆڤ
دانیل بێرت ڕۆژنامەنووس
نوێنەری تەبەت لە وڵاتی چین
نوێنەری ئایالەتی سۆمالی لەند لە وڵاتی سۆمالی (ئەفریقا) ئەم ئەیالەتە ئێستا بەشێوەی سەربەخۆ بەڕێوە دەچێت بەڵام لە لایەن کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دانی پێ دا نەنراوە.
ئەم ڕێو ڕەسمە لە کاتژمێری ٢ی پاشنیوەڕۆ تا ٦ی ئێوارەی خایاند.


هەئیەتی بەشدار لە مەراسمی چلەی مەنسور اهوازی



بەشێک لە بەشدار بوونی ڕێپێوانە لە ٩ی ئەپرێلی ٢٠٠٨

## بەشداری لە ڕێپێوانی حیزبەکانی بلوچستان

# بەدژی کۆماری ئیسلامی

### لەبەر دەم بۆش هاوس (بی بی سی) ٩ی ئاپریلی ٢٠٠٨

ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی سیاسەتە دژی خەڵکیەکانی خۆی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر فشارو زەبرو زەنگ دەخاتە سەر خەڵکی تینوی ئازادی نەتەوەکانی ئێران و لە هیچ جینایەتێک لەو بوارەدا دەریخی ناکات.

لە تازەترین نموونەدا دوو مامۆستایی ئایینی بەناوەکانی مەولەوی عبدالقدوس ملازهی و مەولەوی محمەد یوسف سهرابی و بۆ ئازدی چالاکی سیاسی یعقوب مهرنهاد لە ڕۆژی ٩ی ئاپریلی ٢٠٠٨ ئیعدام کراون و تەرمەکەیان بە بنەماڵەکەیان نەدراونەتەوە.

بۆیە بە دژی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک حیزبی بلوچستانی ڕێپێوانێکی ناڕەزایان لە بەردەم بوش هاوس بی بی سی وەڕێ خست، کە لەسەر بانگێشتی ئەو حیزبانە، حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بەشداری ڕێپێوانەکەی کرد. حیزبەکانی پێک هێنەری ئەم ڕێپێوانە بریتی بوون لە:

بلوچستان راجی زرمبش

جبهە متحد بلوچستان – جمهوری خواهان

جبهە مردم بلوچستان

جنبش مبارزین بلوچ

حزب مردم بلوچستان

ڕێپێوانەکە لە کاتژمێری ٢ بۆ ٤ی ئێوارە درێژەی کێشا کە بەڕێزان ئەندامانی کۆمیتەی بریتانیا کاک فەرزاد حیکمەت و کاک یوسف بهرامی بەشداریان کرد.



بەشێک لە بەشدار بوونی ڕێپێوانە لە ٩ی ئەپرێلی ٢٠٠٨


هەئیەتی بەشدار لە مەراسمی یادی ٢٠ساڵەی ئەنفال

# یادی بیست ساڵەی ئەنفال
## شاری لەندەن
### ٢٠ ئاپریلی ٢٠٠٨


دیمەنێک لە مەراسمی ڕۆژی ئەنفال لە شاری لەندەن

ڕۆژی یەکشـــەممە ٢٠ ئاپریلی ٢٠٠٨ بۆ ڕێزگرتن لە یادی ٢٠ ساڵەی ئەنفال کردنی نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان لــە لایەن ڕژیمی کورد کوژی بەعــس، کۆڕێک لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن گیرا.

هەیئەتێکـــی حیزبی دێموکراتی کوردســـتان کە بۆ ئەم یادە بانگێشـــتن کرابوو لە بەڕێزان: کاک مەولود سوارە نوێنەری حیـــزب لە بریتانیـــا، کاک محەممەد میراوەیی بەرپرســـ کۆمیتەی حیزب و کاک ئاســـۆ شەخســـە ئەندامی کۆمیتەی لەندەن بەشداریان کرد.

سەرەتا بەشداران بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ئەنفال یەدەقیقە بە بێدەنگی ڕاوەستان و پاشان ٢٠ مۆم بۆ یادی ئەم کارەساتە لە لایەن بەشێک لە بەشداربوانەوە داگیرسێندران.

پاشـــان کۆرەکە بە خوێندنەوەو پێـــش کەش کردنی ئەم ووتارانە درێژەی کێشا.

ووتاری مەڵبندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگای کورد لە بریتانیا- مامۆستا پێشرەو

ووتاری یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان- کاک هاوار حاجی

باسێک لەسەر ئەنفال – کاک عوسمان

ووتـــاری کۆمیتەی هاوکاری حیزبەکوردســـتانیەکان- کاک محەممەد میراوەیی

پێشاندانی گۆرانی (گۆڕستانی چراکان) لە شیعری مامۆستا شێرکۆ بێکەس بە سینما ویژن.

شیعرێک بۆ یادی ئەنفال لەلایەن کیژۆلەیەکی کورد- لالان

شیعرێک لە لایەن مامۆستا دڵشاد حافیز

بیرەوەریەکی شاهیدێکی ئەنفال – کاک عەلی کاکە ڕەش

شیوەنی ئەنفال ( فیلمی دۆکیمەنتی ستافی کورد سات)

کۆڕەکە بە سروودی ئەی ڕەقیب کۆتایی پێهات.

کۆرەکە لە کاتژمێری ٦ ئێوارە بۆ ٨ی شەو درێژەی کێشا

# نمایشکردنی فیلمی سزا

## ٢٠ ئاپریلی ٢٠٠٨

ڕۆژی یەکشـــەممە ڕێکەوتی ٢٠ ئاپریلی ٢٠٠٨ کورتە فیلمێکی چیمەن ڕەحیمی دەرهێنـــەری کورد لە لەندەن بۆ کۆمەڵێک لە نزیکانی دەرهێنەرو هونەر دۆســـتانی کوردی دانیشتوی لەندەن بەناوی (سزا) پێشان درا.

(ســـزا) ناوی دوایین بەرهەمی چیمـــەن ڕەحیمی یە. فیلمەکە، فیلمێکـــی درامی ١٠ دەقیقەیە کە دەربـــارەی گیروگرفتەکانی لاوانی پەنابەرە کەلە لەندەن ژیان بەسەر دەبەن.

لەم فیلمەدا چیمەن ڕەحیمی ڕووبەڕووی کێشـــەی کوشـــتنی ئافرەتان و مەسەلەی شەرەف دەبێتەوە، بەڵام بە جۆرێکی تر و تێڕوانینێکی جیاواز لەوانەی پێشووتر.

بەو پێیەی کە چیمەن لەگەڵ نوسەرێکی ئینگلیزی بەناوی ( تۆبی تۆروەین) سیناریۆ نووس، پێکەوە سیناریۆکەیان نوسیووە کە کەسێکی شارەزاو بەتوانایە. ( تۆبی) مامۆستای سیناریۆنوسینە و ئەو وانەیە لە زانکۆی (گۆڵدســـمیس و بێرکبێک) دەڵێتەوە. سیناریۆکانی تۆبی لە لەندەن و هۆلیوودیش نیشاندراوون. ئەم هاریکاریەی نێوان هەردووکیان بۆتە هۆی ئەوەی کە سیناریۆیەکی زۆر بەهێز بێتە ئاراوە، لەڕووی نیشاندانی هێزی کاراکتەرەکان و سۆزیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و ئەکادیمی کە توێژینەوەی زۆر قوڵ دەربارەی مەسەلەی ئافرەت و کوشتن ئەنجامدراوە.

شـــایانی باسە کە چیمەن ڕەحیمی یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە بەپەنجەی دەست دەژمێررێن کە سینەمایان بەشێوەیەکی ڕاست و دروســـت خوێندووەو ( کۆلێژی لەندەن کۆمیونیکەیشـــن ی تـــەواو کردوە. هەرچەنـــدە لە دەرهێنانـــی کاری درامی ادا تاقیکردنەوەیەکی زۆری نەبووە و زیاتر خەریکی دۆکیومەنتاری بووە، جگەلەفیلمێکی درامی کەلەساڵی ١٩٩٧ بەرهەمی هێناوە. بەڵام ئەوەی نیشـــانداوە کە زۆر بـــەوردی دەڕوانێتە چەندێتی و چۆنێتـــی کارەکەی و بەوریایی و تـــێ بینی یەوە هەنگاو بۆ کارەکەی دەنێت.



چیمەن ڕەحیمی

چیمەن ڕەحیمی
لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
لە شاری سنە لە دایک بووە.
ساڵی ١٩٩١ هاتۆتە لەندەن.
لە زانکۆی (کۆلێژی لەندەن کۆمیونیکەیشـــن
دەرسی ســـینماو دەرهێنانی تەواو کردوە هەر
لەو کاتەوە درهێنەری چەندین کورتە فیلم بووە
کە دوایینیان فیلمی سزا بوو.



بەشیک لە بەشدار بوونی ڕێپێوانە لە ٢١ی ئەپرێلی ٢٠٠٨

# بەشداری لە خۆپێشاندانی

## بەردەم دەفتەری سەرۆک وەزیری بریتانیا

ڕۆژی دووشـــەممە ٢١ ئاپریلی ٢٠٠٨ لەسەر بانگێشتی حزب همبســتگی دمکراتیک اهواز بۆ معکوم کردنی جنایەتەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیســلامی ئێران، سەبارەت بــە ئیعدامی ئــەو دوایانــەی چەند تێکۆشــەری ئەهوازی خۆپێشــاندانێک لــە کاتژمێری ١٢ بۆ ٢ی پــاش نیوەڕۆ لە بەردەم ژمارە ١٠ داونینگ ستریت دا بەرێوە چوو.

خۆپێشاندەران بە ســێ زمانی عەرەبی،فارسی و ئینگلیسی دروشــمیان لە دژی کۆماری ئیســلامی داو ئیعدام کردن و ڕەشە کوژی خەڵکی بێتاوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێرانیان مەحکوم و ڕسوا کرد.

بەشێک لە دروشمەکان ئەمانە بوون:

ئازادی بۆ نەتەوەکانی ئێران

بمری شۆڤێنیزم

مردن و نەمان بۆ خامەنەی و ئەحمەدی نەژاد

ئیعدامی خەڵک ڕاگرن

بژی ئەهواز

بژی کوردستان

بژی ئازەربایجان

بژی بلوچستان

لە کۆتای خۆپێشــاندانەکە هەیئەتێکی عەرەبەکانی ئەهواز لەسەر ڕاســتیەکانی وەزعیەتی نەتەوەکانی ژێر دەستەڵاتی کۆماری ئیســلامی نامەیەکیان دایــە دەفتەری بەڕێز گۆردن براون سەرۆک وەزیری بریتانیا.

حیزبی دێموکراتی کوردســتان لە بریتانیا بە بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستان لە تەنیشت ئاڵای ئەهواز، چالاکانە بەشداریان کرد.



بەشیک لە بەشدار بوونی ڕێپێوانە لە ٢١ی ئەپرێلی ٢٠٠٨


بەشێک لە بەشدار بوونی سمینارێ کومیتەی شەفیڵد

# سمینارێ کۆمیتەی حیزب لە شەفیڵد

## شاری شفیلد (بریتانیا)

## ٢٧ ئاپریلی ٢٠٠٨

ڕۆژی یەکشـــەممە ٢٧ ئاپریلی ٢٠٠٨ بەشـــێک لە ئەندامانی حیزب لە کۆمیتەی شـــەفیڵد بەمەبەستی زیاتر ئاگادار بوون لە ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤ حیزبەکەمان سمینارێکیان پێک هێنا.

ســـەرەتا بەدەقیقەیەک وەســـتان و بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان دەستی پێکرد.

کاک عبدالله فەرامەرزی (ئیدیســـۆن) بەرپرســـی کۆمیتە حیزب لە شـــەفیڵد ئەندامانی بەخێرهاتن کردو سمینارەکەی کردەوە.

پاشـــان کاک حوسین محمەد پور ئەندامی کۆنگرەی چواردە لەسەر کارو ئاکامەکانی کۆنگرە بۆ هاوڕێیان دوا.

ئینجا کاک ئەحمەد بەرزگەر (ئەندامی کۆمیتە) لەسەر بەهێز کردنی تشـــکیلات لە ناو خۆ و دەرەوەی وڵات دوای کۆنگرە قسەی کرد.

لەبەشێکی تری ســـمینار کاک حەسەن ڕەحمانی (ئەندامی کۆمیتـــە) لەســـەر کوردەکانی قوچان و خوراســـان دوان و ئەهمیەتی پیوەندی زیاتری حیزب لەگەڵ ئەوانی بەپێویست زانی و پێشـــنیاری کرد کە زیاتر لەم پیوەندیەدا کار بکرێت.

لە کۆتایی دا کاک یاســـین مرادی (ئەندامی کۆمیتە) لەسەر ئەندام گیری و ئەرکەکانی ئەندامانی حیزب قسەی کرد.


بەشێک لە بەشدار بوونی سمینارێ کومیتەی شەفیڵد



د. کەماڵ مەزهەر مێژوو نووسی کورد ـ بەشێک لە بەرێوەبەرانی کۆڕەکە

# یادی ١١٠ ساڵەی
# ڕۆژنامەگەری کوردی

**٢٧ی ئاپریلی ٢٠٠٨**

## کۆڕێک لە ژێر ناونیشانی: ڕۆژنامەگەریی ئازاد بەرهەمی وشەی بوێرە

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ئاپریلی ٢٠٠٨ کاتژمێر ٢ بۆ ٥ی ئێوارە لە هوتێل ڕۆیاڵ گاردن لە شاری لەندەن، کۆڕێک بۆ ڕێزگرتن لە یادی ١١٠ ساڵەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی « کوردستان» بەدەستی بەتوانای بەڕێز مقداد مدحت بەدرخان لە قاهیرە پایتەختی میسر، بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی ڕۆژنامەگەری کوردی بەڕێوەچوو.

جێی ئاماژە یە کە ئەم کۆڕە لە لایەن ناوەندی کوردی « کیا» وە ئامادە کرابوو.

سەرەتا بە دەقیقەیەک ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادی هەموو ئەو ڕۆژنامە نووسانەی کە لە ڕێگای وشەو ئەدەبی ڕۆژنامەگەری کوردی دا گیانیان بەخت کردوە دەستی پێکرد.

پاشان خوشکە مینا سوارە بەڕێوەبەری ئە و کۆڕە بە شیعرێکی مامۆستا هێمن کۆڕەکەی کردەوە و بەخێرهاتنی میوانانی کردو کورتەیەک لە مێژووی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بۆ بەشداران خوێندەوە . پاشان ئەو کەسانەی کە لەو کۆڕەدا لەسەر ڕۆژنامە گەری کوردی قسەیان کرد بەئامادەبوان ناساند کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

سەرەتا ووتەی دەستەی پێک هێنەری کۆڕەکە لە لایەن کاک سامان

ووتەی کۆمکار ـ کاک ئازاد.

بەخێرهاتنی میوانە خاریجی یەکان_کاک ڕێبین.

ووتەی جێگری سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان _ کاک عەتا موفتی.

سەرەنجێک لەسەر مێژووی ڕۆژنامە نووسیی کوردی_ مێژوو ناسی بەناوبانگی کورد دوکتۆر کەمال مەزهەر.

پەراوێزێک بۆ مێژووی سەدساڵەی ڕۆژنامەی کوردی_ دوکتۆر سەعید شەمس.

ڕاگەیاندنی کوردیی کوردستانی باکوور _ دوکتۆر وڵات زێدان

کێشەی ژن و ڕۆلی ڕۆژنامەوانان _ خوشکە ناهید بەهمەنی

بۆ نێو ئاخنی ووتارەکان پارچە شێعری ژیلەمۆ لە


دیمەنێک لە بەشداربووانی مەراسمەکە

شیعرەکانی شاعیر ئەحمەد قادری لە لایەن مینا سوارە پێش کەشکرا.

ڕۆژنامەگەری لە دەورانی کۆماری کوردستاندا_ کاک ئەنوەر سوڵتانی.

ڕۆژنامەگەری کوردی لە بریتانیا دوێنێ و ئەمڕۆ_ کاک سەربەست کەرکوکی.

ڕۆژنامەی کوردی لە دەورانی تورکە لاوەکان_ مامۆستا سەباح غالب.

ڕۆژنامەگەری لەسەر ئینترنێت_ کاک پشتیوان

زەبروزەنگ لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی لە تورکیە - کاک عەلی مەناز.

تێ بینی: لەلایەن بەشدارانەوە پێشنیار کرا کە لە ساڵی داهاتوودا کۆڕیادی ١١١ ساڵەی ڕۆژنامە گەری کوردی لە قاهیرە بگیرێت، کە لە لایەن دۆکتۆر خالید سالح ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێن درا کە ئەو پێشنیارە بگەیێنێتە بەڕێز سەرۆکی حکومەت.

ئاخیر بەشی کۆڕەکە تەرخان کرا بۆ پرسیارو وەڵام کە لە لایەن بەشدار بوونەوە چەندین پرسیار کران و وڵام درانەوە.

کۆتایی کۆڕەکە خوێندنەوەی شیعرێکی مامۆستا هێمن لە لایەن خوشکە مینای بەڕێوەبەرەوە بوو.

بۆ ئەم کۆرە نوێنەرایەتی حیزب لە بریتانیا بانگهێشت کرابوو کە بەڕێزان مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا، کاک محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا، کاک یوسف بهرامی ئەندامی کۆمیتەی بریتانیا، کاک ئاسۆ شەخسە ئەندامی کۆمیتەی لەندەن و کاک عبداللە ئەمینی بەشداریان کرد


بڵاوکراوەکانی حدک


دکتۆر سەعیدی شەمس


بەشێک لە بەشدار بوونی ڕێپێوانەکە

## خۆپێشاندان لەبەردەم

# بالوێزخانەی سوریە لە لەندەن

**١ مەی ٢٠٠٨**

ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١ مەی ٢٠٠٨ کاتژمێری ٢ی دوانیوەڕۆ لە بەردەم بالوێزخانەی سوریە لە ژمارە ٨ی بیلگریف سکوێر لە لەندەن بۆ نارەزایەتی دەربڕین و یادی چلەی شەهید کردنی سێ لاوی کوردی لە شاری قامیشلو لە کاتی ئاهەنگ گێرانی جێژنی ئەمسال، کوردانی دانیشتویی بریتانیا بۆ مەحکوم کردنی دەوڵەتی دیکتاتۆری بەعسی سوریە خۆپێشاندانێکی نارەزایەتیان وەڕێ خست.

دەستپێکی خۆپێشاندانەکە یەک دەقیقە بێدەنگی و سروودی ئەی ڕەقیب و سروودی ئەی شەهیدان بوو.

هەروەها لە لایەن خۆپێشاندەرانەوە کۆمەڵێک دەرشمی دژی داگیر کەرانی کوردستان و بکوژانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد دران.

هەیئەتێکی حیزبمان بەشداری ئەو خۆپێشاندانەی کرد.

هەروەها لە کۆتایی خۆپێشاندانەکە هەیئەتێک پێک هاتووله:

پارتی دیموکراتی کوردستان

حیزبی دیموکراتی کوردستان

کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان

نامەیەکی نارەزایەتیان لەو بارەیەوە بەناوی خۆپێشاندەران دایە بالوێزخانەی سوریە.

شایانی باسە کە لە ڕۆژی نەورۆزی ئەمساڵ، لەکاتی جەژن و خۆشی نەورۆز دا کورد کوژانی ڕژیمی بەعسی سوریە دەستیان بەخوێنی سێ لاوی کورد لە قامیشلو سوور کرد.


بەشێک لە بەشدار بوونی ڕێپێوانەکە



مەولود سوارە، نوێنەری حیزب



د . شەعیدی شەمس



کوێستان گادانی

## کۆنگرەی دووهەمی
# ڕێکخراوی مافی ژنی کورد،
## مافی مرۆڤ لە بریتانیا بە ڕێوە چوو

**٣ی مەی ٢٠٠٨**

ڕێکخراوی مافی ژنی کورد،مافی مرۆڤ  کۆنگرەی دووهەمی ساڵانەی خۆی لە شاری لەندەن لە وڵاتی بریتانیا لە ڕێکەوتی ٣ی مەی ٢٠٠٨دا بەڕێوە برد.

لەم کۆبونەوەدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و چالاکانی مافی ژنان و هەروەها نۆێنەرانی حیزبە کوردستانیەکانی رۆژهەڵات بەشداریان هەبوو. جێگەی سەرنجە کە زۆربەی  ئەم بەرێزانە لە وڵاتانی دیکەی ئوروپاوە لەم کۆبونەوەدا بەشداریان کردبوو.

کۆنگرە پاش یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی هەموو گیابەختکردووانی ڕێبازی ئازادی و یەکسانی ئینسان ، بەرنامەی خۆی بەم چەشنە بە ئەنجام گەیاند.

بە شیعرێکی شاعیری گەورە وئازادیخوازی کورد،شێرکۆ بێکەس کە لە لایەن بەرێز چیمەنی رەحیمیەوە پێشکەش کرا ، پاشان بەرێز ناهیدی بەهمەنی کورتە باسێکی سەبارەت بە ناساندنی ڕێکخراوەکە و پەیرەو و پڕۆگرامەکەی  بە ئاگاداری میوانان و ئەندامانی بەشدار بوو گەیاند.

لە درێژەی بەرنامەکەدا پەیامی ڕێکخراوی ژنانی "ئازەرمێهر" کە لە شاری سنەوە ئاراستەی ئەم کۆنگرەیە کرابوو، خۆێندرایەوە .لە دووایيدا بەرێز رووفیا رەمەزانعەلی ، ئەندامی مافی ژنی کورد،مافی مرۆڤ لە سەر بارودوخی ژنانی کورد ومێژووی خۆێندەواریان و پلەی کاری و کۆمەڵایەتیان باسێکی تێرو تەسلی کردو و هەروەها داوای لە بەشداربووان کرد تا بۆ چارەسەر کردنی موشکیلاتی ژنانی کۆرد،لەوانە خۆکۆژی و کوشتنی ژنان لە کومەلگای کوردستاندا ڕێگایەکی شیاو وچارەسەرێکی خێرا ببیندرێتەوە.

لە بەشێکی تری کۆنگرەکەدا کاک فاروقی بابامیری بە نۆێنەرایەتی کۆمەڵەوە قسەی کرد و ئامادەبوونی ئەم حبزبەی بۆ داکوکی کردن لە مافی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هەموو بابەتێکەوە راگەیاند.

پەیامی بەرێز کۆیستان گادانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن ئەم بەرێزەوە بەشێکی دیکەی پڕوگرامەکەمان بوو.

پاشان کاک سەعیدی شەمس بە نۆێنەرایەتی "کۆمەڵگای یەکگرتووی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە بریتانیا"وە سەبارەت بە بارودۆخی ژنان لە کوردوستانی ڕۆژهەڵات وتەیەکی پێشکەش کرد و پێویستی پێک هێنانی ناوەندێکی بۆ لێکۆلینەوە لە سەر کێشەی ژنانی کورد خستە بەر سەرنجی بەشداربووانی کۆنگرە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەم کۆنگرەیە بانگێشتن کرابوو کە بەشداریان کرد و

بەڕێزان خوشکە کوێستان گادانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا ئامادەی کۆنگرەکە بوون.



بەشدار بووانی کۆبوونەوەکە

# کۆبونەوەی کۆمیتەی لەندەن

**٤ مەی ٢٠٠٨**

رۆژی ١ شـــەممۆ رێکەوتی ٤ مەی ٢٠٠٨ کۆبونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ بەشێک ئەندامانی حیزب لە لەندەن گیرا، کە تێیدا باســـێک لەسەر کار و ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کۆمەلێک باس و خواسی تایبەت بە کار و باری کۆمیتەی لەندەن و چۆنیەتی باشتر کردن و ئەکتیڤتر کردنی کۆمیتە خرانـــە بـــە باس، کە لەو بارەیەوە هاورێیان بیر و بۆچونی خۆیان باس کرد هەندێک پێشـــنیار خرانە بەر چاو

لە بە شـــێکی دیکەی ئەو کۆبونەوەیە دا بەرپرس و ئەندامانی کۆمیتەی لەندەن، کە هاورێیان پێیان وابو پێویســـتی بە ئال و گۆر هەیە،ســـەر لەنوێ هەلبژەردرانەوە و کۆمەلێک هاورێی دیکە بۆ ئە بەرپەسایەتیە هەلبژێدران.

لە کۆتایی دا هاورێیان بە دلگەرمی یەکی زیاتر لە هەمیشە بەلێنیان دا کە وەختی خۆیان زیاتر لە پێشوو بخەنە خزمەت حیزبەکەیان و گەلەکەیان و بە راپەراندنی ئەرکە نەتەوەییەکانیان،لە ئاستی ئەو چاوەروانیانە دابن کە   خەلکی کوردستان دوای کۆنگرەی ١٤ لە حیزبەکەی خۆیان هەیانە



وەفدی پدک و حدک لە شاری لیدز

# کۆبونەوەی کۆمیتەی لیدز

## لەگەڵ وەفدێکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان

**٤ مەی ٢٠٠٨**

سەعات ٣ دوا نیوەڕۆی ڕۆژی ١ شەممە ٤ مەی ٢٠٠٨ وەفدێکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان پێک هاتو لە بەڕێزان: کاک نزار بەرپرسی پارتی لە براتفۆرد،کاک نەزمی بەرپرسی پارتی لە لیدز و کاک ڕەمەزان لە لیژنەی لیدز، سەردانی کۆمیتەی لیدزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان یان کرد و لە لایەن کاک یاسین مەلکاری بەرپرسی کۆمیتە و کاک ڕەحیم دەستیار ئەندامی کۆمیتە و کاک حوسێن محەممەد پور ئەندامی کۆمیتەی شەفیلد پێشوازیان لێکرا بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر بەیەکەوە باس و ڕاوێژیان کرد.

سەرەتا کاک یاسین بە گەرمی بەخێرهاتنی وەفدی میوانی کرد و باسێکی گشتی لەسەر وەزعی کوردستان و گێرە و کێشەکانی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی کرد.کاک ڕەحیمی دەستیار باسێکی لە سەر پێوەندیەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و گرینگی ئەو پێوەندییە کرد و کاک حوسێنی محەممەد پور یەکێک لە بەشدارانی کۆنگرەی ١٤ باسێکی لەسەر کار و ئاکامەکانی کۆنگرە کرد.

وەفدی پارتی دیمۆکراتی کوردستانیش لە لایەن خۆیانەوە کۆمەڵێک باس و خواسی تایبەت بە وەزعی گشتی و کوردستان یان کرد و لە باس و بابەتەکان دا ئاڵ و گۆڕی بیر و ڕا کرا و بە گەرمی پیرۆزباییيان لە حیزب کرد بۆ گرتنی کۆنگرەیەکی وا سەر کەوتو و خوشحالی خۆیان لە ئاکامەکانی کۆنگرە دەر بری.هەروەها لەلایەن هەر دو لا پێ لەسەر هاو پێوەندی دۆستانە لە نێوان پارتی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا گیرا و بریاری ئەوە درا کە دەروازەیەکی نوێ بۆ پێوەندیەکی نێوان هەردولا بکرێتەوە.



وەفدی حدک و هەندێک لە پەرلەمانتاران

# ئێواره خوانێک له پارلمانی بریتانیا

## شاری لەندەن له بریتانیا

### ٦ مەی ٢٠٠٨

سەعات ٧:٣٠ ئێوارەی رۆژی ٢ شەممۆ تا ١٠:٣٠ ی شەو بۆ رێز لێنان له زەحمەت و تێکۆشانی خاتوو ڤالێری ڤێنێس له لایەن به رێز جێرێمی کۆربین ئەندامی پارلمانی بریتانیا میوانداری یەک له پارلمان ( ژوری جوبلی) رێکخرا، که تیایدا چەند ئەندام پارلمان، جەندین کەسی سەر به نەتەوه کانی کورد،وێلش،سکاتلەندی،شەرقی ، ئافریقایی،ئەندامانی لیبێر پارتی و کارمەندانی شارەداری ئنزینگتۆن و دۆستانی ئەو خاتونه بەشدار بوون.

لەو ئێواره خوانه دا چەندین کەس له سەر کار و زەحمەت و تێکۆشانی ڤالێری قسەیان کرد و بیرەوەریەکانی خۆیانیان له گەل ئەو دا گێراوه، له نێو ئەوان دابەرێزان: جێرێمی کۆربین ئەندامی پارلمان دەیڤید مەکدۆناڵ ئەندامی پارلمان خاتو جین نوێنەری شـــینفێن و هەروەها چەندین کەســی دیکه له بەشـــداران و له کۆتایی دا خاتو ڤالێری به درێژی لەسەر کار و باری خۆی له پارلمان و بیرەوەریەکانی خۆی له پارلمان و ئەو کەسانەی که کاری لەگەڵ کردون باس کردو له قسەکانی دا ئاواتی ئەوەی خواست که نەتەوەی کورد به ئاواته لەمێژینەکانی بگات و ببێته خاوەنی ولاتی سەربەخۆ. هەروەها سوپاسی هەمو ئەوانەی کرد که لەو کۆری رێزلێنانه دا بەشدار بوون.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ ئەو ئێواره خوانه بانگهێشت کرابوو که بەرێزان مەولود سواره نوێنەری حیزب له بریتانیا، محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب له بریتانیا و کاک یوسف بەهرامی ئەندامی کۆمیته بەشدار بوون.

هەیئەتی حیزب ئاڵای کوردستانیان به دیاری دا به خاتوو ڤالێری که ئەو وەکو به نرختین دیاری به میوانانی ئێواره خوانەکەی ناساند.



# دوو سمێنار بۆ خاتوو لەیلا زانا

## لەسەر خەباتی رزگاری خوازی کورد

## لە سەر رۆڵی ژنی کورد

### یەکەم سمیناری لەیلا زانا لە دانشگای سۆ واس

رۆژی هەینیـــی۲۳ مای ســـەعات ٦ تا ٩ی ئێـــوارە زانکۆی ســـۆ واس ســـیمینارێکی بۆ پارلمانتاری ئازادیخواز و ئازای کورد لەیلا زانا بۆ بەشـــێک لە مامۆســـتا و قوتابیەکانی ئەو زانکۆیە پێک هێنا،کە جگە لە مامۆستا و قوتابیەکانی زانکۆ، خەڵکێکی زۆر لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دانیشتوی لەندەن بەشدار بون.

سەرەتا بەرێز پرۆفســـۆرخاتوو ماری دەیڤید دۆستی نزیکی کورد قســـەی کرد و باسێکی ســـەبارەت بە وەزعی کورد بە گشتی و کوردستانی باکوور بە تایبەتی و لەسەر کەسایەتی بەرزی لەیلا زانا کرد.لە باسەکەی دا زۆر ئازایانە لەسەر بارو دۆخی نالەباری کورد لە ئێستا و رابردو دا دوا و بە مافی رەوای کوردانی زانی کە وڵاتی خۆیان هەبێت و لەو بارەیەوە وتی:۱۰ سال پێش کە لەیلا زانام ناسی لە کوردستانی عێراقەوە چوم بۆ کوردستانی تورکیە«من نەدەبوایە بلێم کوردستانی عێراق چونکە ئەوێ کوردستانە نەک عێراق

پاشـــان لەیلا زانا چوو بۆ پشتی تریبون وتارێکی بە پێزی سەبارەت بە مەسەلەی کورد و مافەکانی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان کرد و لەو وەزعیەتە کەخەلکی کورد لا رابردو ئێســـتا دا هەبیوە و هەیە، سەرنجی بەشدار بوانی راکێشا و داوای لە هەمو لایەک کرد کە لەوە زیاتر دنیا لە بەرابەر ئەو پێشێلکاریانە کە دەرهەق بە گەلی کورد دەکرێن،بێدەنگ نەبێت. شایانی باسە کە لەو سیمینارە دا رێزێکی تایبەتی لە خاتو لەیلا زانا گیرا کە وەکو سیاسەتمەدارێکی ئازا و نەترس لە ناو پارلمان و پانتایی سیاســـەتی ســـەرکوتگەری رێژیمی فاشیســـتی تورک، داوای مافە رەواکانـــی گەلەکەی کردوە، ســـەرەرای ئەوە کە هەمیشە هەرشـــەی لێکراوە و سالانێکی زۆری لەچالە رەشەکانی تورکیا دا سەربەرزانە بەسەر بردوە. لە کۆتای دا فیلمێکی دۆکیمنت لەسەر ژیانی لەیلا زانا نیشان درا.

هەروەها لەم ســـمینارەدا دەقی ترجمە کراوی کومیســـونی تشـــکیلات بەزمانی ئینگلیسی لەمەر شـــەهید بوونی کاوە عەزیزپوری لەنێو بەشـــداربوان بلاو کرایەوە و نوسخەیەکیش درا بە لەیلا زانا.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بۆ ئەم سمینارە بانگێشتن کرابوو کە بە رێزان محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا و ئاسۆ شەخسە ئەندامی کۆمیتەی لەندەن بە نوێنەرایەتی حیزب بەشدار بون.



وەفدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ خاتوو لەیلا زانا

## دووەم سیمیناری بەڕێز خاتوو لەیلا زانا لە سەر رۆڵی ژنی کورد

سیمیناری بەڕێز خاتوو لەیلا زانا لە سەر رۆڵی ژنی کورد لە دیالۆگ،گێڕەو کێشەکانی هەلاواردنی ژنان و چاکسازی بۆ ئەو گێرە و کێشانە و تێکۆشانیان بۆ ئاشتی و دیمۆکراسی.

رۆژی شـــەممۆ رێکەوتی ٢٤ی مای ٢٠٠٨ ســـەعات ١:٣٠ تا ٥ی ئێوارە ســـیمینارێک بۆ کەسایەتی ناسراوی کورد خاتوو لەیلا زانا لە گاردن کورت چامبێرس گیرا، کە تیایدا سەرەتا خاتوو مارگرێت ئۆو ێن لە ســـەر کەسایەتی خاتوو لەیلا زانا بە درێژی قسەی کرد . پاشان خاتوو زانا بە وردی لە سەر رۆڵی ژنی کورد لە هەمو بوارەکانی ژیان دا بە تایبەت لە سەر رۆڵی ژنی کـــورد لە بەربەرەکانی دژی دوژمنانی گەلی کورد بۆ بەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دیمۆکراسی کرد و چەندین نمونەی لە ژنانی ئازای کورد وەکو لەیلا قاسم هێنایەوە و هەروەها باسی رۆلی ژنی کوردی لە ناو کۆمەڵگا دا کرد کە چۆن شان بە شانی پیاوان بۆ بژیوی ژیان زەحمەتیان کێشاوە و تێکۆشانی ژنان بۆ بەدەست هێنانی مافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان لە ناو کۆمەڵ دا خستە بەر باس.

هەروەها لەو سمیمینارە دا چەندین کەسایەتی ژنی کورد و ئینگلیسی ســـەبارەت بە کێشەی ژن بە گشتی و ژنی کورد بەتایبەتی وتار و بابەتیان پێشکەش کرد، لە وانە:

خاتوو دکتۆر سوزان برۆو شارەزای یاسای نێونەتەوەیی

خاتوو دکتۆر کاترین برانس تەحلیل گەری سیاسی

خاتـــو راچڵ بێرتو جێگری بەرپرســـی پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد

خاتوو هۆزان مەحمود وتەبێژی ئۆرگانی ئازادیی ژنی عێراق

خاتوو هانا رۆت بروکس پارێزەر

خاتو مونیرە مفتیزادە

دوا بەشی سیمینار پرســـیاری بەشداربوان بوو کە لە لایەن خاتو لەیلا زانا و وتە بێژەکانی دیکەوە وەلام درانەوە.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردســـتان لە بریتانیا بۆ ئەم ســـمینارە بانگێشـــتن کرابوو کە بە رێزان محەممەد میراوەیی بەرپرســـی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا و فەریدون معروفی ئەندامـــی کۆمیتەی بریتانیا بە نوێنەرایەتی حیزب بەشدار بون.

لە نێوان دوو بەشی سیمینارەکە دا هەیئەتی حیزب چاویان بە خاتوو لەیلا زانا کەوت.


وەفدی حدک و ینک لە یادەکەدا..








## بەشداری لە یادی دامەزرانی ٣٣ ساڵەی

# یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان

**١ی جون ٢٠٠٨**

ڕێکەوتی ١ی جــون ٢٠٠٨ کاتژمێری ٧ی ئێوارە یادی ٣٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لە ئارنێم گالیری ساڵۆنی فێرفیلد لە شاری کرۆیدۆن یاد کرایەوە.

ســەرەتا کاک هاوار حاجی بەرپرسی یەکیەتی نیشتیمانی کوردســتان لــە بریتانیــا بەخێرهاتنی حیــزب و لایەنە سیاســیەکان و هەروەها بەشدارانی ڕێو ڕەسمەکەی کرد،دوا بەدوای بەڕێزیان خاتوو شــاناز ئیبراهیــم ئەحمەد ووتاری مەکتەبی بەریتانیای یەکیەتی نیشتیمانی کوردستانی پێش کەش کرد

پاشــان لە لایــەن بنەماڵەی شــەهیدان و نوێنەری حیزبە سیاسیەکان ٣٣ مۆم کە بەم بۆنەوە دانرابوون هەڵکران.

ئەم ووتارانەش پێش کەش کران:

پەیامی پارتی دیموکراتی کوردســتان بەرێز کاک شــێرکۆ حەبیب ووتاری یەکگرتویی ئیسلامی بەرێز کاک محەممەد

پەیامــی حیزبی دیموکراتــی کوردســتان کاک مەحمەد میراوەیی

بروسکەی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.

پەیامی مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن

و هەروەهــا هێندێــک پەیامی تری کرتەکانــی ی.ن.ک لە بریتانیا

و بەشــێک فیلم و دۆکیمەنت لە کاتی چالاکیەکانی شاخ و دەورانی پێشمەرگایەتی نیشان دران.

هونەرمەندان خوشکە گەوهەر، سەباح ڕەواندوزی و کەماڵ عەلی بەرنامەکەیان بە سرودو گۆرانی و هەڵپەرکێ ڕازاوەتر کرد.

نوێنەرایەتــی حیزبی دیموکراتی کوردســتان بۆ ئەم یادە بانگێشتن کرابوو کە هەیئەتێکی حیزب پێک هاتوو لە بەرێزان: مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا، محەممەد میراوەیی بەرپرســی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا و لوقمان معروفزادە بەشداریان کرد.


بەڕێز سارا مەکارتی


بەشداربووانی کۆبوونەوەکە ...

# کۆبونەوەی پارلمان

## لەلایەن کۆمەڵەی کوردی پۆرتسمس

### بۆ بەڕێز سارا مەکارتی فرای ئەندامی پەرلمانی بەریتانیا

لەلایەن کۆمەڵەی کوردی پۆرتســـمس کۆبونەوەیەک ســـاز درا لە پەرلەمانی بەریتانیا بۆ بەڕێز سارا مەکارتی فرای ئەندامی پەرلمانی بەریتانیا لە حیزبی لیبرپارتی و هەروەها گاری کێنت مشاوری لە کاروباری سیاسی پارلمان دا.

بەڕێز خاتوو ســـارا کە لەگەڵ چەند پارلمانتری دیکەی بریتانیا ســـەردانی کوردســـتانیان کردبوو لەسەر داوای ئەم کۆمەڵگا کوردیە کۆبونەوەیەکی لەمەر ســـەفەرەکەیان لە یەکێک لە ســـاڵۆنەکانی پارلمان لە وێســـت منستر کردو ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و دۆستانی کورد بەشدار بوون.

ســـەرەتا بەڕێزیان لەمەر ســـەفەرەکەیان دوان و لەسەر دەسکەوت و کەم کوریەکان و هەروەها دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەزیران و پارلمانترانی کوردستان، رۆژنامەنوسان ،بنکەکەو بنیادەکانی ژنان، رۆژنامەنووســـان و.......... دیدار و چاوپێکەوتن بکات و بەگشـــتی ســـەفەرەکەیان زۆر بە سوود هەلسەنگاند و دەستکەوتەکانی کوردستانی لەبارەی دێمۆکراسی و ئابووری بەرز نرخاند و وتی کە عێراق دەبێ هەرێمی کوردستان بکەنە هەوێنی پێشکەوتنەکانی خۆیان.

پێویستە بگوترێ کە لە داهاتوو دا لەگاڵ وەفدێکی پایە بەرزی پارلمانی بریتانیا جارێکی دیکە سەردانی کوردستان بکات. خاتوو سارا پێی وایە کە دەبێ زیاتر کۆمپانیاکانی بریتانیایی سەرمایە گوزاری لە کوردستان بکەن و پێوەندی نێوان کوردستان و بریتانیا لە بوارە جیاجیاکانی وەکو خوێندنی باڵا، بازرگانی، وەرزش و هتد پەرە پێ بدرێ.

بەشێکی دیکەی ئەو کۆبونەوەیە تەرخان کرابوو بۆ پرسیار کردنی بەشداران کە لە خاتو سارا و گاری کێنت، کە لە لایەن هەردووی ئەو بەڕێزانە وڵامی پێویستیان درایەوە.

نوێنەرایەتی حیزب لە بریتانیا بۆ ئەم کۆبونەوەیە بانگێشـــتن کرابوو کە بەڕێزان مەولود ســـوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا و محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا بەشدار بوون.



بەشێک لە کۆرەکە ـ دەشتی جەمال کۆرگێر

## سمینارێک سەبارەت بە

# کارو باری پەنابەری

## لە شاری شەفیلد

**٣ی جونی ٢٠٠٨**

رۆژی ٣ شـــەممۆ ٣ی جونی ٢٠٠٨ کۆمیتەی شەفیلدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە هاوکاری کۆمەڵگای کوردی شـــاری شەفیلد، سمینارێکیان بۆ کاک دەشتی جەمال بەرپرسی فدراسیۆنی پەنابەرانی عێراق پێک هێنا . بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شـــەهیدان، کاک ئەدیســـۆن بەرپرســـی کۆمیتەی شەفیلد سمیناری کردەوە .

ئینجا کاک دەشتی باسەکەی خۆی کە تایبەت بو بە کارو باری پەنابەری و ئەو گێرە و کێشانەی کە بۆ پەنابەرانی کورد لە وڵاتی بریتانیا هەن و دەبن پێشکەش کرد .

پاشان لە لایەن بەشدارانی ئەو سمینارە کۆمەڵێک پرسیارونەزەر بۆچون خرانە روولە لایەن کۆرگێر وڵام درانەوە . هەروەها ســـمینار داوای کرد کە دەبێ فشار بخرێتە سەر وەزارەتی ناو خۆی بریتانیا بۆ باشتر کردنی وەزعیەتی پەنابەران و پەنابەرانی کورد نەگەرێنرێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

کۆبونەوەکە لە کاتژمێری ٢ی تا ٤:٣٠ دوا نیوەڕۆ درێژەی کێشا .



بەشێک لە خۆپێشاندەران و هەئیەتی حدک

# بەشداری لە خۆپێشاندان لەبەردەم سەفارەتی سوریە

٦ی جونی ٢٠٠٨

رۆژی هەینی ٦ی جون کاتژمێری ٢ بۆ سێ و نیو لەلایەن کوردەکانی سوریە لەبەردەم سەفارەتی سوریە بۆ مەحکوم کردنی رێژیمی بەعسی سوریە ، سەبارەت بە شەهید کردنی شێخ مەعشوق غەزنەوی خۆپێشاندانێکی نارەزایی وەرێخراو دروشم بە دژی دەوڵەتی فاشیستی سوریە دران.

لەو خۆپێشاندانە دا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوی لەندەن بەشدار بون، قسەکانی شێخ مەعشوق کە ماوە یەکی کورت پێش شەهید بونی لە خۆ پێشاندانێکی بەرینی جەماوەری دا لە کوردستانی بن دەستی سوریە بە دژی زوڵم و زۆری رێژیمی سەرەڕۆی بەعس وەرێخرابوو،بڵاو کرانەوە.

پێویستە بگوترێ کە ٣ ساڵ لەمەوبەر مامۆستا شێخ مەعشوق غەزنەوی، لەسەرئەو وتارە کە پێشکەش بە خۆ پێشاندەرانی کردبوو، زیندانی کراو لە ژێر شکەنجەی جەللادەکانی بەعس دا، شەهید بوو.

کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا چالاکانە بەشداری ئەو خۆ پێشاندانە بوون.



بەشێک لە خۆپێشاندەران و هەئیەتی حدک

# پەیامی هاودەردی
## بەبۆنەی کۆچی نابەوەختی هاوڕێی لە دەست چوومان
## کاک مەلا خدر دۆلەگەرمی

بـــە داخەوە ئـــاگادار بوین کە بەرەبەیانی ڕۆژی ٦ ی جونی ٢٠٠٨ لە وڵاتی نۆرویژ، دڵی گەورەی مامۆســـتا خدر عومەرزادە بە هۆی نەخۆشـــی لە لێدان کەوت و ڕێگای خەباتی بە هاورێیانی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان سپارد.

مامۆســـتا خدری عومەر زادە یەکێک لەو ڕۆلە تێکۆشـــەرانەی حیزب و گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردســـتان بوو، کە بە شـــی هەرەزۆری تەمەنی خۆی و بنەماڵە کەشـــی، بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمانی بە ئاوات نەگەیشتوی تەرخان کرد و لەو پێناوە دا لەگەڵ هەموو تەنگ و چەڵەمەکانی ڕێگای سەختی خەبات، بەبەرەکانی کرد و قەت بە چۆک دا نەهات.

ئێمە هاورێیانی مامۆســـتا خدر لەوڵاتی بریتانیا بۆ لەدەست دانی ئەو ئازیزەمان بە داخین ویادی مامۆســـتا هەمیشە لە دلّمان دا زیندو ڕادەگرین و وەفادار بە ڕێگاکەی، تا وەدیهاتنی ئاواتەکانی ئەو و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان دەمێنینەوە.

هەروەها بەو بۆنەیەوە لە هەمو هاورێیانی حیزب بە گشـــتی و بنەمالەی بەرێزی مامۆســـتا خدر عومەر زادە بە تایبەتی،بە دلّ سەرەخۆشی دەکەین و لە خەم و پەژارەیان دا خۆمان بە شە ریک دەزانین.

سڵاو لە گیانی مامۆستا خدر و هەمو شەهیدانی کوردستان.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان
کومیتەی بریتانیا
٧ی جونی ٢٠٠٨


بەشداربووانی کۆبوونەوەکە و  هەیئەتی حدک

# کۆبوونەوەوەی حیزبە کوردستانیەکان
## لە شاری لەندەن
### ٧ی جونی ٢٠٠٨

ڕۆژی شەممۆ ٧ی جونی ٢٠٠٨ لە شاری لەندەن لە بریتانیا نوێنەرانی حیزبە کوردستانیەکان کۆبونەوەیەکیان پێک هێنا. لەو کۆبونەوەیە دا کە بە مەبەســتی پێداچونەوە  بە کارەکانی چەند مانگی ڕابردو و هەروەها بەرنامە و پلانی کار و هاوکاری لە داهاتو دا پێک هاتبو، تێیدا پوختەیەک وەکو ڕاپۆرت لە کار و بارەکانی چەند مانگی ڕابردو لەلایەن کاک تاهیر نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان  پێشکەش کرا. پاشان هەر کام لە نوێنەرانی حیزبەکانی کوردستان نەزەر و پێشنیاری خۆیانیان باس کرد.

 هەرچەند پێشــتر لەسەر ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە جیا لە گەل حیزبە کوردییەکان باس کرابوو، بەڵام لەو کۆبونەوەیە دا جارێکی دیکە لەســەر کۆنگرە و ئاکامەکانی، بەتایبەت سەبارەت بە ئاڵ و گۆڕەکان و ئەو جیاوازیەی کە کۆنگرەی ١٤ لەگەڵ کۆنگرەکانی پێشوی حیزب هەیبوو بۆ نوێنەرانی لایەنەکان باس کرا.
لە لایەن بەشــدارانی کۆبونەوە کۆمەڵێک پرســیار لە ســەر هەندێ باس و بابەتی کۆنگرە کرا کە لەلایەن نوێنەری حیزب ولامیان درایەوە.
لە بەشێکی دیکەی کۆبونەوکە دا کاک محەممەد نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەسەر تازەترین کۆنگرەی ئەو حیزبە بۆ بەشداران قسەی کرد و هەندێ ئاڵ و گۆڕی باس کرد کە لەو کۆنگرەیە دا لە ڕێبەری و لە سیاسەتی ئەو حیزبە دا کراون و کۆنگرەی بە سەرکەوتوویی وەسف کرد.


هەئیەتی حدک بەشدار لە یادەکەدا

# بەشداری لە یادی ٣٣ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

## ٨ی جونی ٢٠٠٨

ڕۆژی یەکشـــەممە ٨ی جونی ٢٠٠٨ لە سەر بانگهێشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان،هەیئەتێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردســـتان، پێکهاتو لە بەڕێزان هیوا ڕەزایی بەرپرســـی تەشکیلاتی حیزب لە بریتانیا، ســـەباح ڕەحمانی بەرپرســـی کۆمیتەی بێرمینگهام،کەریم فێردۆسی و تاهیر مورتەزازادە ئەندامانی کۆمیتە،بەشـــداریان لە ئاهەنگی یادی ٣٣ ساڵی دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شاری بێرمینگهام کرد.

سەرەتا لە لایەن نوێنەری حیزبە کوردستانی یەکان ٣٣ مۆم بەو بۆنەیەوە هەڵکران.پاشان پەیامی ئەو حیزبانە پێشکەش بەوە یادە کران کە بەم شێوەیە بون.

پەیامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

پەیامی پارتی دیمۆکراتی کوردستان

پەیامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان_ سەباح ڕەحمانی

پەیامی پارتی یەکێتی دیمۆکراتی کورد لە سوریە

پەیامی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان


بەرێز ئان کلود ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا و مەولود سوارە نوێنەری حدک

# ڕسپشنێک بۆ یادی ٣٣ ساڵەی دامەزرانی ی.ن.ک لە پارلمانی بریتانیا

**٩ی جونی ٢٠٠٨**

ئێوارە کات ژمێری ٧ بۆ ٩ی شەو ڕێکەوتی ٩ی جونی ٢٠٠٨ بەشێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوی لەندەن و نوێنەرانی بەشێک لە حیزبە سیاسیەکان و کەسایەتی بریتانی بۆ ئەم یادە بانگێشتن کرابوون.

پێشەکی شاناز ئیبراهیم ئەحمەد نوێنەری یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لە بریتانیا بەخێرهاتنی میوانەکانی کردو داوای لە بەرێز ئان کلود ئەندامی پارلمان و نوێنەری حکومەتی بریتانیا لە بەغدا بۆ مافی مرۆڤ کورد کە بەم بۆنەوە ووتەیەک پێشکەشی میوانان بکات. دوا بەدوای ئان کلود، شاناز خان ووتەیەکی پێشکەشی میوانان کرد.

لەم ڕسێپشنەدا هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزب لە بریتانیا پێک هاتوو لە بەرێزان مەولود سوارە و محەممەد میراوەیی توانیان لەگەڵ چەندین کەسایەتی کوردو خاریجی دیدارو چاوپێکەوتنیان بێت، کە لە نێویان دا وەک بەرێز ئان کلود و هەروەها دۆک مەکمیلان سکرتێری تایبەتی ئەندامانی پارلمان لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا.



فەلاح مستەفا ـ مەولود سوارە



کۆرگێڕەکان لە کۆبوونەوەکەدا

# کۆبونەوەی
# «پێش بینی داهاتووی کوردستان»
# لە پارلمانی بریتانیا

ڕۆژی ســێ شــەممۆ ١٧ جونی ٢٠٠٨ کاتژمێری ٦ی ئێوارە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردســتان لە بریتانیا، کۆبونەوەیەکــی بۆ بەڕێز کاک فەلاح مســتەفا بەکر بەرپرســی پیوەندی یــە نێونەتەوەییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەئامادەبوونی خاتوو بەیان سامی عبدالرەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بریتانیا وەرێخست؛ کە تیایدا سارا مەکاسی فرای، دەیڤ ئەندرسۆن و ئیریک جۆیس ئەندامانی پارلمان و گاری کێنت مشاور لە کاروباری سیاسی لە پارلمان بەڕێوەچوو، کە بەشێک لە حیزبەکوردستانیەکان و کوردانی دانیشتوی لەندەن و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی حکومی و لۆرد و هەروەها چەندین ڕاگەیاندنی کوردی و خاریجی وەک ڕۆژنامەی گاردیەن و ئیکۆنۆمیســت بەشــدار بوون.

لەبەشــێکی ووتەکانی کاک فەلاح باســێکی گشتی لەسەر کوردستان وئەو دەسکەوت و پێشکەوتنانەی دوای ڕوخانی ڕژیمی بەعس بەخۆیەوە بینیون. هەروەها ئاماژەی بەگەڵاڵەی ستێفن دێمیستورا نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان لە عێراق کرد کە بەشێکی زۆری لە خاکی کوردستان لەخۆ نەگرتووە بەبێ لەبەر چاوگرتنی هەست و خواستی خەڵکی کوردستان ئامادە کراوە، کە خەڵکی کوردســتان نابێ ڕازی بەو گەڵالەیە بن و بۆگۆڕینی دەبێ کاری جدی بکەن. بەشــێکی تری کۆبونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ پرسیارو وەڵام کە بەشداربوان لە کاک فەلاح و ئەندامانی پارلمانی بریتانیایان کرد. هەروەها ئەو هەیئەتە لە پارلمانتەرانی بریتانیایی کە سەردانی کوردستانیان کردبوو، ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلیان ئامادە کردبوو بە شێوەی دۆکیومێنت کە پێش کەشی بەشدارانی ئەو کۆبونەوەیە کران.

لەلایــەن نوێنەرایەتــی حکومەتی هەرێم، حیزبی دیموکراتی کوردســتان بۆ ئەم کۆبونەوەیە بانگێشــتن کرابوو، کە هەیئەتێکی حیزب بەشداری کرد.


هەئیەتی حدک لەگەڵ باری شێرمان

## دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ

# باری شێرمان

### ئەندامی پارلمانی بریتانیا و نوێنەری شاری مانچستەر

ڕێکەوتی ٢٠-٦-٢٠٠٨ هەیئەتێکی کۆمیتەی مانچســـتەری حدک کە پێک هاتبوو لە بەڕێزان ڕزگار قادرزادە ئەندامی کۆمیتەی بریتانیا و بەرپرســـی کۆمیتەی مانچستەر،ئاراز ڕەسوڵی و لوقمان عەلیزادە ئەندامانی کۆمیتەی مەنچستەر سەردانی Barry Sheermman ئەندامی پەرلەمانی بریتانیا و نوێنەری شاری هادرسفیلّیدیان کرد.

لەو دیدارەدا کە نزیک بە کاتژمێرێکی خایاند، تیایدا، لە ســـەر مێژوو و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، گۆرانکاریەکانی لە کۆنگرەی ١٤ ، کارو چالاکیەکانی حیزب لە وڵاتی بریتانیا، مەســـەلەی مافی مرۆڤ و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە نەتەوەی کورد و کوشتن و گرتنی ئەم دواییانەی ئازادی خوازان و ڕۆژنامەنوسانی ئێرانی لە ناوخۆی وڵات بە شـــێوەیەکی گشتی باســـی لێوە کراو کورتەمێژوویەکی حیزب و ڕاپۆرتێک لەسەر کۆنگرەی ١٤ هێندێک بەڵگەنامە لە سەر دوایین جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی پێشکەش بە بەڕێزیان کرا



# ديدارو چاوپێکەوتنەکانی

# بەڕێز کاک خالید عەزیزی

## لە بریتانیا (لەندەن)



دیدارو چاوپێکەوتنی لە دەفتەری ئان کلود ڕێکەوتی ١٨ جون کاتژمێری ١٢ لە پارلمانی بریتانیا،لەگەڵ بەرێزان: نیکۆل پیچن لە بەشی مافی مرۆف وجێگری ئانکلود و داک مەکمیلان ئۆفیسەری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بۆ ئەندامانی پارلمان لەسەر مافی مرۆڤ.

ڕێکەوتی ١٩ جون کاتژمێری ١٠ و ٤٥ دەقیقە لە هاوسی لۆردەکان دیدار لەگەڵ لۆرد کۆربیت

ڕێکەوتی ١٩ جون کاتژمێر ١٢:٣٠وتوویژ لەگەل رادیۆ بی بی سی (بەشی فارسی)

ڕێکەوتی ١٩ جون ٢٠٠٨ لە هاوسی لۆردەکان دیدار لەگەڵ لۆرد کلیمنت جۆن

ڕێکەوتی ١٩ جون ٢٠٠٨ لە پارلمان بریتانیا دیدار لەگەڵ جێرمی کۆربین ئەندامی پارلمان

ڕێکەوتی ١٩ی جون وتووێژ لەگەڵ مینا ئەلعۆرەیبی لە ڕۆژنامەی الشرق الاوسط

ڕێکەوتی ١٩ی جون دیدار لەگەڵ بەرێز فرخ نگهدار لە بەرێوەبەرانی رێکخراوی چریکەکانی فیدای اکثریت.

ڕێکەوتی ٢٠ جون کاتژمێری ١٢:٣٠دیدار لەگەڵ لویس ئەیالا سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست.

ڕێکەوتی ٢٠ جون کاتژمێری ٣ی پاش نیوەڕۆ دیدار لەگەڵ لۆرد ئێریک ئیڤبری

هەیئەتی حیزبی لەو دیدارو چاوپێکەوتنانە لەگەڵ ئەندامانی پارلمان و لۆردەکان و دۆستانی کورد لە بریتانیا هەوڵی دا کە تێبکۆشێ سەرنجی دەسەڵاتدارانی بریتانیا بۆ سەر کێشەی کورد لە ئێران و مەسەلەی مافی مرۆڤ و دێموکراسی ڕابکێشێ. هەروەها باس لەوە کرا کە نابێت دونیای دەرەوە لە کیشەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران دا مەسەلە سەرەکیەکانی











پیوەندی دار بە دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ لەبیر بکات و پێشنیار کرا کە لە دەستوری کاری کیشەی یوئێن و دونیای دەرەوە وەک خالێک لە تەنیشت مەسەلەی ئەتۆمی دابنرێت.

لەبەشـــێکی دیکەی پرۆژەی کاری دیپلۆماســـی دا هەروەها جەخت کراوە کە فشـــار بخرێتە سەر وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کە ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان ئەم بابەتە بخەنە نێو ئەجێندای کاری خۆیان.

لەبەشێکی تری داواکانی وتەبێژی حیزب دا جارێکی دیکە داوا کرا کە پارلمانی بریتانیا هەوڵ بدا لە داهاتوودا کێشەی کورد لە ئێران و مەســـەلەی دێموکراســـی زۆرتر بێنێتە نێو دەســـتوری کاری خۆی و هەر لەم پیوەندیەدا داواکرا کە کۆبونەوەیەکی بەرین لە پارلمانی بریتانیا بۆ ئەو بابەتە پێک بهێنرێت.

لەگەڵ ئەنترناسیونالی سۆسیالیست باس لە کۆنگرەی ١٤ی حیزب و هەروەها چۆنیەتی پیوەندی و عەلاقاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەنترناسیونالی سۆسیالیست کرا.

لەبەشـــێکی تری دیداری هەیئەتی حیزب و بەرێز لویس ئەیالا باس لەوە کرا کە چۆن ئەنترناسیونالّ دەورێکی چالاک تری هەبێت لە ئێران و کوردستاندا.





سمینارێک بۆ حیزبە کوردستانی یەکان و کوردانی دانیشتوی لەندەن ودەوروبەر







## سمینارێک بۆ حیزبە کوردستانی یەکان و کوردانی دانیشتوی لەندەن ودەوروبەر

ڕێکەوتی ۲۰ی جون کاتژمێری ٦ بۆ ۹ سمینارێک بۆ حیزبە کوردستانی یەکان و کوردانی دانیشتوی لەندەن ودەوروبەر

لەو سەمینارەدا باسێکی تێرو تەسەل لەسەر ئێران و کوردستان کراو هەروەها کێشە هەنوکەیەکانی پیوەندی دار بە ئێران لە ئاستی نێونەتەوەی و ناوچەی و ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتە بەرباس و لێکدانەوە.

لەبەشێکی تری کۆبونەوەکەدا بەشدارانی سمینار، کۆمەڵێک پرسیارو ڕەخنەو تێ بینی و پێشنیاریان خستە ڕوو

ڕێکەوتی ۲۰ی جون کاتژمێری ۹و نیو کۆبونەوە لەگەڵ هەیئەتی ئیجرایی و نوێنەرانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

لەو دانیشتنەدا باسێکی بەربەرین لەسەر گرتنی کۆنگرەی ١٤ و پەیامی کۆنگرە سەبارەت بە لێک نیزیک بوونەوە و هاوکاری هێزەکانی ئێرانی و کوردستانی کرا هەروەها ڕاگەیاندرا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نۆبەی خۆی تێدەکۆشێ زەمینەی گونجاو و لەبار بۆئەم مەبەستە دروست بکات.

هەروەها هێندێک دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردانی بەڕێز کاک خالید عەزیزی وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی حیزب کاک مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا و کاک محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا هاورێیەتی بەڕێز کاک خالید یان کرد.



هەئیەتی بەشداری حیزب لە مەراسمەکادا

# کۆمەڵگای یەکگرتووی کوردی ڕۆژهەڵات و ناوەندی چاک
# یادی ٢١ ساڵەی شیمیایی بارانی شاری سەردەشت

ڕۆژی هەینی ٢٧ جونی ٢٠٠٨ "کۆمەڵگای یەکگرتوی کوردی ڕۆژهەڵات" و "ڕێکخراوی چاک" بۆ یادی شیمیایی باران کردنی شاری سەدەشت لە لایەن فرۆکە شەڕ کەرەکانی ڕێژیمی کورد کوژی بەعسی عێراق،کۆڕێکی بۆ بە ڕێزان دکتۆر سەعید شەمس، کاک شۆڕش حاجی و کاک عەلی ڕەحیمی لە زانکۆی سۆاس لە شاری لەندەن لەبریتانیا، پێک هێنا .
ڕۆژی هەینی ٢٧ جونی ٢٠٠٨ "کۆمەڵگای یەکگرتوی کوردی ڕۆژهەڵات" و "ڕێکخراوی چاک" بۆ یادی شیمیایی باران کردنی شاری سەدەشت لە لایەن فرۆکە شەڕ کەرەکانی ڕێژیمی کورد کوژی بەعسی عێراق،کۆڕێکی بۆ بە ڕێزان دکتۆر سەعید شەمس، کاک شۆڕش حاجی و کاک عەلی ڕەحیمی لە زانکۆی سۆاس لە شاری لەندەن لەبریتانیا، پێک هێنا .


کۆرگێرانی ڕێمورەسمەکە


هەئیەتی حیزب و بەڕێوەبەرانی یاریەکە

# خولی تۆپی پێ هاوڕێیانی
# یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

ڕۆژی ٢٩ جونی ٢٠٠٨ خولێکی تۆپی پێ لە شاری لیدز_بریتانیا بە بۆنەی یادی ٣٣ سالەی دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو کێبهرکێ یە دا هەیئەتێکی حیزب لە لیدز بەڕێزان کاک ڕەحیم دهستیار،شێرکۆ پەروەرش،محمەد حەسەن نەژاد،ئەحمەد میری شکار و بەرپرسی کۆمیتە کاک یاسین مەلکاری بەشداریان کردو پیرۆزبایان لە هاوڕێیانی یەکیە تی نیشتیمانی کوردستان کرد. و ئەم خولە لە فەزایەکی گەرمی کوردانە و دۆستانە دا بەڕێوە چوو و بو بە مایەی خۆشحالی کوردانی دانیشتوی شاری لیدز.


دیمەنێک لە یارییەک



دیمەنێک لە بەشداربووانی مەراسمەکە

# یادی ڕۆژی پەنابەر
## لە شاری شەفیڵد بریتانیا

ڕۆژی سێ شەممۆ ٢٤ جونی ٢٠٠٨ کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەشاری شەفیڵد بە هاوکاری کۆمەڵگای کوردی ئەو شارە،ڕێو ڕەسمێکیان بە بۆنەی ڕۆژی پەنابەر پێک هێنا .لەو بۆنەیە دا کە ژمارەیەک لە ئەندمانی حیزب و کوردانی دانیشتوی شاری شەفیڵد و ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی بریتانی ئامادەی بوون،باسی کار و کێشەی پەنابەری لە بریتانیا بۆ بەشداران کرا.

بەشـــێکی دیکەی ئەو یادە شـــایی و هەڵپەرکێی کوردی بە جل و بەرگی جوان و ڕەنگاو ڕەنگی فۆلکلۆری کوردی پێشـــکەش کرا، کە جێگای خۆشـــحاڵی میوانانی ئەو یادە بوو.هەروەها ئێوارە خوانێکیش هەر بەو بۆنەیەوە بۆ بەشدارانی ئەو یادە ئامادە کرابوو.

ئەو ڕێو ڕەسمە لە کاتژمێر ٦ تا ٩ ئێوارە درێژەی کێشا و بو بە مایەی خۆشحاڵی بەشدار بوان.



دیمەنێک لە بەشداربووانی مەراسمەکە

# شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## بەشداری لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست دەکا












لەسەر بانگهێشتنی رێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز خالید عەزیزی بەشداری لە ٢٣هەمین کۆنگرەی ئەم رێکخراوەیە لە یونان کرد.

ئەمڕۆ دووشەممە، ١٠ی پووشپەڕ لە شاری ئاتێنی پێتەختی ولاتی یونان ٢٣هەمین کۆنگرەی رێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. ٢٣هەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست کە ئەمڕۆ کاتژمێر ١٠ی پێشنیوەڕۆ کرایەوە بە دەیان حیزبو رێکخراوی سوسیالیستو دێموکراتو ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی جیهان تێیدا بەشدار بوون.

لەسەر بانگهێشتنی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان خالید عەزیزی وتەبێژی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو مەولود سوارە جێگری کومیتەی ناوەندیو بەرپرسی کاروباری حیزب لە ولاتی بریتانیا لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوون.

لایەنە کوردستانییەکانی بەشدار لە ٢٣هەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست دا بریتی بوون لە:

لە رۆژهەلاتی کوردستان: حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

لە باشووری کوردستان: یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دێموکراتی کوردستان.

شایانی باسە کە پێش دەسپێکردنی کارەکانی ٢٣هەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست لە ئاتێنی پێتەختی یونان، هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ هەرکام لە دوو حیزبی بەشداری کۆنگرە لە باشووری کوردستان پارتی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە جیا کۆ بوونەوەو سەبارەت بە چۆنیەتی بەشداری کردنیان لەم کۆنگرەیەدا بیروڕایان گۆڕی‌یەوە.

## دیدارو چاوپێکەوتنەکانی شاندی حدک لە پەراوێزی کۆنگرەی ئنترناسیونالی سۆسیالیست

هەروەک پێشتر لە هەواڵەکاندا بڵاومان کردەوە رۆژی ٣٠ی ژوئەن، بیستو سێیەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست لە شاری ئاتێن پێتەختی ولاتی یۆنان بەڕێوەچوو

و شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی
















خالید عەزیزی وتەبێژی کومیتەی ناوەندی بەشداری تێدا کرد. لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی SI شاندی حدک جگە لە پارتە کودییەکان لەگەڵ چەندین پارتو ڕێکخراوی بەشدار لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان دیدارو کۆبوونەوەی ساز دا. هەر لەم بارەیەوە مەولود سوارە ئەندامی شاندەکەی حدک لە لێدوانێکدا بە «کوردستانو کورد»ی ڕاگەیاند: هەروەک ئاگادارن کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست ڕۆژی ٣٠ی ژوئەن بە دروشمی (یەکگرتوویی نێونەتەوەیی و بوێری بۆ گۆڕانکاری) دەستی بە کارەکانی کردو شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لەسەر بانگهێشتی لوئیس ئەیالا سکرتێری ئەم ڕێکخراوەیە بەشداری لەو کۆنگرەیەدا کرد. شاندی حیزب وێڕای ئەوەیکە لەگەڵ پارتە کوردییەکانی بەشدار بەیەکەوە لەگەڵ کۆنی فردریکسۆن بەرپرسی گرووپی کاری کوردانو کەریم پاکزاد ئەندامی ئەو گرووپە لە حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە کۆبووبەوە، لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی ئەنتێرناسیۆنال بە جیا لەگەڵ چەندین حیزبو ڕێکخراو لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان کۆبوونەوەو لە سەر کێشەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو پێشێل¬ کرانی مافی مرۆڤ لە کوردستانو ئێرانو بابەتی دۆسیەی ناوکی ئێرانو چەندین بابەتی پێوەندیداری دیکە باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد. بەشێک لەم حیزبو ڕێکخراوانە کە ئێمە دیدارو چاوپێکەوتنمان لەگەڵ سازدان دەتوانین ئاماژە بە حیزبی کۆمۆنیستی چین، حیزبی گەلی پاکستان، حیزبی کرێکارانی برێزیل، حیزبی کاری نۆروێژ، یەکیەتی جەماوەری سۆسیالیستی مەراکێش، حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەمریکا، حیزبی ئیسرائیل، حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسەو حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوئیدو حیزبی کرێکارانی ئوستralیا بکەین. هەروەها لە کەسایەتییەکان دەتوانین ئاماژە بە مەحموود عەباس سەرۆکی حکوومەتی فەلەستین، یەهوود باراک ڕێبەری حیزبی کاری ئیسرائیلو سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئەو وڵاتەو وەلید جوومبەلات لە ڕێبەرانی ناسراوی لوبنانو ڕێبەری حیزبی سۆسیالیستی پێشڕەوی لوبنان بکەین»

شایانی باسە بەڕێز خالید عەزیزی لە بارەی کێشەی کورد لەگەڵ چەندین ڕۆژنامە، ڕادیۆو تەلەویزیۆنی یۆنان چاوپێکەوتنی کرد.

## ئێواره خوانێک له لایەن
# نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

لەرێکەوتی ١ی جولای ٢٠٠٨ زایینی رێورەسمێک پرشکۆ لەلایەن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان له پارلمانی بریتانیا بەمەبەستی سوپاس و پێزانین له هەوڵ و تێکۆشانی بریتانیایەکان و دۆستانی نێونەتەوەیی گەلی کورد له بواری بەرەو پێش چوونی سیاسی و ئابووری یەوە پێک هات.
لەم ئێواره خوانه که بەبانگهێشتی چەندین حیزب و رێکخراو کەسایەتی سیاسی و یەک لەوان حیزبی دیموکراتی کوردستان دوکتۆر کیم هالد وەزیری بریتانیا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەندین نوێنەری ناوداری تری پارلمانی بریتانیا پێک هاتبوو. له لایەن بەرێزان خاتوو بەیان سامی عبدالرەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان له بریتانیا و بەرێز فەلاح مستەفا بەکر بەرپرسی پەیوەندی یەکانی دەرەوەی هەرێم پێشوازیان لێ کرا و هەروەها چەند ووتەیەکیشیان لەسەر کوردستان و دەسکەوت و پێشکەوتنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد.
کاک گۆران کەریمی بەنوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان له بریتانیا بەشداری ئەم ئێواره خوانەیە بوو و هەروەها توانی لەگەڵ بەشێکی بەرچاو دیدارو چاوپێکەوتن بکات وەک:
بەرێزان:
کرک مەک ولیم بەرپرسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست له شمالی ئەفریقا و ترکیه له زانکۆی کێم بریج
ئاندرو لیی یارمەتی دەری سەفیری تایوان
ئێریک جۆیس ئەندامی پارلمانی بریتانیا
ئیفان دۆنجیف سەفیری بلخارستان
سایمن بێندڵ دەرهێنەری رادیۆ ٥ی بی بی سی




## مەولود سوارە:

# بانگهێشت کردنی «حدک» بۆکۆنگرەی ٢٣ هەنگاوێکی سەرەتاییە لە پێناو ڕێگاچارەیەکی گونجاودا

ڕۆژرێژ- ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی، ١٠ی پووشپەڕی ١٣٨٧ی هەتاوی، ١ی ژووئیەی ٢٠٠٨ی زایینی بیستو سێهەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست، لە شاری ئاتێن، پێتەختی وڵاتی یۆنان پێک هات، کە کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوە نێونەتەوەییە بۆ یەکەمجار لە ٣٠ی ژوئەن تا ٣ی ژووئیەی ١٩٥١ زایینی لە شاری فرانکفۆرتی ئالمان گرێدرا.

کۆنگرەی ٢٣، یەکێک لە گرنگترین کۆنگرەکانی ئەم دامەزراوە نێونەتەوەییە بەحیساب دێ کە لەودا دوو ڕووداوی گرنگ سەبارەت بە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان ڕوودەدا، یەکەم: هەڵبژێرانی بەڕێز «مام جەلال تاڵەبانی»، سەرۆک کۆماری عێراق و سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان وەک جێگری سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیەو دووهەم: پاش لەتبوون یا جیابوونەوەی سەرماوەزی ١٣٨٦ی هەتاوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بۆ یەکەمجار هەردوو حیزب لە تەنیشت یەکو لە کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی دا بەشدار بوون، بۆ تیشک خستنەسەر چەند مەسەلەیەکی پیوەندییدار بە بابەتەکانی دوایین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال، کاک مەولود سوارە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی پێوەندییەکانی ئەو حیزبە لە وڵاتی ئینگلیستان کە یەکێک لە ئەندامانی وەفدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی کاک خالید عەزیزی وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندیی حدک لەم کۆنگرەیەدا بووە، چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد.

**ڕۆژرێژ: ڕۆژی دووشەممە ١٠ی پووشپەڕی ١٣٨٧ی هەتاوی کۆنگرەی بیست وسێهەمی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست پێکهات، دەکرێ سەبارەت بە مەسەلە تایبەتییەکانی دوایین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست بۆمان بدۆی؟**

مەولود سوارە: لەم پەیوەندیەدا دەکرێ ئیشارە بە دوو دانیشتنی حیزبە سیاسییەکانی بەشدار لە کۆنگرەدا بکەین کە بۆ زیاتر وەگەر خستنو چالاککردنی گرووپی

**مەولود سوارە:**

**ئێمە وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان چەند جار لەگەڵ «لویس ئەیالا» دانیشتنمان بووە و دوو ڕێگاچارەمان لە پێش دانان یەکەم داوامان لە ئەنتێرناسیۆنال کرد کە کار بکەن بۆ لێک نزیک کردنەوەو هاوکاریی هەردووک حیزبی دێموکرات تەنانەت یەکگرتنەوە. پێشنیاری دووەم ئەوە بوو کە جێگەو پێگەی حیزبی دێموکرات بەهەردووک لایەوە بەرهەمی کارو تێکۆشانی ئەندامان و ڕێبەرانی لەماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو دا بووە ئێستاش دوای لەتبوونی ئەم حیزبە بەباوەری من هەردووک لا مافی خۆیانە وەک یەک لە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیستدا جێگەو پێگەی خۆیان هەبێت.**

کاری کوردان کۆبونەوەمان کردو هەرکام لە حیزبەکانی بەشدار نەزەراتی خۆیان لەسەر ئەم گرووپە دەربڕیو بڕیاردرا کە ئەم گرووپە چالاک بکرێو زیاتر لایەنەکانی بەشدار و بەنفووزی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال بێنیتە نێو گرووپەکەوە، بانگەشەیان بۆ بکەین، هەروەها بڕیاردرا کە نامەیەک بۆ قەدردانیو پێزانین لەکارەکانی ئەم گرووپە پێشکەشیان بکرێ کە ئەوەش جێبەجێ بوو، شتێکی تر کە هەرلەم کۆبونەوەیەدا باسی لێکرا، داوا لە بەرپرسی ئەم گرووپە بکرێ کە دانیشتنێکمان لەگەڵدا بکا، چونکە دەنگۆی ئەوە هەبوو کە گرووپی کاری کوردان هەڵدەوەشێتەوەو نامێنێ.

ڕۆژی دواتر واتە ١جولای بە بەشداری هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکان و بەشداریی گرووپی کوردان بەڕێزان «کۆنی فردریکسۆن» و «کەریم پاکزاد» ئەم دانیشتنە کراو ئەو باسەکرا کە ئایا دەتانەوێ ئەم گرووپە بمێنێتەوە یا نا؟ کە بەتێکرای دەنگ داوا کرا کە ئەم گرووپە نەک هەر دەبێ بمێنێتەوە، بەڵکوو دەبێ بەهێزتر بکرێ و لایەنەکانی تری کوردیش بانگهێشت بکرێن بۆ نێو ئەو گرووپەو بەتایبەتی کوردەکانی سووریە.

ڕۆژڕێژ: کۆنگرەی ٢٣، لە چاو کۆنگرەکانی پێشوو، ڕادەی بەشداریی ڕێکخراوە کوردییەکانی زۆرتر بوو، ئەم ڕادەیە لە بەشداریی هێزە کوردستانییەکان چ دەسکەوتگەلێکی بەدواوە بوو؟

مەولود سوارە: پێموایە دیاریکردن و هەڵبژێرانی بەڕێز «مام جەلال» وەک یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆکی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال دەسکەوتێکی گەورە بوو. ساخبوونەوەی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە دوو کۆبونەوەدا دەکرێ بەمشێوەیە گەڵاڵە بکەین:

نووسینی نامەیەک بۆ قەدردانی لە گرووپی کاری کوردان بانگەوازیک بۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکانی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال و هاتنیان بۆ نێو گرووپی کوردان بانگهێشت کردنی کوردانی سووریە و هاتنیان بۆ نێو ئەو گرووپە بەهێزتر کردنو چالاکترکردنی ئەم گرووپە.

ڕۆژڕێژ: وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانی لە وتووێژێکدا دەڵێ: «سەرۆکایەتی کۆنگرەی ئەنتێر ناسیۆناڵی سۆسیالیست داوای لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە کەکێشەکانی ناوخۆی چارەسەر بکات». ئایا دوو لەتبوونی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران هیچ کاردانەوەیەکی لەسەر ئەندامەتیی ئێوە هەبوو، پاشان، بەشداریی حیزبەکەتان لەم کۆنگرەیەدا لەچ ئاستێکی ئەندام، ڕاوێژکارو... بووە؟

سوارە: پێش ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەت بێ ئەم حیزبە جێگە و پێگەیەکی لەناو ئەنتێرناسیۆنال دا هەبوو دوای لەتبوونی ئەم حیزبە ئێمە وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان چەند جار لەگەل «لویس ئەیالا» دانیشتنمان بووە و دوو ڕێگاچارەمان

لەپێش دانان یەکەم داوامان لە ئەنتێرناســیۆنال کرد کــە کار بکەن بۆ لێــک نزیک کردنــەوەو هاوکاریی هــەردووک حیزبی دێموکرات تەنانــەت یەکگرتنەوە.
پێشــنیاری دووەم ئــەوە بــوو کە جێگــەو پێگەی حیزبی دێموکرات بەهــەردووک لایەوە بەرهەمی کارو تێکۆشــانی ئەندامان و ڕێبەرانــی لەماوەی چەندین ســاڵی ڕابردوو دا بووە ئیستاش دوای لەتبوونی ئەم حیزبە بەبــاوەڕی من هەردووک لا مافی خۆیانە وەک یەک لە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیستدا جێگەو پێگەی خۆیان هەبێت. بانگهێشت کردنی حیزبی دێموکراتی کوردســتان بۆ ئەم کۆنگرەیە هەنگاوێکی سەرەتاییە لەپێناو ڕێگا چارەیەکی لەم بابەتە.

رۆژرێژ: پێشتر لایەنی بەرامبەرتان، رایدەگەیاند کە ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست دوو حیزب بە ناوێکەوە قبووڵ ناکا، چۆن بوو ئێوەش توانیتان بەشدار بن؟

ســوارە: یەکەم: حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبــی دێموکراتی کوردســتانی ئێــران لەناو دا تــەواو جیاوازیــان هەیــە یانی کورتکــراوەی زمانە نێودەوڵەتییەکەی ئەوان:

Democratic Party of Iranian Kurdistan
PDKI

نێوی ئێمەش بەم شێوەیە:

Kurdistan Democratic Party
KDP

رۆژرێــژ: ئەم ناوانە لە ماڵپەڕی سۆسیالیســت ئەنتێرناسیۆنال (بەشی کۆنگرەی ئاتێن وەرگیراوە):
http://www.socialistinternational.org/viewArticle.cfm?ArticleID=1915

دووهــەم: لەنــاو ١٧٠ حیزبــی ئەندام و میوانی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنالدا زۆر حیزب هەن کەم و زۆر نێویان وەک یەکدەچێ یا تەنانەت بە «ورگولێک» لێک جیا دەکرێنەوە کە هیچ گرفتێکیشــی دروســت نەکردوە.

سێهەم: هەروەک لە وەڵامی یەکەمدا ئیشارەم پێکرد هەر دووک لای دێموکرات بەناوی خۆیان لە لیســتی حیزبەکانی بەشدار لە سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال دا ناویان نووسراوە ئەگەر وایە جیاوازی تەواویان هەیە.
چەندو چۆنی، کارو جێگەو پێگەی گرووپی کوردی لە سۆسیالیســت ئەنتێرناســیۆنال دا سپێردراوە بە

## مەولود سوارە:

## پێموایە دیاریکردن و هەڵبژێرانی بەڕێز «مام جەلال» وەک یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆکی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال دەسکەوتێکی گەورە بوو.

کۆبونەوەی پرزدیۆمی سۆسیالیســت ئەنتێرناسیۆنال لە پایزی داهاتوو.

رۆژرێــژ: بــۆ بڕیارنامــەی کۆتایــی کۆنگرە، حیــزب و ڕێکخراوە کوردییەکان ســەبارەت بە دۆزی کورد بەتایبەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەراســت بەگشتی چ پێشنیارێکیان هەبوو؟

مەولــود ســوارە:لە لایــەن حیــزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردی بەشدار لە کۆنگرەدا ئەم خاڵە بە کۆنگرە پێشنیار کرا:
سۆسیالیســت ئەنتێرناسیۆنال پابەندیتی خۆی دووپــات دەکاتەوە بۆ بەردەوامیی کارەکانی لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەری ئاشــتیانەو دێموکراتییانەی کێشمەکێشمە نێودەولەتییەکان و لە ناویاندا کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەخۆشیەوە لەلایەن کۆنگرەوە پەسندکرا.

.رۆژرێــژ: زۆر ســپاس کاک مەولــود کە ئەو دەرفەتەتان بۆ ڕەخساندین

مەولود سوارە: منیش سپاستان دەکەم.

کۆپی کراوە لەسایتی ڕۆژرێژ:
http://www.rojrej.com/modules.php?name=News&file=article&sid=176





بەشدار بووانی کۆریادەکە لە پەرلەمانی بەریتانیا



## کۆمەڵگای یەکگرتووی کوردی رۆژهەڵات - بریتانیا

(پێکهاتوو لە 11 لایەنی سیاسیی کورد)

پارتی ئازادی کوردستان

پارتی سەربەخۆیی کوردستان

پارتی سەربەستیی کوردستان

پلاتفۆرمی نەتەوەیی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

کۆمەڵێک سیاسەتوان و رووناکبیری سەربەخۆ

کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

یەکێتی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

یەکێتی لاوانی کۆمەڵە

پرۆژەی ژنی کورد

رێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ

* * * * * * * *

حیزبی خەڵکی بەلووچستان

بەرەی یەکگرتووی دێمۆکراتیکی نەتەوەیی گەلی عەرەبی ئەهواز

ناوەندی چاک

بەرەی یەکگرتووی بەلووچستانی ئێران

ئەنجومەنی فەرهەنگیو مەدەنیی کوردەکانی خوراسان

کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان

بەرەی یەکگرتووی دێمۆکراتیکی خەڵکی ئەهواز

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا بە هاوکارییو بەدەنگەوە هاتنی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتو هەروەها نەتەوەکانی دیکەی ئێران بۆ رێزگرتن لە کەسایەتیو کارەکانی رێبەری گەورەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو گەلی کورد، «عەبدولرەحمان قاسملوو» کە 19 ساڵ لەمەوبەر بەدەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڤییەن شەهید کرا، سێمینارێک لە پەرلەمانی بریتانیا پێک دێنێ.




مەولود سوارە نوێنەری حدک

# بریارنامەیەک لەسەر شەهید کرانی دوکتۆر قاسملو پەسەند کرا

## یادێک لە لە سەرووریی ڕێبەری زانا
## دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو لە پارلمانی بریتانیا

دوو شەممۆ ٢١ جولای ٢٠٠٨ پارلمانی بریتانیا جێگەی گەورە پیاوانی مێژۆوی کۆنی دێمۆکراسی بوو بە روگەی ئەویندارانــی ڕێگــەی ئازادی و قوتابیان و ڕێرەوانی دکتۆر قاســملو، گەورە پیاوی هەڵکەوتوی ئاشــتی و دێمۆکراســی و لە ماڵی لۆردەکانی بریتانیا کۆریادێکی بە شــکۆ، کە شایانی گەورەیی پەیام هێنی ئاشتی بوو، بەڕێوە چوو.

لەو کۆریادە دا ســەرەتا کاک مەولود ســوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا بەخێر هاتنی بەشدارانی کرد و هەروەها خۆی بە میوانان ناساند و نێوەرۆکی ئەو کۆریادەی بۆ بەشداران، بە تایبەت ئەو میوانە بریتانیانە کرد و سوپاس و پێزانینی لە میوانان و نوێنەری حیزبەکان و هەروەها نەتەوەکانی دیکەی ئێران کرد و و بە کورتی باسێکی لە سەر شەخسیەتی دکتۆر قاسملو کرد کە ڕێبەری هەلکەوتوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە یەکێک لە ولاتانی پێشــکەوتوی ئوروپا شــەهید کرا و بو بە قوربانی سات و سەودای بازرگانی لەگەل ڕێژیمی تێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی. بەلام سەیر لەوە دایە، ئێستا کە ١٩ ساڵ بە سەر ئەم کارەساتە دا تێپەریوە، لە گەڵ ئەوە دا کە بکوژانی دکتۆر قاسملوو بۆ هەمو لایەک ناسراون، نەک تەنیا نەدراون بە دادگا و مەحکەمە نەکراون، بەڵکو لە ئێران دا بە پاداشی ئەو کردەوە دژی ئینسانییە مەسئولیەتی گەورەشیان لە پۆستە دەولەتیەکان دا پێ دراوە.

ئەو جار هاتە سەر پانێلەکەو سوپاس و پیزانی خۆیانی لە بەرێزان لۆرد ئێریک ئیفبری جێگری مافی مرۆڤ لە ئەنجومەنی لۆردەکان ، بەرێز جێرمی کۆربین ئەندامی پارلمان کە هەمیشە یارمەتی دەری نەتەوەکان و بەتایبەت دۆســتی کورد بوون و سوپاسی کاک دکتۆر سعید شەمس وەکو کەسایەتیەکی ئاکادیمی و ڕوناکبیری ناسراوی کورد و دوکتۆر کارۆڵ پرۆن هوبر کە لە ساڵی ١٩٨٣ لە پاریس لەگەل دوکتۆر قاسملو ئاشنا بوون و لەو کاتەوە لەسەر کێشەکانی کورد لێکۆلینەوە دەکەن، هەروەها کتێبی ڕەحمانی کوردان کە لەم دوایانەدا بەرێزیان نوسیویەتی بە بەشــدارانی ناساند. ووتیشیان لیرەدا بەپێویستی دەزانم کە سوپاسی تایبەتیان لێ بکەم کە دەعوتی منیان قبول کرد و ئەورۆ لێرە لەگەلمانن.


لۆرد ئێریک ئیڤری


کارۆل پروونهوبێر

## لێرەدا داوا لە لۆرد ئیڤبری کرا کە ووتارەکەیان پێشکەش بکەن:

لۆرد ئێریک ئێڤبری کە یەکێک لە دۆستانی لە مێژینەی گەلی کوردە، وتارێکی پر نێوەرۆکی لە سەر شەخسیەتی دکتۆر قاسملوو پێشکەش کرد و تێی دا باسی لە تایبەتمەندیەکانی ئەو رێبەرە کرد و هەوڵی بێوچانی ئەوی لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و دێمۆکراسی خستە روو، بە تایبەت لە دەورانی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی دا. پاشان ئاورێکی لە مێژوی نگریسی کۆماری ئیسلامی دایەوە و باسی تێرۆری ئازادیخوازانی لە نێوخۆ و لە دەرەوەی ئێران بە دەستی ئەو رێژیمە کرد، هەورەک لە کتێبەکەشی دا بەنێوی «ئیران ماکەی ترۆریسمە» ئاماژەی پێکردوە . لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەی دا لۆرد ئێڤبری باسێکی جوڵانەوەی کورد بە گشتی، لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لەو نێوەش دا نەقش و کاریگەری دکتۆر قاسملووی لەو جولانەوە دا بەرز نرخاند.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆریادە دا خانمی دکتور کارۆل کە بەم دواییانە کتێبێکی تایبەتی لە سەر شەخسیەتی دکتۆر قاسملوو بە ناوی «رەحمانی کوردان» نوسیوە، وتارێکی بە پێزی پێشکەش کرد. دکتۆر کارۆل بە وردی باسی لە کەسایەتی بەرزی دکتۆر قاسملوو کرد و باسی لە هەنگاوەکانی ئەو رێبەرە بۆ گەیشتن بە ئاواتە بەرزەکانی گەلی کورد کرد. ئەو کە لە نزیکەوە دکتۆر قاسملووی دەناسی و زۆر جار لەگەڵی دا باس و ووت وێژی هەبوە، بیرەوەریەکانی خۆی لەگەڵ ئەو رێبەرە بۆ بەشداران باس کرد و باسیی لە زانایی، ئازایەتی، باوەری قوڵی بە ئازادی و دێمۆکراسی و زۆر تایبەتمەندی بەرزی دیکەی ئەوی کرد. لە بەشێکی دیکەی باسەکەی دا دکتۆر پرون هوبر، باسی هەوڵەکانی دکتۆر قاسملووی لەگەڵ ئایەتوڵلا خومەینی بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەی کورد لە ئێران دا بە شێوەی ئاشتیانە کرد.

بەدوای دکتۆر کارۆل دا کاک دکتۆر سەعید شەمس روناکبیری ناسراوی کورد لە بریتانیا، وتارێکی پر نیوەرۆکی پێشکەش کرد. دکتۆر سەعید لە وتارەکەی دا ئاورێکی خێرای وەسەر مێژوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەر لە سەردەمی کۆمەڵەی (ژک)وە دایەوە و باسی لە دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بەربەرەکانی گەلی کورد لەو قۆناغە دا لەگەڵ رێژیمی شا دا کرد. پاشان هاتە سەر قۆناغەکانی دوای نەمانی کۆماری کوردستان و لێرەوە باسی لە پێگەیشتویی و تێگەیشتویی دکتۆر قاسملووی رێبەر کرد و رۆڵ و نەقشی ئەوی لە هاتنە ناو


جێرمی کۆربن ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا


د . سەعیدی شەمس

حیزب و وەرچەرخانی سیاسەت و خەتی فکری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بە تایبەت دوای کۆنگرەی سێهەمی حیزب و بە دەستەوە گرتنی رێبەرایەتی حیزب لەلایەن ئەو رێبەرە بەلیمەتەوە و دانانی بەرنامەی تازە بۆ حیزب کە تێی دا باس لە دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان کراوە، کە بۆ ئەو سەردەم، دروشمێکی باش و پەسند بوو.

لە بەشێکی دیکە لە وتاکەی دا دکتۆر شەمس هاتە سەر باسی روخانی رێژیمی شا و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و چارەسەر نەکرانی مەسەلەی کورد . هەروەها ئاماژەی بە دەست پێکردنەوە بە خەبات و بەبەرەکانی گەلی کورد و خەلکی ناوچەکانی دیکەی ئێران و باسی لە رۆلی هێزە سیاسیەکان و لە رۆلی دکتۆر قاسملوو بۆ لە یەک نزیک بونەوەی هێزە سیاسیەکان و دابین کردنی دێموکراسی لە ئێران دا کرد.

پاشان باسی وەزعیەتی کورد بە گشتی لە هەر چوار پارچەی کوردستان و درندەیی رێژیمەکانی حاکم بە سەر کوردستان دا و لە باسی ئێران دا بە بونی دەسەلاتی کۆماری بە سەر ئێران دا ، چارەسەری مەسەلەی کوردی بە شێوەی ئاشتی بە دور زانی.

**دوا وتە بێژی ئەو کۆریادە بە رێز جێرمی کۆربن ئەندامی پارلمانی بریتانیا بوو.**

«بەرێزیان ئیشارەی بەوە کرد کە حەقێکی رەوایە کە نەتەوەکان ناسنامەی خۆیان هەبیت و وە نابێت تەهدید بکرێن.

ئەو ولاتانەی فرە نەتەوەن نابی وا بیر بکەنەوە نەتەوەکان چاو ترسێن بکەن بەڵکو دەبێ وەکوو هێزێک لە وڵاتەکەی خۆیان سەیریان بکەن.

لەسەر دوکتۆر قاسملو ووتیان دونیا بە بوونیان چەندە باشتر دەبوو ئەگەر مابا .

بەرێزیان داوایان کرد کە «کە لە دونیا کینەو دوژمنی کۆتای پێ بهێندرێت » دوژمنی و کینە شەهراویە و تەنیا رق و بێزاری دێنێت».

لە کۆتایی ئەو کۆریادە دا لەلایەن لۆرد ئێڤبری داوا لە بەشداران کرا کە دەنگ بدەن بە گەلالەی قەتعنامەیەک کە بە ناوی ئەوانەوە بنێردرێ بۆ هەموو دەوڵەت و سازمانە بە نفوزەکانی دنیا کە کارێک بکرێ، بکوژانی دکتۆر


بەشداربووانی یادەکە لە پەرلەمانی بەریتانیا

قاسملوو بدرێنە دەستی عەدالەت و بە سزای پێویستیان بگەن.

لێرە دا بە پێویستی دەزانین کە سوپاسی و پیزانینی خۆمان لە بەرێوەبەران و و کارگێرانی کورد کانال بکەین کە فیلمێکیان بەم بۆنەوە ئامادە کردبوو و هەروەها سوپاسی تایبەتیش بۆ بەرێز کاک فەتاح کاویان بۆ ووتە بەنرخەکانیان لەسەر ژیانی پر بەرهەمی دوکتۆر قاسملو بە زمانی ئینگلیسی، لەو فیلم دا کە لە پارلمان نیشان درا.

کۆبونەوەکە بە پەسند کردنی بریارنامەیەک کۆتایی پێهات.

بریارنامەکە داوا لە ولاتانی یەکیەتی ئورووپا دەکات کە سەنەدو دۆکیمەنتەکان کۆبکرێنەوەو پەروەندەکە جارێکی تر بکرێتەوەو بکوژانی قاسملو و هاورێیانی بدرێنە دەست یاسا.

بەشێکی بەرچاو لە میوانای بیانی،نوسەر، ئاکادیمیست، هەوالنیر، حیزبەکوردستانی و ئێرانیەکان بەشداری کۆبونەوەکە بوون.

ئەم کۆبونەوەیە لە کاتژمێری ٦ی ئێوارە تاکو ٨ی شەو درێژەی کیشا.

بەرێز لۆرد ئیریک ئیفبری سەرپەرستی کۆرەکەیانی کرد.


بەشداربووانی یادەکە لە پەرلەمانی بەریتانیا



# دیدار لەگەڵ بەڕێز لۆرد ئیریک ئیفبیری

**٢٤ی جولای ٢٠٠٨**

ڕۆژی پێنج شـــەممە کاتژمێری ١١ی پێش نیوەڕۆی ٢٤ی جولای ٢٠٠٨ بەڕێـــز مەولود ســـوارە نوێنەری حیزب لـــە بریتانیا چاوی کەوت بە بەڕێز لـــۆرد ئیریک جێگری مافی مرۆڤ لە ئەنجومەنی لۆردەکان.

لەو دیدارە یەک ســـەعاتەیەدا کاک سوارە لەسەر ڕووداوی شاری ســـەقز کە لە هێرشـــێکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دا بۆ سەر شوێنی مانەوەی ٢ کەس لە کادرەکانی حیزب کە تیایدا بەداخەوە شێخ غەریب حەسەنی تێکۆشـــەری دێرین شەهید و کاک کەماڵ شەریفی ڕۆژنامەنووس بە بریندار کەوتە دەستی هیزەکانی هێرش کەری کۆماری ئیسلامی، بەووردی قسەیان بۆ لۆرد کردو چۆنیەتی ڕووداوەکەیان بۆ شـــیکردنەوە و باسی مەترسیەکانی سەر گیانی کەماڵ شەریفیان بۆ کردن.
پاشان لە لایەن نوێنەری حیزبەوە داوا کرا لە بەڕێزیان کە هەموو هەوڵی خۆیـــان بخەنە کار بۆ ئەوەی گیانی ئەو ڕۆژنامە نوســـە لەدەستی جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی نەجات بدرێت.
لە تەوەرێکی دیکەی باســـەکەدا نوێنەری حیزب باســـی گیرانی چەندیـــن بنەماڵە لە کوردە پەنابەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان ناســـراو بە (شمالی عێراق) کە لەلایەن دەولەتی ترکیە لە کاتێک دا دەیان هەویست دوای شەش ساڵ لە چارەنووسی نادیاریان ئەو وڵاتە بەجێ بێڵن، بۆ بەڕێز لۆرد ئیریک باس کرد و لە مەترســـی تحویل دانەوەیان بە کۆماری ئیسلامی بەڕێزیان ئاگادار کرانەوە.
هەروەها باسێکی لەسەر وەزعیەتی ئەو پەنابەرە کوردانەی کە لە وڵاتی ترکیە دوای چەندین ساڵ چارەنوسیان هێشتا نادیارە کرد و داوای یارمەتی لە بەڕێزیان کرد.
پاشـــان بەڕێز لۆرد ئیفبیری کە بۆخۆی ئاگاداری هەلســـوکەوتی کۆماری ئیســـلامی لەگەڵ ڕۆژنامەنوســـان،جیابیران تێکۆشەرانی مەدەنـــی و مافەکانـــی ژنانە، دوای گوێ گرتن لە بەڕێز ســـوارە بەڵێنیان دا کە بۆ پاراســـتنی گیانی کەماڵ شـــەریفی ئەوەی لە توانایا دایە بیکەن وهەمـــوو بنکەکانی مافی مرۆڤ و پیوەندیدار بە بەشە ئاگادار بکاتەوەو هەر لەوپیوەندیەشدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دکتۆر کیم هاوڵ لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ئاگادار بکاتەوە.
پێویســـتە بگوتری ڕێکەوتی ٢٦ی جونی ٢٠٠٨ واتە ڕۆژێک دوای ئەم ڕووداوەی سەقز پیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ تا ئەمرۆ هەوڵی بێ وچان دراوەو بۆ ئەو مەبەستە داوا لە هەموو بنکە حقوقی و مافەکانـــی مرۆڤ و ڕێکخراوە بەنفوزەکان کراوە هاوکاری بکەن و گیانی ئەو ڕۆژنامە نووسە لە خەتری مەرگ نەجات بدەن.
هەروەها لەو پیوەندیەدا ڕاگەیاندراوێک بە زمانی ئینگلیسی دراوە بە شوێنە پیوەندی دارەکان.



# ڕێکخراوی ڕێبەری بۆ مافی مرۆڤی ئەمریکا
# پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو تاووتوێ دەکا

بڕیارنامەی وەگەڕکەوتنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە لایەن کاترین کامێرۆن پۆرتر سەرۆکی ڕێبەری بۆ مافی مرۆڤی ئەمریکاوە پەسند کرا. لەمبارەیەوە مەولود سوارە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان.

لە بریتانیا بە " کوردستانو کورد"ی ڕاگەیاند کە ئەو بڕیارنامەیەی وا لە ڕۆژی ٢١ی ژولای لە سمینارێک لە ماڵی لۆردەکانی بریتانیا بە پێشنیاری لۆرد ئیریک ئیفبری پەسند کراو پاشان بۆ شوێنە پێوەندیدارەکان نێردرا، دوێنێ لە لایەن کاترین کامێرۆن پۆرتر سەرۆکی ڕێکخراوی ڕێبەری بۆ مافی مرۆڤی ئەمریکاوە پەسند کرا.

شایانی باسە بڕیارنامەکە داوا لە وڵاتانی یەکیەتی ئورووپا دەکا کە بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکان لە سەر تیرۆری دوکتور قاسملوو کۆ بکرێنەوەو ئەو پەروەندەیە جارێکی دیکە بکەوێتەوە گەڕو بکوژانی قاسملووو هاوڕێیانی بدرێنە دەست یاسا.



بەشداربووانی یادەکە ئەنفالی بارزانی یەکان

# بەشداری لە یادی ٢٥ ساڵەی ئەنفالی بارزانی یەکان

ســـەعات ٧ ئێوارەی رۆژی ٣١ جولای ٢٠٠٨ لە شـــاری لەندەن_بریتانیا، کۆریادێک بۆ یاد کردنەوەی ئەنفال کردنی ٨٠٠٠ ئینسانی کورد لە عەشیرەتی بارزان، بەدەستی کوردکوژانی رێژیمی بەعسی رووخاو، بەرێوە چوو. ئەو یادە لە لایەن لێژنەی ناوچەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە لەندەن و بە بەشداری بالوێزخانەی عێراق لە لەندەن، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حیزب و رێکخراوە عێراقی و کوردستانی یەکان پێک هاتبو، کە تیایدا بەشێکی زۆر لەو لایەنە بەشداربوانە پەیامی تایبەتی خۆیانیان پێشکەش کرد.

لە سەر بانگهێشتی لێژنەی ناوچەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان، وەفدێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێک هاتوو لە محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا و ئاسۆ شەخســـە ، بەشداری ئەوە کۆریادە بوون و محەممەد میراوەیی پەیامی کۆمیتەی بریتانیای بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد.



# کۆبونەوەی کۆمیتەی هاوکاری
# حیزبە کوردستانیەکان لە لەندەن

ســـەعات ١ی دوا نیوەڕۆی ٢ شەممە ٤ی ئاگۆستی ٢٠٠٨ لە دەفتەری نوێنەرایەت یەکێتی نیشتمانی کوردســـتان لە شـــاری لەندەن_ بریتانیا، بە مەبەســـتی خۆ ئامادە کردن بۆ ڕێپێوان لە بەردەرکی ســـەفارەتی عێراق و لە بەدەمی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بریتانیا، لە ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو بە مەبەستی نارەزایی دەر برین بە پەسند کردنی ماددەی ٢٤ لە یاسای بنەرەتی عێراق بە دژی دەستکەوتەکانی گەلی کوردو بە پیلانی تازەی عەرەبی شۆوێنیست لە دەسەلاتی بەغدا و هەروا بە هەلپەسێرای مانەوەی ماددەی ١٤٠ لە دەستوری عێراق.

لەو کۆبونەوەیە دا دوای باس  وراوێژێیکی زۆر و ســـەرنجی تایبەتی حیزبەکوردیەکانی بەشـــدار لەو کۆبونەوەیـــە دا، بڕیـــار درا کە ڕۆژی پێنجشـــەممەی داهاتوو لە هەردوو شـــوێنی ئاماژە پێکراو بە ڕێکخستنی حیزبە کوردستانیەکان و بە شداری کوردستانیانی دانیشتووی بریتانیا، ڕپێوانێکی هێمنانە لە شـــاری لەندەن بەریوە بچێ. هە رەها وردە کاری ئەو ڕێپێوانە چۆنیەتی بەرێوەبردن و دروشـــم و سیستمی ئەمنیەتی باس و بریاریان لەسەر درا . پاشان پەیامێکیش بە ناوی حیزبە کورستانیەکان بەو مەبەستە بۆ دەولەتی عێراق،پارلمانی عێراق و بیر رای گشتی دنیا ئامادە کرا.

ئەو کۆبونەوەیە بە ئامادە بوونی ئەو حیزبانە بەرێوە چوو.

حیزبی دێمـوکراتی کوردستان

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

مەلبەندی ڕۆشنبیری کورد

کۆمەڵگای کوردی



# بانگەواز



لەژێر دروشمی :

**بەڵێ بۆ مادەی 140 ،**

**بەڵێ بۆ دیموكراتی و سەربەستی**

**بەڵێ بۆ مافی مرۆڤ**

**نەخێر بۆ مادەی 24،**

**نەخێر بۆ تیرۆرستان و صەدامیەكان**

**نەخێر بۆ شۆڤێنیەت**

ڕێخراو و پارت و هێزە سیاسیە كوردستانیەكان لە وڵاتی شانشینی بەریتانیا هەڵدەستن بە سازكردنی خۆپێشاندانێك بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر دەنگدانە نا دیموكراتییەكەی پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە مادەی 24 و هەروەها رسواكردنی بكوژانی خۆپیشاندەران لە شاری كەركوك و دەربرینی پاڵپشتی بۆ بریاری ئەنجومەن و خەڵكی تێكۆشەری شاری كەركوك. كوردستانیانی بەرێز ، بەدەنگ هاتن و بەشداری كردنتان لەم خۆپێشاندانەدا هەڵوێستی نەتەوایەتیمان دەگەیەنێت و نامادەبونتان جێگای سوپاسە.

شوێن و كاتی خۆپیشاندانەكە:

رۆژی پێنج شەممە بەرواری7/8/2008 لە دووكات و شوێنی جیاوازدا:

1- كات ژمێر 12-02 ی پاش نیوەرۆ لەبەردەم سەفارەتی عێراقی [ماڵی سەفیر]لەم ئەدرەسە :

Iraqi Embassy, 9 Holland Villas Road,
London,
W14 8BP.

---

2- هەمان رۆژ كاتژمێر03-05 ی پاش نیوەرۆ لەبەردەم مەكتەبی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لەم ئەدرەسە :

10 Downing Street,
London, SW1A 2AA



دیمەنێک لە خۆپێشاندەران

# خۆپێشاندانی کوردانی دانیشتوی لەندەن
# بە دژی ماددەی ٢٤ی دەستوری پارلمانی عراق

لە ژێر لێزمەی بارانی بە خورِ دا سەعات ١٢ نیوەرۆی رۆژی ٥شەممە ٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٨ بە رێکخستنی کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان لە بریتانیا، کوردانی خەمخۆری کوردستان، لە بەردەم سەفارەتی عێراق، بە نیشانەی نارەزایەتی دەربرین لە پەسند کردنی مادەی ٢٤ لە پرۆژە یاسای دەستوری لەپارلمانی عێراق بە دژی مافی کوردەکان لەیاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە تیای دا پارلمانی عێراق لە پیلانێک دا بە بێ ئامادە بوونی کوتلەی کورد وەکو دوهەم کوتلەی پێکهاتەی پارلمانی عێراق،پرۆژە یاسای هەلبژاردنی پارێزگاکانی بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئیرادەی کورد لە شاری کەرکوک وەکو زۆرینەی خەلکی ئەو شارە پەسند کرد، کۆبونەوە و بە شێوەیەکی هێمنانە و رێک و پێک، بە خوێندنەوەی سرودی نەتەوایەتی «ئەی رەقیب» و بە هەلگرتنی ئالآی کوردستان و بلاکاردی جۆراوجۆری رازاوە بە دروشمی تایبەتی ئەو خۆپێشاندانە،دەستیان بە دروشمدان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی کرد و بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر کوردانە ئەو دروشمانە کوترانەوە.

لەو خۆ پێشاندانە دا ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی دانیشتوی شاری لەندەن ئامادە بوون و باران بارین و ئاووهەوای ناخۆشی ئەو رۆژە هیچ کاری نەکردە سەر هەستی کوردانەیان و خۆ پێشاندنەکەیان درێژە پێ دا.

لە کۆتایی ئەو خۆپێشاندانە دا هەیئەتێکی پێک هاتو لە نوێنەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان،یەکێتی نیشتمانی کوردستان،یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و مەلبەندی رۆشنبیری کوردی بە نوێنەرایەتی خۆپێشاندەران بریارنامەیەکیان دایە دەستی کارداری سەفارەتی عێراق و بریار درا کە ئەو بریارنامەیە بگاتە پارلمان و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و لەدانیشتنێک دا لە سەفارەتی عێراق هۆکار و چۆنیەتی ئەو خۆپێشانەیان بۆ کارداری سەفارەت روون کردەوە و جارێکی دیکە بەداخ بوون و نارەزایەتی خۆیان لەو هەلوێستەی پارلمانی عێراق دەربری.

دوای کۆتایی ئەو خۆپێشاندانە هەمو ئەو هاوولاتیە کوردانە بۆ گەیاندنی ئەو نارەزایەتی و نیگەرانیەی خۆیان بە دەولەتی بریتانیا وەکو دوهەم هێزی بەشدار لە شەری ئازادی عێراق و وەکو ولاتێکی بە نفوز و بە دەسەلات لە گۆرەپانی سیاسی دنیا، هەمویان بە یەکەوە بەرەو ئەنجومەنی وەزیران وەرێکەوتن و لە بەر دەرکی ژمارە ١٠، دەفتەری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا کۆبونەوە و دەستیان بە وتنەوەی دروشمەکانی، کەرکوک شاری کوردانە، نا بۆ تیرۆر بەلێ بۆ دێمۆکراسی،ماددەی ٢٤ دەبێ هەلبوەشێتەوە،چارەسەری کێشەی کەرکوک بە پێی ماددەی ١٤٠،مەشهەدانی فاشیست و زۆر دروشمێکی دیکە،دەنگی نارەزایەتی خۆیان گەیاندە دەولەتی بریتانیا و بۆ ماوەی ١:٣٠ کاتژمێر ئەو دروشمانە کوترانەوە. پاشان نامەی نارەزایەتی خۆپێشاندەران درایە دەفتەری سەرۆکوەزیرانی بریتانیا.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا وەکو لایەنێکی پێک هێنەری ئەو خۆپێشاندانە، چالاکانە بەشداری ئەو خۆ پێشاندانانە بوو.


پیرۆز بێ 25ی گەلاوێژ 63هەمین ساڵڕۆژی
دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
ڕێکەوت: شەممە 16ی ئوگوست 2008
کاتژمێر: 1:30 بۆ 6ی ئێوارە
Guubliee Social Club
Melive Place
Woodhouse
Leeds LS6 2LZ
Saturday 16 August
سەباح ڕەواندزی
حەمە جاف
حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی لیدز









بەشداربووانی ڕێورەسمەکە

# یادی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی
# حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بریتانیا

ڕۆژی شەممە، ١٦ی ئاگۆستی ٢٠٠٨، ڕێورەسمێکی بە شکۆ لە شاری لیدز لە وڵاتی بریتانیا بە ئامادە بونی نوێنەرانی پارتە سیاســیەکان و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە بۆنەی ٦٣ هەمین ساڵیادی دامەزرانی حزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێو ڕەسمەکە بە سرودی ئەی ڕقیب دەستی پێکرد و پاش خولەکێک وەســتان بە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەیادی شــەهیدانی حیزب و گەل بەرنامەکانی ئەو یادە بەشــێوەی خوارەوە بەڕێوە چوون:

ســەرەتا بەڕێز محەممــەد میراوەیی بەرپرســی کۆمیتەی بریتانیا بەخێرهاتنی بەشدار بوانی کرد و یادێکی لە تازەترین شــەهیدانی حزبی دێموکڕاتی کوردستان،شەهیدی فەرماندە هەمزە سارتکەیی،قادر نەزمیی و قادر قادری کە لە کەمینی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی شەهیدبوون، کرد.

پاشــان پەیامی دەفتەری سیاسی لە لایەن یاسین مەلکاری بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە شاری لیدز خوێندرایەوە.

ئینجا پەیامی یەکیتی نیشــتمانی کوردستان لە لایەن کاک نەوژەن

پەیـامی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن کاک نەزمی

پەیامی کۆمەڵەی شورشگێری زەحمەتکێشانی کورستان لە لایەن کاک زەردەشت هەورامی

پەیامی یەکێتی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەلاتی کوردســتان لە لایەن کاک ڕێبوار قادر زادە خوێندرانەوە

هەروەها پارتی ئازادیی کوردســتان،یەکگرتووی ئیســلامی کوردستان و کۆمەڵەی کوردی لە شارەکانی لیدز و شەفیلڎ بە پەیام بەشداری ئەو ڕێو ڕەسمە بوون.

نێو ئاخنی بەرنامەکە شێعری بە هەست و نیشتمانپەروەرانەی کاک حوســێنی محەممەد پور، بەڕێوەبەری ئەو ڕێو ڕەسمە بوو کە لە هۆنینەوەی خۆی و تایبەت بە ئەو یادە بوون.

دوابەشی ئەو یادە ڕازاوەتر بو بە دەنگی گۆرانی بێژی کورد ســەباح ڕەواندزی و هەڵپەرکێی کوران و کیژانی کورد کە لە سەعات ١:٣٠ دوا نیوە ڕۆ تا ٦ی ئێوارە درێژەی کێشا.


بەشداربووانی هەفتەی روناکبیری لەندەن

# هەفتەی روناکبیری لەندەن

## کورد لە سەدەی٢١ ، سیاسەت و کولتور

ڕۆژانی ٢٨ و ٢٩ ئاگۆستی ٢٠٠٨ کۆنفرانسێک لە ژێر سەر دێری "کورد لە سەدەی٢١ ، سیاسەت و کولتور" لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی بەدر خان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان و بە هاوکاری دەفتەری نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بریتانیا، لەشاری لەندەن بەرێوە چوو کە ٢ رۆژی خایاند و کۆمەڵێک باسی گرینگی تایبەت بە مەسەلەی کورد بە گشتی و وەزعیەتی ئێستای هەرێمی باشووری کوردستانی لە خۆ گرتبوو. لەو باسانەدا چەند شارەزای بوارە جۆراو جۆرەکان و چەند کەس لە ئاگادارانی سیاسەتی کوردستان لە باشورەوە بەشداریان کردبوو، هەر کام لە بەشێک دا بۆبەشدارانی کنفرانس دوان و بەوردی تیشکیان خستە سەر بابەتە هەستیارەکان و کنفرانسیان لە کۆمەڵێک کیشەی ئاشکراو نهێنی کوردستان و دوڵەتی مەرکەزی عێراق ئاگادار کردەوە .

لەڕۆژی یەکەمی کنفرانسدا سەرەتا خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد نوێنەری یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لە بریتانیا بە وتارێک کنفرانسەکەی کردەوە بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە مێژووی کوردستان، باسێکی کورتیشی لە وەزعیەتی ئێستا کردو چەندین پرسیاری گرینگ و جێی سەرنجیان وروژاند. پاشان کاک هاوار حاجی بەرپرسی ڕێکخستنەکانی یەکیەتی لە بریتانیا وەکوو بەڕێوەبەری کنفرانسە کە کاری کنفرانسی پێشکەشی بەشداران کرد کە بەشێوەی خوارەوە بوو:

ڕۆژی یەکەم:

١- ماددەی ١٤٠ لە هاوکێشە سیاسیەکاندا، بەڕێز فەرید ئەسەسەر.

٢- پارلمانی عێراق و لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بەڕێز دوکتۆر عبداللە عەلیاوەیی.

٣- هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی ( شیکردنەوەیەکی مێژوویی) دوکتۆر نەبەز مەجید.

٤- پرسیار و وەڵام.



د . عەبدوڵلا عەلیاوەیی    و مەولود سوارە نوێنەری حیزب

٥- نمایشی کورتە فیلمی (پێناسەیەک بۆ ماڵباتا بەدرخان)

٦- ڕەنگدانەوەی ئەدەبی بەرگریی گەلان بەســـەر ئەدەبی کوردی دا ( ڕۆمانی ژانی گەل بەنموونە) بەڕێز کەماڵ غەمبار.

٧- ڕاگەیاندنی ئازاد لە کوردستان دا ( بەدرخان بە نموونە) بەڕێز حەمید ئەبوبەکر

٨- پرسیار و وەڵام.

ڕۆژی دووهەم:

١-نمایش کردنی فیلمی (هاوارا کوردا)

٢- پێشـــنیارەکانی دێمیســـتۆرا و ڕۆلی نەتەوەیەکگرتوەکان لە چارەسەری کێشـــەی کەرکوک دا، بەڕێز فەرید ئەسەسەرد.

٣- کورد لە چوار چێوەی سیاسەتی ئەمریکا و بریتانیا دا، بەڕێز دوکتۆر نەبەز مەجید.

٤- کەرکوک لە ڕابردوو ئایندەدا، بەڕێز مستەفا عسکەری.

٥- حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پیوەندیەکانی لەگەڵ دەرەوەی هەرێم دا، بەڕیز دوکتۆر عبداللە عەلیاوەیی.

٦- ئەزموونی هەڵبژاردن و کۆمیسیونی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردن لە کوردستان دا، بەڕێز کەماڵ غەمبار.

٧- پرسیار و پێشنیارو ڕەخنەو ڕاسپاردەی کنفرانس.

بۆ ئەم کنفرانســـە لەسەر بانگێشتی یەکیەتی نیشـــتیمانی کوردستان هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە بەڕێزان مەولود سوارەو مەحمەد میراوەیی بەشدار بوون و هەر لەم کنفرانسەدا چاویان بە هەیئەتی نوێنەرایەتی باشوری کوردستان و چەندین کەسایەتی ڕووناکبیری کورد کەوت، جێ ئاماژەیە کە نوێنەرانی بەشێک لە حیزبە کوردستانییەکان و هەروەها ڕووناکبیرانی کوردی دانیشتوی بریتانیا بەشداری کنفرانسەکە بوون.

# بەشداری لە ٦٢ هەمین ساڵی دامەزرانی پارتی
# دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا

ڕۆژی یەک شەممە ١٧ ئاگۆستی ٢٠٠٨ سەعات ٤ی ئێوارە هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێک هاتوو لە کاک هیوا ڕەزایی بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە بریتانیا و کاک کەریم فردۆسی بەرپرسی تەشکیلاتی کۆمیتەی بێرمینگهام، لە سەر بانگهێشتی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە یادی ٦٢ ساڵەی دامەزرانی ئەو حیزبە بەشدار بوون و پەیامی حیزبیان بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد.




# کۆبونەوەی ئەندامانی کۆمیتەی بریتانیا

ڕێکەوتی ٣١ی ئوگوستی ٢٠٠٨ کۆبونەوەی ئەندامانی کۆمیتەی بریتانیا گیرا.
ئەم کۆبونەوەیە بۆ چاوخشـــاندنەوە بە کاروبارەکانی حیزب لە بریتانیا و هەروەها بۆ چالاکتر کردن و بەرەوپیش بردنی هەرچی زیاتری کاروبارەکان حیزب بەتاییەت پیوەندیەکانی دەرەوە گیراو پلانی بەکەڵک بۆ داهاتوی کارو بارەکانی حیزب دانران.

# هەڵوێستی هاوبەش لەسەر مانگرتنی
# یەکپارچەیی رۆڵەکانی کورد لە زیندانەکاندا

زیندانیانی سیاسیی کورد لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کۆڵنەدەرانە درێژە بە خەبات دەدەن و لە هەنگاوێکی یەکگرتوو و هاوبەشدا، نزیکەی یەک حەوتوو دەبێ لە مانگرتنێکی یەکپارچەدان.

کچان و کورانی کورد، قارەمانەکانی نێو ئەشکەنجەگاکانی رێژیمی داگیرکەری ئێران، خوازیاری ئەوەن دەسەڵات دان بنێ بە شەخسیەتی سیاسی و مەدەنییان و رەفتاری گونجاو لەگەڵ ئەو کەسایەتییەیان لەگەڵ بکا، هەڵگرتن و دەست راگرتن لە دانی حوکمی ئێعدام و بەرێوەچوونی ئەو حوکمانە و راگرتنی خێرای ئێعدامی زیندانیانی سیاسی و کۆتایی هێنان بە ئەشکەنجە و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە لە کوردستان.

ئێمە ئەو حیزب و لایەنانەی ئەم راگەیێندراوە هاوبەشەمان دەرکردووە، وێرای نیگەرانیمان بۆ باری سەلامەتی مانگرتووان؛ لە داخوازەکانیان پشتیوانی دەردەبڕین. هەروەها خوازیاری ئازادیی هەرچی زووتری ئەوان و سەرجەم زیندانیانی سیاسی گەلانی ئێرانین.

مانگرتنی زیندانیانی سیاسیی کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەشێکە لەو خەباتە بێوچانەی لە ئاستی کۆمەڵگادا نزیکەی ٣ دەیەیە لە گۆڕێدایە و کۆماری ئیســـلامی بەهەموو توانایەوە هەوڵی بەچۆکدا هێنانی داوە، بەڵام بە خۆڕاگریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، سەرنەکەوتووە.

جێی خۆیەتی کە هەموو کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری مافەکانی مرۆڤ، بەپەلە و بێ راوەستان ئاوڕ لە دۆخی زیندانیانی سیاسیی کورد بدەنەوە و بۆ سەرخستنی هەنگاوەکەیان و وەدیهێنانی داواکانیان پاڵپشتییان لێبکەن و کۆماری ئیسلامی بخەنە ژێر گوشارەوە.

سڵاو لە رۆڵە قارەمانەکانی کورد کە لە ئەشکەنجەگاکانی کۆماری ئیسلامیدا، کۆڵنەدەرانە دیفاع لە خۆیان و گەلەکەیان دەکەن.

پارتی ئازادیی کوردستان
حیزبی دیمۆکراتی کوردستان
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردەکانی خوراسان

بریتانیا
٢٠٠٨-٩-٠٢




بەشداربووانی ڕێورەسمەکە و هەیئەتی حدک

# بەشداری لە یادی دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی ٢١ی سـپتامبری ٢٠٠٨ لەسەر بانگێشتی پارتی دێموکراتی کوردستان لە لەندەن پایتەختی بریتانیـا هەیئەتێکی حیزب پێک هاتوو لە بەڕێزان مەولود سـوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا محمەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب یوسف بهرامی ئەندامی کۆمیتەو ئاسـۆ شەخسە بەشداریان کرد لە ٦٢ هەمین سـالی یادی دامەزرانی پارتی و ٤٧ سالەی هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلول.

لەو سـاڵیادە دا کە بەشێکی زۆر لە حیزبە عێراقی و کوردسـتانیەکان بەشدار بوون و پەیامی خۆیان خوێندەوە، هەیئەتی حیزب بۆ ئەو یادە پەیامێکیان ئامـادە کردبـوو کە لایەن کاک محمـەد میراوەی بەرپرسـی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا پێش کەش کرا.

لەکۆتایـی دا هەموو لایەنـەکان بەیەکەوە میوانی ئێوارە خوانێک بوون کە حیزبی خانە خوێ بە بۆنەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە ئامادەیان کردبوو.

## پەیامی پیرۆزبایی بۆ یادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڕێـزان، ئەندامان و لایەنگران و دۆسـتانی پارتی دێموکراتی کوردستان!

بەبۆنـەی ٦٢هەمیـن سـاڵیادی دامەزرانـی پارتە تێکۆشەرەکەتان و ٤٧ هەمین ساڵ یادی هەڵایسانی شۆرشی ئەیلول، پر بە دڵ پیرۆزبایی لە ڕێبەرایەتی پارتی دێموکراتی کوردسـتان، کادر و پێشمەرگە، ئەندامانی پارتی و بنەماڵەی سـەربەرزی شەهیدان دەکەین و هیواداریـن کە ئەو یادە وەرییە ببێتە هەوێنی تێکۆشانی ڕۆژ بە ڕۆژ و مایەی یەکگرتوویی هەرچی زیاتری خەڵکی خۆڕاگری کوردسـتان و سەرکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لە ئەرکە نەتەوەیی و نیشـتمانیەکانی و لە خزمەت کردنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد.

پارتـی دێموکراتی کوردسـتان لە هـەل و مەرج و سـەردەمێک دا دامەزرا کـە دوای مێژوویەکی دور و درێژی خەبات و تێکۆشـانی گەلی کورد بۆ وەدەست



بەشداربووانی ڕێورەسمەکە

هێنانی ئازادی و مافی نەتەوەیی، سەرەنجام تروسکەی هیوایەک لە کەلـــی ئاوات دەرکەوتبوو و یەکەم کیان و دەسەڵاتی ئەو گەلە لە بەشێکی خاکی نیشتمان و لە چوارچێوەی حکومەتێکی تەواو ئازاد و دێموکرات دا بە ناوی «کۆماری کوردســـتان» بە ڕێبەریی زانا و بلیمەتی کورد پێشـــەوا قازی محەممەد دامەزرابوو و گولی هیواکان لە پشـــکوتن دابـــوو. هەرچەندە بە داخـــەوە تەمەنی کۆمار زۆر کەم بوو ، بەڵام بە حەق دەبێ بڵێن نموونەی هەرە پێشـــکەوتوی حکومەتێکی دێموکرات لە سەردەمی ئەو کاتەی شەڕ و خوێن و دوا کەوتوویی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بوو.

دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردســـتان لەو سەردەم دا موژدەیەکـــی دیکە بوو بۆ ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە بەشێکی دیکەی نێشتمانی پارچەکراو، بە تایبەتیش کە ســـەران و پێشمەرگەکانی پارتی و لە سەرووی هەموویانەوە خوا لێخۆشبوو ژنراڵ مەلا مستەفا بارزانی نەمر، کە پێش دامەزرانی پارتیش ســـاڵانێکی زۆر بە دژی حکومەتـــە دیکتاتۆرەکانی عێراق بۆ وەدەســـت هێنانـــی مافـــی ڕەوای گەلەکەیان لە تێکۆشـــان و قوربانی دان دابوون، پێشمەرگە و سەرباز و پارێزەری «کۆماری کوردســـتان» بوون و بە گژ دوژمنانی ئەو کۆمارە دا دەچوونەوە.

قۆناغێکی دیکەی خەباتی پارتی دێموکراتی کوردستان هەڵگرساندنی شۆڕشی ئەیلول بوو، کە دوای قۆناغی کۆمار دەتوانین بڵێن تا ڕادەیەکی زۆر نا ئومێدی باڵی بە سەر گەلی کورد دا

کێشـــابوو ئەو شۆرشـــە مەزنە کە بە خوێنی دەیان شـــەهیدی قارەمانی کورد نەخشـــاوە، ڕوناکی دەر و موژدە بەخشی ئەو سەردەمە بوو.

پارتی دێموکراتی کوردســـتان ئەگەر لە ســـەردەمی هیوایەک دا لە دایک بوو، ئێســـتاش دوای تێپەڕینی ٦٢ ساڵ خەبات، شان بە شانی هێزە شۆڕشگێرەکانی دیکەی باشووری کوردســـتان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا هیوایەکی گەورەتریان بە گەلی خۆیان بە خشـــیوە، کە هیواداریـن بە یەکگرتنی زیاتری ئەو هێزانە ئەو خەونانەش کە ماون بە زویی وەدی بێن.

بە هیوای وەدەستهێنانی ئاواتە بەرزەکانی گەلی کورد لە سەرتاسەری کوردستان.

جارێکی دیکە بە بۆنەی یادی ٦٢ ســـاڵەی دامەزرانی پارتی و ٤٧ ســـاڵەی هەڵایســـانی شۆڕشی ئەیلول پیرۆزباییتان ئەرز دەکەین.

بە نوێنەرایەتی
حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا
٢١ی سپتامبری ٢٠٠٨



لۆرد ئیریک ئیفبری

# دانیشتن لەگەڵ بەڕێز لۆرد ئیریک ئیفبری

ڕێکەوتی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨ کاتژمێری ٣ی دوا نیوەڕۆ لە ماڵی لۆردەکان دانیشتنێکمان بوو لەگەڵ بەڕێز لۆرد ئیریک ئیفبری.

مەبەستی دانیشتنەکە:

١-لەمەر مافی مرۆڤ لە کوردستان و هەلسوکەوتەکانی رژیم لەگەڵ زیندانیانی سیاسی و دواین هەواڵ و باس و خواسەکانی زیندانیانی سیاسی کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران، هەروەها لیستێکی ئامادەکراو هەرچەند پێشتریش پێیان درابوو بەلام جارێکی تریش ئەو لیستە کە لەسەر کوژران و زیندانی کران و........... لە شەش مانگی رابردوودا ئامادە کرابوو پێشکەشی کرا.

٢- پێشنیار بۆ دروست کردنی کۆمیتەیەک بۆ کارو بەدوا چوونی پەروەندەی دوکتۆر قاسملو.

بۆ ئەم کۆمیتەیە:

١-لۆرد ئیریک ئیفبری سەرپەرست و بەرپرسی یەکەمی کۆمیتەکە دیاری کرا.

٢- پێشنیار کرا کە کۆمیتەکە پێنج کەس بێت و ئێمە دیاری دەکەین.

٣- لە یەکێک لە زانستگاکان بریتانیا ناوەندێک بۆ زانیاریەکانی پیوەندی دار و بابەتەکانی دوکتۆر قاسملو ئامادە بکرێت و هەموو بەڵگەکان و............ کۆبکرێتەوە لە داهاتوو دا وێب لاگی تایبەتی بۆ دروست بکرێت.

٤- نامەیەک ئامادە بکرێت بۆ پیوەندی گرتن و داوای زانیاری لەگەڵ بەڕێزان:

بەنیسەدر سەرۆک کۆماری پیشووی ئیران

هلێن (نسرین خانم)

پیترپیلز

حیزبی دێموکراتیش هەرزانیاریەکی لەم پیوەندیەدا هەبێت ئامادەی بکەن.

ئەو نامانە لە لایەن لۆرد ئیریک وە دەنوسرێن و ئەو کۆمیتەیەش لە هەموو کارەکان ئاگادار دەکرێتەوە.

ئەم دانیشتنە یەک سەعاتی خایاندو بەڕێز دوکتور سەعید شەمس ئامادەی چاوپێکەوتنەکە بوون.




مەولود سوارە نوێنەری حدک

## بەشداری نوێنەری حیزب لە کنفرانسی سالانەی

# حیزبی کارگری بریتانیا

لە ژێر دروشمی بەربەرەکانی بۆ سەرکەوتنی داهاتوی بریتانیا، حیزبی کارگەر کە ئێستا سەرۆکایەتی دەوڵەتی بریتانیا دەکا، لەرۆژانی ٢٠ تا ٢٤ سـپتامبری ٢٠٠٨ لە شاری مەنچستەر کنفرانسی سالانەی خۆی بەست.

کنفرانسی حیزبی کارگر لەبەر جێگەو پێگەی دەولەتی بریتانیـا لە سیاسـەتی نێونەتەوەیـی دا گرینگێکی تایبەتی هەیەو جێگای تێرامان و هەڵوێسـتە لەسـەر کردنە . چونکە لەو کنفرانسە دا سەرەرای پێداچوونەوەو دارشتنەوەی سیاسـەت و قەوارەی حیزب، سیاسەتی داهاتـووی دەولەتـی بریتانیاش هەر لـە وێدا چاوی پێدادەخشێندرێتەوەو سەر لەنوێ دادەرێژرێتەوە . بۆیە ئەو کنفرانسـە زور بەوردی لەلایەن میدیای گشـتی و بەتایبەتیش دەزگا راگەیاندنەکانـی ناوخۆی بریتانیا بەوردی خرابۆە ژێر چاوەدێری تەحلیل و تەفسیری جیا جیای لەسـەر دەکراو لەبەر هێندێک شکستی ئابووری ئەو وڵاتە وەکوو یەکێک لـە گەورەترین ئابووریەکانی دونیا، تارادەیەکی زۆریش کەوتبۆ بەر رەخنەی توندی رای گشتی بریتانی و بەتایبەتی ئەحزابی ئوپۆزسیون.

بۆ ئەو کنفرانسـە سـەرجەم ٢٨١ حیـزب و لایەن و دیپلۆمات و سەفارەتی وڵاتانی دونیا بانگێشت کرابوون، کە تیایاندا: ١٠٠ حیزبی دەستە خوشکی حیزبی کارگەر ١٤٠ سـەفیرو دیپلۆمـات کاری خاریجی و ٢٨ حیزبی نێونەتەوەیی بەرچاو دەکەوتن، کەبەشداری ئەو بەشە زۆرەی میوانانی خاریجی جێگای بایەخێکی زۆر بوو بۆ حیزبی کارگەر و رای گشتی بریتانیایی.

رۆژی ٢٣ی سـپتامبری کاتژمێر ٢ونیوی دوای نیوەرۆ لە بەشـی نێونەتەوەیی دا تەرخان کرابوو بە حزوری میوانەکان.

لەو بەشـەدا خانمی سـارا براون هاوسـەری گۆردن براون سـەرۆک وەزیری بریتانیا چووە پشـت تریبون و دوای بەخێرهاتنـی میوانـەکان ئاورێکـی کورتی لـە کاروکردەوەکانـی حیزبی کارگر دایەوەو باسـی دەسـکەوتەکانی ئەو حیزبەی لەنێـوان دوو کنفرانس دا کـردوو لەوبارەیەوە فیلمێکی دۆکیومێنتی پێشـانی







بەشـــداران درا لەگەڵ چەند پەیام کە یەکێـــک لەوان پەیامی بارەک ئۆباما بوو.

دوا بە دوای فیلمەکە ســـارا بـــراون داوای لەگۆردن براون کرد بێتە سەر ســـتەیج و ووتاری خۆی پێش کەش بکات. ووتاری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا ئیشارەیەک بوو بە وەزعی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـت و پێ لەسەر سەقامگیری ئاشـــتی و چەسپاندنی دێموکراسی لەو ناوچەیەدا گرت.

بەشـــی هەرەزۆرو جێگای بایەخی ووتارەکـــەی گۆردن براون تەرخان کرابوو بۆ وەزعیەتی نێوخۆی بریتانیاو ئەوپێشکەوتن و دەسکەوتانەی کە حیزبی کارگەر بەدەستی هێناون لەساڵانی ڕابردوودا.

لەبەشـــێکی دیکە دا هەروەها باســـی لە جیاوازیەکانی نێوان حیزبەکەی خۆی و حیزبی ڕەکابەری واتە حیزبی محافزەکاری بریتانیا کرد.

کاتژمێـــر ٥ی دوانیوەڕۆ لە یەکێک لە ســـالۆنەکانی کنفرانس تەرخان کرابوو بۆ پرسیارو وەڵام بۆ میوانانی بەشدار کەلەلایەن بەڕێـــزان: دیز براون وەزیری بەرگری و دیوید میلیباند وەزیری دەرەوە وەڵام درانەوە.




کاتژمێری ٦ بۆ ٨ی ئێوارە تەرخان کرابوو بەبەشداری میوانەکان لە ئێوارە خوانێک دا کە حیزبی خانە خوێ ئامادەی کردبوو.



لەساڵۆنی پەزیرای سەرۆک وەزیر گۆردن براون و دیوید میلیباند بەگەرمی بەخێرهاتنی میوانەکانیان کردو سوپاسی ئامادەبوونی بەشـــدارانیان  کردو گۆردن براون ئیشـــارەی بەوە کرد ئاشنا بوون و بیروڕاگۆرینەوە لەگەڵ ئێوە سەرکەوتوونی زیاتری بەدوا دادێت و هیوای خواست کە لە کۆنفرانسی داهاتووشدا بەشدار بن و بیان بێنێتەوە.

لەسەر بانگێشتی حیزبی کارگەر  کاک مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا بەشداری ئەم کنفرانسە بوو.



نوێنەری حیزب لەو کنفرانسە دا چاوی بەزۆر کەس لە لایەن و کەسایەتیە خاریجیەکان کەوت لەنێو ئەوان دا:

بەرێزان:

گۆردن براون سەرۆک وەزیری بریتانیا

دیفید میلیبان وەزیری دەرەوە

لویس ئەیالا سکرتێری سۆسیالیست ئینترناسیونال

خانمـــی کۆلیت ئابیتال نوێنەرو ووتە بێژی حیزبی کرێکاری ئیسرائیل

هوو بیان سکرتێری یەکەمی سەفارەتی چین

ڕافائێل مۆرینۆ سەفیری وڵاتی شیلی.




بەرێز سوارە لەگەڵ هەرکام لەوانە باسێ وەزعیەتی ڕۆژهەلاتی کوردســـتان و مافی مرۆڤ و بەتایبـــەت وەزعی زیندانیان و مانگ گرتنی زیندانیەسیاســـیەکانی کـــوردی کردو هەروەها لەو بارەیەوە ڕاگەیەندراوێکـــی کۆمیتەی دەرەوەی حیزب و لیســـتەیەکی ئامادەکراو بەناو موشەخەسات و حوکمەکانی دیاری کراو بۆ زیندانیانی سیاســـی،ئیعیدام کراو و بێسەرو شـــوێنەکان، کوژرانی بەئەنقەســـتی خەڵک کوژران بریندار بوونـــی خەڵک بەمینە چێندراوەکان و........ لەســـەرەتای ســـاڵی ٢٠٠٨ وە تا ١٥ی سپتامبر کە بەشێوەی نامیلکەیەک ئامادە کرابوو، درایە دەســـتی بەرێزگـــۆردن براون و دیفید میلیباند و هەموو ئەو کەســـانە کـــە نوێنەری حیزب چاوی پێیان کەوت و هەروەها بەناو بەشدارانی دیکەی کنفرانس دا بڵاوکرایەوە. هەروەها نوسخەیەک لەو لیستە درایە کاناڵی بی بی سی ٢ بەشی خەبەری.



جێگای ئاماژەیە کە جگە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، نوێنەرایەتـــی حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان و یەکیەتی نیشتیمانی کوردســـتان تەنیا لایەنی کوردستانیی بەشداری ئەو کنفرانسە بوون







بەڕێوەبەرانی سمینارەکە ...

# سمیناری تشکیلاتی بۆ بەڕێز کاک مستەفا شەلماشی

## ئەندامی دەفتەری سیاسی و نەفەری یەکەمی حیزب لە دەرەوەی وڵات

سەعات ٢ دوا نیوەڕۆی ٢٧ سێپتامبری٢٠٠٨ لە شاری بێرمینگهام سمینارێکی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی حیزب لە بریتانیا گیرا. سمینار کە هەر دوو تێکۆشەری دێرین کاک هاشمی کەریمی وەک میوان تێدا بەشدار بوو، بە ١ دەقیقە وەستان بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. پاشان کاک محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی بریتانیا سمیناری کردەوە و بەخێرهاتنی کاک مستەفا و بەشدارانی سمیناری کرد.

بە دوای ئەو دا کاک مەلود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد و یادێکی لە لە ١٥ هەمین ساڵی تێرۆری دکتۆر سادقی شەرەفکەندی و هاورێیانی لە ڕێستورانی میکونوسی ئاڵمان و ١ ساڵەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین کاک عوسمان رەحیمی راوێژکاری دەفتەری سیاسی و شەهیدانی قۆناغی نوێی خەباتی حیزب، شەهیدان غەریب حەسەنی،هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری کردەوە. پاشان کاک مستەفا شلّماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات، بە وردی باسی کار و بوارەکانی حیزب بە گشتی، لە ماوەی نیزیک بە ٢ ساڵی رابردو دا و بە تایبەت دوای کۆنگرەی ١٤ کرد و هەلوێستەیەکی وردی

کرد لە سەر خاڵە بە هێز و لاوازەکانی ئەو کارانە و لەگەڵ ئەوەی ئیشارەی بە سەرکەوتنی باشی لەکارەکان دا لە ماوەی رابردو دا کرد، ڕێنماییشی دا بە هاورێیان کە چی بکەن بۆ ئەوە کە لە داهاتو دا بتوانرێ بە کار و کردەوەی زیاتر بەرەو پێشچون و سەرکەوتنی زیاتر وەدەست بێت.

کاک مستەفا باسی لە دروشمی فدرالیزم کرد کە یەکێک لە ماددەکانی بەرنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە، بە وردی شی کردەوە کە بۆ لە جێ دا فدرالیزم



بەشداربووانی سمینار

وەکو دروشمی ستراتیژی دیاری کراوە و ئیشارەی بە ئامانجەکانی گەلی کورد لەو کۆمارە فدراڵە دا کرد و باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر چی ئێمە دڵخوازانە دە سمیناری تەشکیلاتی کاک مستەفا شلماشی بەرپرسی نوێنەرایەتی دەرەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

کاک مستەفا باسی لە دروشمی فدرالیزم کرد کە یەکێک لە ماددەکانی بەرنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە، بە وردی شی کردەوە کە بۆ لە جێ دا فدرالیزم وەکو دروشمی ستراتیژی دیاری کراوە و ئیشارەی بە ئامانجەکانی گەلی کورد لەو کۆمارە فدراڵە دا کرد و باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر چی ئێمە دڵخوازانە دچێنە ناو ئەو دەسەڵاتە کە لە داهاتوی ئێران دا لە ئارا دا دەبێ، بەڵام دابێ حورمەت و ئیعتباری نەتەوەیی بۆ خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەکو بەشێک لە نەتەوەی کورد دابنرێ و نابێ جارێکی دیکە دەوڵەتی نەتەوە لە ئێران لە سەرکار بێت ئەوە کە ئێستا نەتەوەی باڵا دەست و پاوانخوازانی ئێرانی دا ناوی دەنێن «ملت ایران» ، بەڵکو دەبێ دەوڵەتی نەتەوەکان هەبێت و هەمو نەتەوەکانی ناو پێک هاتەی ئێران دەبێ وەکو یەک لە دەسەڵات و لە ئابوریی وڵات دا بەشدار بن. کاک مستەفا لەو نێوە دا ئیشارەی بە ناوی «کۆماری کوردستان» کرد کە حیزب لە بەرنامە دا گونجاندویەتی و ناوەرۆکی ئەو کۆمارەی بۆ هاورێیان شی کردەوە و وتی ئەوە نابێ تەنیا وەکو ناو چاو لێ بکرێ، بەڵکو ئێمە بە مانا جەهەریەکەی ئەو کۆمارەمان پێشنیار کردوە و وەختێک باس لە دانانی چارەنوس دەکرەێ، حیزب دەگەرێتەوە بۆ دەنگی خەڵکی کوردستان. هەروەها وتی ئێمە لە ئێران نەتەوەیەکین و لەگەڵ نەتەوکانی دیکە جیاوازیمان هەیە. ئێمە لە کوردستانەوە دەروانینە دەسەڵاتی مەرکەزی و تەنیا کاتێک خۆمان بە ئیرانی دەزانین کە مافی وەک یەکمان هەبێت لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران. ئێمە دەبێ کەسایەتی نەتەوەیی بۆ تاکی کورد دروست بکەین ئیدی لەوە نەترسین کە لەبەر تۆمەتی جیاوازی خوازی بە شەرمەوە بڵێین کوردین.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا بەرپرسی حیزب لە دەرەوەی وڵات، باسی لە گۆڕان و نوێ بونەوە لە



بەشداربووانی سمینار



بەشداربووانی سمینار

حیزب دا و لە هەمو ئاستەکان، سیاسی، تەشکیلاتی، دیبلۆماسی و هتد... کردو باسی لەو گۆڕانانە کرد کە لەو بارەیەوە لە ماوەی رابردو حیزب بەد ەستی هێناون و ئـەو هەنگاوانەی کە هەڵگیـراون و وتی بەڵام ئەوە سـەرەتایەکە بۆ رێفۆرم بۆ ئێمە نەک تەنیا بەس نیە، بەڵکـو دەبێ هیچ کات لە گۆران نەوەسـتین و ماندو نەبین، چونکە گۆران هی رۆژێک و دوو رۆژ نیە و لەگەڵ رەوتـی روداوەکانی دنیا ئێمـەش دەبێ ئاڵ و گۆر لە خۆمـان و لە کارەکانمان دا بکەین، ئەو رێفۆرمە دەبێ هەمیشەیی و بەردەوام بێت.

هەروەها وتی رێفۆرم تەنانەت لە ئەندامەتی ئەندامانی حیزبیش دا پێویسـتەو بـۆ هاورێیانی رون کردەوە کە دەبـێ چۆن ئەو رێفۆرمە بکرێ و باسـی لەو ماف و ئازادیانـە کرد کا دەبێ ئەندامانی حیزب هەیان بێت و لەو بوارە دا باسـی لەو شێوە سازماندەهییە کرد کە حیـزب دوای کۆنگرەی ١٤ کردویەتی و جیاوازی هەیە لەگەڵ هەمو ئەو قۆناغانەی کە حیزب لە مێژوی خۆی دا کردویەتی و ئەوەی بە هەستانەوەی حیزب ناو برد.

پاشـان کاک مستەفا باسـێکی لە قۆناغی ئێستای حیزب کرد و بەو بەرەوپێشچون دەسکەوتانەی کە لەو ماوەیە دا لە قسـە و هەڵویست وسیاسەتمان دا و بە تایبەت حزوری پێشمەرگە لە ناو خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردسـتان، وەدەسـت هاتون بە چاوی هیواوە لێی روانی وئیشارەی بە خۆشەویستیی رۆژ بە رۆژ زیاتری حیزب لە ناو خەڵکی کوردستان دا کرد و هیوای ئەوەی خواست کە هەنگاوی زیاتر و جیدیتر هەلبهێنرێتەوە و کاری زیاتـر و بێ ماندوو بون بکرێ بۆ ئەوە حیزب بە مانای تەواوی وشە ببێتە حیزبی خەڵکی کوردستان و سەرکەوتنی بەرچاوتر بۆ خەڵک بە دەست بهێنیت.

بەشی دوهەمی سمینار تەرخان کرابو بۆ باس و بابەت و پرسـیاری هاورێیان ، کە بەشێکی زۆر لە هاورێیان بەشداریان کرد نەزەر و سـەرنجەکانی خۆیان خستە روو پرسیاری بە جێیان کرد کە لە لایەن کاک مستەفا شڵماشی وڵامی پیویستیان درایەوە.

سمینار دوای ٣:٣٠ سەعات کاتژمێر ٥:٣٠ لە ناو شادی بەشداران دا کۆتایی پێ هات.



بەشداربووانی سمینار



بەشێک لە خۆپێشاندەران

# کومیتەی پشتیوانی لە
# گیراوانی سیاسی و مەدەنیی ئێران لە بریتانیا

بەمەبەستی پشتیوانی کردن لە زیندانیانی سیاسی مانگرتنێکی سێ رۆژە لە بەر پارلمانی بریتانیا بەڕیوە دەبا و رۆژی شەممەش بە خۆپێشاندانێک ، کۆتایی بە مانگرتنەکە دێنێ.

هادی بووتیمار بە نێوی کۆمیتەی پشتگیری لە گیراوانی مانگرتوولە زیندانە کانی رۆژهە لاتی کوردوستان و ئێران ـ کۆمیتەی بریتانیا ـ ووتیان کە ئامادەکاری دەکەین بۆمانگرتنێکی ٣رۆژە و بە شوێنیشـــیدا خۆپیشـــاندانێکمان لە بە ردەم پارلمانی بریتانیا رێکخســـتووە. گوتیشی: مانگرتنەکە لەرۆژی پێنجشەممە،هەینی وشەممە کات ژمێر ٩بەیانی تا ٧ی ئێوارە بە رێوەئەچێت و لە رۆژی شـــەممە ٢٠٠٨/١٠/٤، ســـێهە م رۆژی مانگرتنەکە، لە کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ بۆ ٥ ی ئێوارە لە بە ردەم پارلمانی بریتانیا هەمان شـــوێنی مانگرتنەکە خۆپیشـــاندانێک ساز ئەکرێت داوا و تکامان لەسەر جەم کوردانی دانیشتوی بریتانیا ئەوەیە کە بە بی جیاوازی حیزبی و سیاسی لەم خۆپیشاندانە کە رۆژی شەممە لە وێست منیستر لە پێش پارلمای بریتانیا دەکرێت بەشداری بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەر سێ رۆژەکەدا چالاکانە بەشدار بوو


گۆشەیەک لە نارەزایەتیەکان




پانێلی سمینارەکە ..

# سمیناری سیاسی تێکۆشەری ناسراوی کورد
# مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

رۆژی یەکشەممە ٩ی نوامبری ٢٠٠٨ کۆمیتەی بریتانیای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە شاری هودرسفیلد، سمینارێکی سیاسی بۆ کەسایەتی سیاسی کورد مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە پێک هێنا.

ئەو سمینارە کە بە بەشداری نوێنەرانی بەشێک لە حیزبە کوردستانیەکان و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب بەڕێوە چوو، بە سرودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و ١ دەقیقە بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە یاد و بیرەوەری شەهیدان دەستی پێکرد.

پاشان مامۆستا حەسەنزادە باسەکەی خۆیان بە ناوی کورد لە سەدەی ٢١ دا بە ٢ پرسیار، رێگا چارەی یەکجاریی مەسەلەی کورد کامەیە و داخوا ئەو دروشمە کە حیزبە کوردستانییەکان بۆ چارەسەری پرسی کورد هەڵیان گرتوە هەمووو ئەو ئاوات و ئارەزووانە کە هەمانە وەدی دێن، باسەکەی خۆیان دەست پێکرد.

پاشان بەڕێزیان بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە ڕابردوی خەباتی نەتەوەیی باسیان لەو دەستکەوتانە کرد کە بە داخەوە لە نێوان ململانێی زلهێزەکان دا لە کیسی کورد چوون و وتی: لەماوەی پەنجا ساڵ دا سەد وڵاتی تازە لە نەقشەی جوغرافیا پەیدا بوون و سەد ئاڵای تازە لە رێکخراوی نەتوە یەکگرتوەکان شەکانەوە . کەچی کورد لەو ڕەوتە دوا کەوت و سەری بێ کڵاو مایەوە.

پاشان مامۆستا ئیشارەیەکیان بە وەزعی ئێستا کرد و ئەو دەسکەوتەی باشووری کوردستانی بە شانازی ناو برد ئەگەر بە نیوەچڵی و نەچەسپاویش بێ و وتی: بەڵام ئێمە ئێستاس لە باشوور کارمان زۆر ماوە و رێگایەکی دوور و درێژمان لەبەرە. هێشتا بەشی هەرەزۆری خاکەکەمان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە و ئەوەی هەشمانە تا ئێستا نە چەسپاوە. خۆ دیارە لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشکە بە هەموویانەوە پێنج هێندەی باشووری کوردستان زیاترن جارێ هەر حاشا لە بوونمان دەکرێ. کە وایە بۆ ئەوەی سەدەی ٢١یشمان



بەشداربووانی سمینار

لە کیس دەست نەچێ پێم وایە دەبێ هەنگاوی گەورەی نەتەوەیی هەڵێنینەوە، هەنگاوی وا کە بتوانێ ئەو مەودا دوور و درێژەی لە پێشـــمانە لە ماوەیەکی  کورتتر دا ببڕێ. بەڕێز حەســـەنزادە لەوبارەیەوە ئێشارەی بەوە کرد کە: با ئەوەی دۆستان و دوژمنانمان لێی ئاگادارن چی دیکە نەیشـــارینەوە و بە ڕاشکاوی بڵێین هەقمانە چارەنووســـی خۆمان لە هەر شکڵێکی گونجاوو یەک لەوان دەوڵەتی یەکگرتووی ســـەربەخۆ بەدەســـتەوە بگرین. ئەمەش نـــەک جیابوونەوە و لەتکردنی خاکی هیچ کەس نیە بەلکـــوو یەکگرتنەوەیەکی داخوازانەیە دوای لەتبوونێکی دا سەپاوو زۆردارانە.

مامۆســـتا بە ڕوون کردنەوەی هەل و مەرجی خەباتی هـــەر کام لە پارچەکانی کوردســـتان ، داوای کرد کە پێوەندی یە ناوخۆیی و ناوچەییەکان لە بەرچاو بگیرێن و دەست لە کارو باری یەکتر وەرنەدرێ و گیر و گرفت وکۆسپ نەخرێتە سەر ڕێگای خەباتی یەکتر. تەنانەت دەبێ هەل ومەرجی یەکتریش ئەوەندە دەبێ تێ بگەن و هەڵســـەنگێنن کە پێوەندیی بزووتنەوەی بەشێکی کوردســـتان لەگەڵ دەوڵەتی دەســـەڵاتداری بەشێکی دیکـــە نە بگاتە ئەو ڕادەیە کـــە زیان بە قازانجەکانی ئەو بەشـــە بگەیەنێ و سنووری سەربەخۆیی بڕیاردان ببەزێنـــێ، نە بە ناهەق و نـــاڕوا لەلایەن خەڵکی ئەو بەشـــەوە بە بەستراوەیی و کلکایەتی و چی و چی لە قەڵەم بدرێ.

مامۆستا حەســـەنزادە لەو بارەیەوە زیاتر دوا و وتی: ئاشکرایە کە دەرەتانی ئەوە نیە ئەم بەشەی بزووتنەوە بە چەک و چەکدار و کەرەســـەی شەڕ پشتیوانی لەو بەشەی دیکە بکا. بەڵام هەروەک نموونە بڵێین هیچ قانوونێـــک و هیچ دەوڵەتێک و هیچ کۆڕ و کۆمەڵێکی نێونەتەوەیی هاوپێوەندی سیاسی و یارمەتی دەرمانی و خۆراکـــی و بە گشـــتی کۆمەگی ئینســـانی وڵاتێک بـــە وڵاتێک بە تاوان دانانێ هەتـــا دەگا بە کۆمەگ و پشتیوانی دوو بەشی نەتەوەیەک بە یەکتر و لە یەکتر. کە وابوو لە هەل و مەرجێکی وا دا هێزە سیاسیەکانی کورس هەموویان و لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا قسەت خۆیان بکەنە یەک و داخوازە ڕەواکانی نەتەوەی



بەشداربووانی سمینار



بەشداربووانی سمینار

کورد بە یەک زمان و یەک بۆچوون و هەر لەو کاتە دا بە لەبەرچاوگرتنی هەموو تێبینی یەکان بێننە گۆڕێ و تێکڕای ئاڵترناتیڤەکانی چارەسەری مەسەلەی کورد و وەدەستهێنانی مافی دیاری کردنی چارە نووس بۆ گەلەکامان لێک بدەنەوە و تاوتوێ یان بکەن.

مامۆستا حەسەنزادە بەگرینگی دان بەو مەسەلەیە زیاتر دوا و وتی: هێزە سیاسیە کانی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کورد و ێبەرە سیاسیەکان ئەرکێکی گرینگیان دەکەوێتە سەرشان و بڕیارێکی «بۆ هێندێ کەس» سەختیان لە پێشە. ئەویش ئەوەیە کە بەرگی حیزبایەتی و دەمارگرژیی ڕێکخراوەیی لەبەر خۆیان داڕنن جارێک بۆ هەمیشە و پێکەوە قبووڵ بکەن کە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی ئامرازە و ئامانج گەل و نیشتمانە و دواڕۆژی نەتەوەی کوردە.

مامۆستا لە کۆتایی باسەکەیان دا باسیان لەو کۆنفرانسە کرد کە قەرار وابوو کە لە ئۆکتۆبری ڕابردوو دا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ببەسترێ، کە بە داخەوە نەکرا و لەو بارەوە داوای کرد کە ئەگەر لەبەر هەندەێ تێ بینی سیاسی و دیپلۆماسی نەکراوە ئەو کۆنفرانسە لە پێتەختی هەرێمی کوردستان ببەستری، بەرنامەڕێژانی کۆنفرانس و دڵسۆزانی دیکەی کورد نابێ واز لە فکرەکە بێنن و دەبێ هەوڵ بدەن لە وڵتێکی دەرەوە کە ئەو جۆرە تێبینی یانەی لێ ڕەچاو نەکرێ ئەو ئەرکە پیرۆزە نەتەوییە بە ئەنجام بگەیەنن.

مامۆستا ئەو کۆنفرانسەیان بە دەرفەتێک زانی کە دەبێ بۆ نەخشە دانان لە پێناوی دەست پێکردنی قۆناخێکی پێشکەوەتووتری خەباتی نەتەوایەتی کورد دا بقۆزرێتەوە و وتی: خەمساردی لە پێکهێنانی ئەم مۆنفرانسە دا و لەویش زیاتر بە فیرۆ دانی ئەم دەرفەتە یان خەریک کردنی بە هێندهێ باسی کەم بایەخی لاوەکیەوە دەتوانێ زەبرێکی گەورە لە کۆشکی ئاواتی ئەو دڵسۆزانە بدا کە چاویان بڕیوەتە ئاسۆی یەکدەنگی و یەک هە ڵوێستیی کورد.

دوا بەشی سمینار تەرخان بوو بە پرسیار و نەزەر و تێبینی بەشداران کە لە لایەن مامۆستاوە وڵامی پێویستیان درایەوە.



بەشداربووانی سمینار

Kurdistan Democratic party's activity in the United Kingdom

2011 . 2008




# کۆبونەوەی شورای ئینترناسیونالی سۆسیالیست

## ڕۆژانی ١٧ و ١٨ نوامبری ٢٠٠٨ مکزیک (نیو فالێرتا)

---

**شعاری کۆبونەوەی شورا:**

**جوابی جیهان بینانەی سۆسیال دێموکرات بە قەیرانی ئابووریی دونیا**








هەئیەتی بەشداری حدک

لەسەر بانگهێشتی سۆسیالیستی ئنترناسیونال بۆ بەشداری کردن لە کۆبونەوەی شورای ئەم ڕێکخراوەیە هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە بەڕێزان مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا و بەرپرسی پیوەندی لەگەڵ سۆسیالیستی ئنترناسیونال و کاک کامەران باڵنوور بەرپرسی پیوەندیەکانی حیزب لە ئەمریکا بەشداری ئەم کۆبونەوەیە بوون.

ڕێکەوتی ١٦ی نوامبری ٢٠٠٨ کاتژمێری ١١و نیوی سەرلەبەیانی لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی پێرتۆ فیارتا کە شارێکی توریستیە لە مکزیک لە لایەن هەیئەتی سۆسیالیستی ئنترناسیونال پێشوازیان لێکرا و بۆ شوێنی حەوانەوەی خۆیان بەڕێکران.

**دەستوری کاری دوو ڕۆژەی شورا:**

جیا لەپەیامەکان و بەخێرهاتن

١)گەڕانەوەی سیاسەت

ناکارایی ڕۆلی حکومەت لەبواری ڕێکخستنی بەرنامەی کار بۆ ئامادەکردن و جێ بەجێ کردنی دادوەری لە ئابووری دونیا دا.

٢) هەڵبژاردن و سەرکەوتنی بەڕێز ئۆباما

٣) کارکردن بۆ دادوەری کۆمەڵایەتی کە بریتیە لە ئابووری کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکان، پێشەنگی لە داهێنانە نوێیەکاندا.

پرسیارو وەلامی بەشی یەکەم

٤) دەستنیشان کردنی نایەکسانی هەرێمایەتی، تێڕوانینی ئەمریکای لاتین و کاریبی.

پرسیارو وەڵام

٥) دامەزرانی کۆمیتەی سەرەکی هەریمایەتی و هەڵبژاردنی سەرۆکەکان.




یەکێک لە دانیشتنەکانی کۆنگرە


هه‌ئیه‌تی به‌شداری حدک

٦) هه‌ڵبژاردنی یاسایی ئه‌ندامانی كۆمیسیۆن.
چـاو لێكردن و پـێ داچوونه‌وه‌ بــه‌ دۆكیومه‌نته‌كانی و بریاره‌كانی ئه‌نجوومه‌نی (شورا)
دیاری كردنی كۆبونه‌وه‌ی داهاتوویی شــورا (مه‌وكول كرا به‌ دوای)
كۆنگره‌ی ڕۆژنامه‌وانی.
كۆتایی.

## ڕۆژی یه‌كشه‌ممه‌ واته‌ ١٦ی نوامبر كاتژمێری ٧ بۆ ٩ی شه‌و

له‌لایه‌ن دوو حیزبی مكزیک PRD – PRI
پارتی شۆرشگێری دیموكراتی مكزیک
پارتی شۆرشگێری ده‌ستوری مكزیک
بانگهێشـــتنێک ڕێكخـــرا. ئه‌م دوو حیزبــه‌ی خانه‌ خوی ئه‌ندامانی ئه‌ســلی سۆسیالیســتی ئێنترناســیونال و له‌ ڕێكخستن و چاوه‌دێری به‌سه‌ر كاروباری گشتی كنفرانس و میوانداریه‌كان به‌رپرس بوون.
له‌و زیافه‌ته‌دا له‌گه‌ڵ به‌شـێكی به‌رچـاو دیدارو ووتووێژو تعارفات كرا كه‌ ده‌كرێ ئیشاره‌ به‌:
خانمی گـۆده‌ لۆپی ئاكۆســتانارانگۆ ســه‌رۆكی پارتی شۆرشگێری دیموكراتی مكزیک.
به‌رێز جۆرج پاپاندرۆ سه‌رۆكی سۆسیالیست ئێنترناسیونال
به‌رێز لویس ئه‌یالا سكرتێری سۆسیالیست ئێنترناسیونال
سه‌عید حه‌مید بالوێزی فه‌له‌ستین له‌ مكزیک
كۆبونه‌وه‌ی شــورای سۆسیالیســتی ئێنترناسیونال كه‌ له‌ ڕۆژانی ١٧ و ١٨ ی نوامبری ٢٠٠٨ به‌ به‌شداری ٦٨ وڵات و ٢٢٦ شه‌خسیاتی سیاسی و حیزبی و ئه‌ندامانی پارلمان و بالویـز و....... لــه‌ زانكۆی گوادلاهورا له‌ شــاری نیو


هه‌ئیه‌تی به‌شداری حدک



هەئیەتی بەشداری حدک

فالارتا کاتژمێری دەو چل دەقیقە بە کاتی مکزیک لە لایەن بەڕێز لویس ئەیالا سـکرتێری سوسیالیست ئنترناسیونال بەبەخێرهاتن و دەستوری کاری دوو ڕۆژەی ئەم ڕێکخراوەیە کرایەوە .

پاشان لەلایەن سەرۆکی زانکۆ لەگەڵ بەخێرهاتن و داوای سەرکەوتن بۆ کۆبونەوەکە ووتەیەکیان پێش کەش کرد .

بەڕێز ئەی گۆزیلاز سینشز شهرداری نیو فالێرتا بەخێرهاتنی میوانانی کرد .

ئەوجـار نۆرە گەیشـتە بەڕێز جۆرج پاپاندرۆ سـەرۆکی سۆسیالیست ئینترناسیونال و ووتەیەکی بە پێزیان پێش کەش کردو و ئیشارەیان بەوە کرد کە ئیمە بەڵینی دەدەین بۆ ئەوەی دونیایەکی باشتر لەباری ئابوریەوە دروست بکەین بەکەڵک وەرگرتن لە ڕابردوو و بەو ئەزمونانەی کە هەمانە و بەپێک هێنانی هێندێک ریفۆرمی باش و بەهیز و بەکەڵک ئەو بەڵێنیە دەتوانێ جێگرو موئەسر و سەرکەوتوو بیت، کاتی ئەوە هاتوە کە سۆسیالیست ئنترناسیونال جارێکی دیکە خاڵە سەرەکیەکانی خۆی بۆ دونیا دوپات بکاتەوەو بنەمالەی جیهانی چی دیکە ناتوانێ شاهیدی ئەوە بێ کە هێندێک لایەن و خەڵکان بەکەیفی خۆیان بی ئەوەی لەژێر هیچ چاوەدێریەک دابن ئابووری دونیا بخەنە مەترسیەوە .

چۆن لەسـالێ ١٩٨٩ دیواری برلین روخا و گرینگی خۆیی هەبـوو لەسـالی ٢٠٠٨ دا دیواری ئابووری دونیا توشـی قەیـران بووەو هەروەها بەهۆی ئەم قەیرانەوە زۆر کەس و بنەماڵەو شـیرکەت و ....... تووشی ورشکستگی و حتی رادەی لەبین چوون بوون .

ئیمە هەوڵ دەدەین کە بە هەموو توانامانەوە چارەسەرێکی باش لەژێر ناوی سۆسیالیسـت ئنترناسـیونال بۆ دونیا پێشنیار بکەین و ببین بە هۆی چارەسەری ئەم گرفتە .

پاش تـەواو بوونی کۆبونـەوەی ڕۆژی یەکەم پارێزگاری ئەیالەتی نەیارات بانگێشتنێکی بۆ میوانان رێک خستبوو کە لەم میوانیەدا زۆربەی شێوەکانی گۆرانی و هەڵپەرکێ کانی کولتوری مکزیک نیشان دران .

بەشێک لە دیدارو چاوپێکەوتنەکان:

بەرێزان: گواتی مۆک کاردێ ناس سـۆلۆژ سانۆ ، جێگری پارتی شۆرشگێری دێموکراتی مکزیک .

٢- خانمـی ئانتی گۆنی ، مشـاویری پاپاندرۆ و هەروەها



هەئیەتی بەشداری حدک


هەئیەتی بەشداری حدک

جێگری سەرۆکی ژنان لە سۆسیالیست ئینترناسیونال و ئەندامی پاسۆک.

٣- خانمی میتگ مۆن ، ئەندامی پارلمانی بریتانیا و سەرۆکی گرووپی کوردان لە لیبرپارتی.

٤- خانمی ماریا مەنۆئێل ئەگۆستۆ ، سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی پرتەقال.

٥- بەرێز هۆکان یوهۆڵت ، ئەندامی پارلمانی سوئید و جێگری سکرتێری سۆسیال دیموکراتی سوئێد.

٦- بەرێزان:

هاش ئەحمەد ، وەزیری مالی پۆلیساریۆ

خانمی فاتیمە مەحید ، سکرتێری ژنان پۆلیساریۆ

ئەحمەد مولای عەلی ، بالوێزی پۆلیساریۆ لە مکزیک

٧- خانمی ئاناهید سیتێ فانیە ، لە حیزبی سۆسیالیستی ئەرمەنستان

٨- بەرێز هۆگۆ سۆسە ، پارتی سۆسیالیستی ئەورووپا

٩- بەرێزان خانمی لیسە کریستۆفێرشن ، ئەندامی پارلمانی نورویژ

و خانمی ماریاهێفزی، مشاوری سیاسی لە حیزبی کارگەری نورویژ.

لە سەرجەمی دیدارو چاوپێکەوتنەکاندا لەسەر مەسائیلی رۆژ و هەروەها باسەکانی پیوەندی دار بەکورد لە رۆژهەلاتی نێوەراست و زیندانیانی سیاسی کە بۆ ئەم مەبەستە دەفتەرچەیەک لە ئیعدام و گیران و .......... لە شەش مانگی ساڵی ٢٠٠٨ ن ئامادە کرابوو پێش کەش کران.

جیا لەو باسانە لەگەڵ بەرێز لیسە کریستۆفێرشن ، ئەندامی پارلمانی نورویژ لە پیوەندی لەگەڵ کاروباری پەنابەران و هەڵسوکەوتی دەوڵەتی نورویژ لەم بارەوە دواین و گلەیی و گازندەمان لێکردن لەمەر رەوشی پەنابەران و بێ جواب هیشتنەوەیان.

دیداو و چاوپێکەتنی تایبەت لەگەڵ خانمی ئانتی گۆنی مشاویری پاپاندرۆ و هەروەها جێگری سەرۆکی ژنان لە سۆسیالیست ئینترناسیونال و ئەندامی پاسۆک لە پیوەندی لەگەڵ یەکیەتی ژنانی دیموکرات و بەشداریان لە داهاتوودا لە کۆبونەوەکانی سۆسیالیست ئنترناسیونال.

کۆبونەوەی شورا کات ژمێری ٢ی پاش نیوەڕۆی ١٨ نوامبر کۆتایی بەکارەکانی هێناو بەرێز لویس ئەیالا سکرتێری ئەم رێکخراوەیە پرێس کنفراسێکی لەپیوەندی لەگەڵ تەواو بوونی کاری ٢ رۆژە پێک هێنا.



هەئیەتی بەشداری حدک


Reunión del Consejo de
la Internacional Socialista




2008
[HUMAN RIGHTS FOR
KURDISH PEOPLE]
SOLIDARIDAD GLOBAL
La Valentia de
Lograr la Diferen


هەئیەتی بەشداری حدک

## بەشداری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە سمیناری
# بە رێز سەرۆکی پارلمانی کوردستان

ڕێکەوتی ٧ی دسامبری ٢٠٠٨ لەسەر بانگێشتی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردســـتان پێک هاتوو لە بەرێزان مەولود سوارە و محەممەد میراوەیی لە سمیناری بەرێز کاک عەدنان موفتی سەرۆکی پارلمانی کوردستان ئامادە بوون.

کاک عەدنان کە بە سەرپەرستی هەیئەتێکی پارلمانی لە سەر بانگهێشتی ڕەسمی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا هاتبوو ئەم وڵات لە ڕۆژی یەک شەممە لەگەڵ کوردانی دانیشتوی بریتانیا بۆ باس کردن لەسەر هێندێک باس و بابەتی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق دانیشت و لەسەر مەسئلە هەنووکەیەکانی پارلمان بۆ بەشداران دوان.
بەرێز سەرۆکی پارلمان لەم کۆبونەوەیەدا تەوەرەکانی پیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی، بودجەی هەرێم، یاســـاکانی ڕۆژنامەوانی و باری کەســـیەتی یەک لەوان مەسئەلەی فرە ژنی بۆ بەشداران شی کردەوە.
بەشێکی تری کۆبونەوەکە بەشداری چالاکانەی ئامادەبووانی سمینارەکە بوو.


بەشدار بووانی سمینارەکە



پۆستەری ڕێورەسمەکە

# سمیناری ٢ی ڕێبەندان لە بریتانیا

# ساڵرۆژی دامەزراندی کۆماری کوردستان

ڕۆژی ١٧ی جانیوەری ٢٠٠٩ لە لەندەن پێتەختی بریتانیا سـمینارێک بۆ بەڕێزان کاک هاشمی کەریمی تێکۆشەری دێڕین و کاک دکتۆر سەعید شەمس شارەزا و تێکۆشەری سیاسـی، بۆ باس لەسەر ٢ی ڕێبەندان ٦٣ هەمین ساڵی دامەزرانی کۆماری کوردستان گیرا.

کاتژمێر٤ی دوانیوەڕۆ سمینار بە سرودی ئەی ڕەقیب و یەک دقیقە وەستان بە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان بەڕێوەبەری بەرنامە کاک فەرەیـدون مەعرووفی ئەندامـی کۆمیتەی بریتانیا، وێرای بەخێر هاتنی بەشـدارانی سـمینار پەخشـانێکی بەو بۆنەیەوە پێشـکەش کرد. بە دوای ئـەو دا پەیامی کۆمیتەی دەرەوەوی وڵاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردسـتان لە لایەن محەممەد میراوەیی بەرپرسـی کۆمیتەی بریتانیا خوێنداریەوە.

لـە بەشـێکی دیکـە دا کاک رزگار قـادر زادە ئەندامی کۆمیتـەی بریتانیا وەکوو پێشـکەش کاری ئەو بەشـە، وێڕای پیرۆزبایی ٢ی ڕێبەندان کاری سمیناری خستە روو. ئینجا کاک هاشم کەریمی تێکۆشەری ناسراوی رۆژهەڵاتی کوردسـتان، بۆ بەشـدارانی سـمینار دوان. کاک هاشم سـەرەڕای باس لە پیرۆزیی ٢ی ڕێبەندان بیرەوەریەکانی خۆی کە بەشـێک بوون لە مێژووی کـورد دوای کۆماری کوردسـتان و چەند بیرەوەری یەکیشی لە دەورانی مناڵی خۆی لەدەورانی کۆمار دا بەتایبەتی ئەو بیرەوەری یە تاڵە کە لە ڕوداوی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەیەک دا فەرماندەی هێزی پێشـمەرگەی کۆمار واتە محەممەد نانەوا زادە تێی دا شەهید بوو.

لە کۆتایی دا بە ڕێز کەریمی ئیشارە ی بە دوو شت کرد کە لە کۆمار بۆ ئێمەی کورد بەجێ ماون یەکیان دێمۆکراسی و دووهەم ناوی پیرۆزی پێشمەرگە.

بە دوای ئەو دا کاک دکتۆر سـەعید شـەمس باسـێکی زانستی و مێژویی لە سـەر کۆماری کوردستان کرد و لە ڕووی زانسـتیەوە مێژووی کۆماری هەڵسەنگاند و سەرەتا

2011 . 2008
Kurdistan Democratic party's activity in the United Kingdom



دیمەنێک لە ڕێورەسمەکە

گەڕایەوە بۆ مێژووی ئوروپا و لە دوو بوارەوە باسی لێکرد، یەکیان مێژووی کۆن و دووهەمیان مێژوو کاریی زانستی، کە ئەو بەشە یان زیاتر جێگەی بایەخی دکتۆر شەمس بوو. پاشان هاتە سەر مێژووی کۆماری کوردستان و هەندێک لایەنی ئەو مێژووەی خستە بەر باس و لە ڕووی زانستییەوە هەڵیسەنگاند و زیاتر سەرنجی دایە نەتەوەیی بوونی کۆماری کوردستان و بە ئاوڕ دانەوە لە هەندێک جێگا لە ئەدەبیاتی سەردەمی کۆمار، وەکوو بەڵگەی سەلماندنی ئەو ڕاستی یەی ناو بردن. هەروەها داوای کرد کە دەبێ زانستیانەتر ئاوڕ لە مێژووی کۆمار بدرێتەوە و وەکوو ئەو وتی مێژوو کاریی بۆ بکرێ.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەی دا دکتۆر شەمس باسی لە یەکێتی نەتەوەیی کوردان کرد و ئەوەی خستە ڕوو کە چۆن ئەو یەکێتیە دروست بکرێ کە هەدەفی ئەسڵی کۆماری کوردستانیش بووە. لەو بوارە دا ڕەخنەی لەو لایەن و کەسیەتیانە گرت کە لەبەر هۆکاری سیاسی، نەتەوەیی بوونی کۆمار دەخەنە لاوە یا کەمڕەنگی دەکەنەوە. بە گشتی کاک دکتۆر سەعید هەدەفیان ئەوە بوو کە مێژوو دەبێ زانستیانە بخوێنرێتەوە نەک لە ڕووی ئیحساسی یا لە ڕووی مەسڵەحەتی سیاسی.



دیمەنێک لە ڕێورەسمەکە



دیمەنێک لە ڕێورەسمەکە



دیمەنێک لە رێورەسمەکە



دیمەنێک لە رێورەسمەکە

بە دوای وتەکانی دکتۆر شەمس دا چەند کەس لە بەشدارانی سمینار پرسیار و سەرنجی خۆیان خستە روو کە لە لایەن کاک هاشم و کاک سەعید وڵامی پێویستان درایەوە.

بە دوای ئەو باسانە دا پەیامی پیرۆزبایی یەکێتی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە لایەن ڕێبوار قادر زادە پێشکەش کرا.

پاشان پارچە شێعرێکی بە سۆز لە لایەن کاک سۆران یوسفی پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕیورەسمە دا بۆ ڕێز گرتن لە خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی کاک هاشمی کەریمی، سیمای ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامی پێشووی ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، خەڵاتێکی سەنبوولیک لە لایەن کاک مەلوود سوارە نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەبریتانیا پێشکەشی بە بەڕێزیان کرا.

دوا بەشی سمیناری یادەوەری ٢ی ڕێبەندان هەڵپەڕکێی کیژان و کوڕانی دڵ بڕ لە هەستی ڕێبەندان و کۆمار بوو، کە تا کاتژمێر ٨ی شەو درێژەی کێشا



دیمەنێک لە رێورەسمەکە



هەئیەتی بەشداری حدک

## بەشداری هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزب لە بریتانیا
## لە بە خاکسپاردن و پرسەی سەرەخۆشی
# تێکۆشەری دێرین مامە قالەی دەبباغی

مامۆستا عەبدولقادری دەبباغی ناسراو بە مامە قالە، ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف و تێکۆشەری هەمو قۆناغەکانی حیزبی دێمۆکرات، دوای نیزیک بە ٦٥ ساڵ خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و دێمۆکراسی بۆ گەلی بەشخورای کورد، چەند رۆژ لەمەو بەر لە تەمەنی ٨٨ساڵی و دوور لە خاکی پیرۆزی نیشتمان، ئەو زێدەی لێی لە دایک بوو، تێیدا گۆش کرا وەفادارانە تا کۆتایی تەمەن خەباتی بۆ کرد، سەری نایەوە و ماڵ ئاوایی لە هاوسەرە وەفادارەکەی و جگەرگۆشەکانی و رێبوارانی رێگای ئازادی گەلی کورد کرد و رێگای خەباتی بە دڵسۆزانی نیشتمان سپارد.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٤ی فێبریوەری ٢٠٠٨ تەرمی پیرۆزی مامە قالە لە نێو ئاپۆرەی دەیان کەسی لە هاورێیانی دور و نیزیکی و لە ناو خەم و پەژارەی دڵسۆزانی نیشتمان و بنەماڵەی بەڕیزیان دا لە گۆرستانێکی شاری لەندەن لە وڵاتی بریتانیا بە خاک سپێردرا.

دوای بە جێهێنانی رێ و رەسمی ئاینی ، تەرمی مامە قالە لە پێش کاروانێک لە ماشێنەکانی ئەو دڵسۆزانەی کە بۆ رێز گرتن و دوا ماڵ ئاوایی لە بەڕیزیان لە شوێنە جۆرا و جۆرەکانەوە هاتبوون ، بەرەو دوا مەنزڵگە بەرێ خرا.

لە رێو رەسمی بە خاک سپاردنی دا کاک هاشمی کەریمی تێکۆشەری دێرین و هاوڕیی لە مێژینەی مامە قالە، وتەیەکی لە سەر ژیان و خەباتی ئەو تێکۆشەرە باس کرد ، پاشان چەپکە گوڵی وەفاداری هەیئەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و چەندین چەپکە گوڵی دیکە لە سەر گڵکۆی پیرۆزیان دانران. بە دوای ئەوە دا ٦٣ مۆم بە نیشانەی ساڵەکانی خەباتی ئەو نەمرە لە دەوری گڵکۆکەی داگیرسێنران. پاشان بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب کۆتایی بە رێ و رەسمەکە هاتوو دوا ماڵ ئاوایی لە مامە قالەی تینووی ئازادی کرا.

هەر بەو بۆنەیەوە رۆژی ١٥ فێبریوەری رێ و رەسمێکی سەرەخۆشی لە شاری لەندەن لە کاتژمێر ٣ی دوا نیوەڕۆ تا ٨ی ئێوارە پێک هاتبوو، کە هەیئەتێکی حیزب بەشداری ئەو رێ و رەسمەش بوون. شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی بەشداری پرسە و سەرەخۆشی یەکە بوون.



# بەشداری کۆمیتەی شەفیلّد لە
# کۆڕی ڕێکخراوی ئاسیست

ڕۆژی ٧ی فێبریوەری ٢٠٠٩ لە سەر بانگهێشتی ڕێکخراوی ئاسیست کە ڕێکخراوەیەکی خێرخوازیە، کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە شاری شەفیلّد لە بریتانیا، بەشداری بەرنامەکی تایبەت بوون کە ئەو ڕیکخراوە بۆ کۆ کردنەوەی داهاتێک بۆ کەسانی کەم داهات و پێویستیە تایبەتیەکان ڕێکی خستبوو.

کاری ئەو بەرنامەیە زیاتر هونەری و بۆ ڕاکێشانی سەرنجی زیاتر و بەشداربوونی زیاتری خەڵک بوو بە مەبەستی کۆکردنەوەی داهاتێکی باشتر. دوای قسە و باسێک لە سەر ڕێکخستن و کارەکانی بەرنامەی ڕێکخراوی ئاسیست، نۆرە گەیشتە نیشان دانی نواندنی هونەری و فۆلکلۆرە جیاوازەکان. سەرەتا دانسی سکاتلەندی نیشان درا و بە دوای ئەو دا ئەندامانی حیزب لە کۆمیتەی شەفیلّد بە هەڵپەڕکێی کوردی بەرنامەکەیان ڕازاندەوە و سەرنجی بەشدارانیان بۆلای خۆیان ڕاکێشا، پاشان دانسی ئینگلسی نمایش کرا. ئەو بەرنامەیە تا کات ژمێر ١١ شەو درێژەی کێشا



2011 . 2008

Kurdistan Democratic party's activity in the United Kingdom



دیمەنێک لە ڕێوڕەسمەکە

# بەشداری هەیئەتی حیزب لە یادی ٣٠ ساڵەی کۆچی دوایی بارزانی

کاتژمێر٦ی ئێوارەی ڕۆژی ٥ی مارسی ٢٠٠٩ هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا پێک هاتوو لە کاک مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا، محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتە و کاک یوسف بەهرامی ئەندامی کۆمیتە بەشداری لە ڕێ و ڕەسمی یادی ٣٠ ساڵەی کۆچی دوایی خوا لێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی و ٢٢ ساڵەی شەهید بوونی ئیدریس بارزانی دا کرد.

ئەو یادە کە لە شاری لەندەن و بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە حیزبە کورددستانی و عێراقیەکان بەڕێوەچوو، نوێنـــەری ئەو حیزبانە پەیامی حیزبەکانیان خوێندەوە، هەیئەتـــی حیزبیش بەو بۆنەیەوە پەیامێکیان ئامادە کردبوو کە لە لایەن محەممەد میرواەیی خوێندرایەوە.



دیمەنێک لە ڕێوڕەسمەکە






## بەشداری هەیئەتی حیزب لە یادی ١٨ ساڵەی

# ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان

ڕۆژی ٥ی مارسی ٢٠٠٩ کاتژمێری ٨ی شەو مەڵبەندی بریتانیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆڕیادێکیان بە بۆنەی ١٨هەمین ســاڵی ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان، کە کۆتایی بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی حیزبی بەعســی عێراق لە کوردســتان هێنا، لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری لەندەن پێک هێنا . لەو یادە دا کە بە بەشداری نوێنەرانی حیزبە کوردستانیەکان و کوردانی دانیشتووی لەندەن بەڕێوە چوو، چەندین پەیام و شــیعر پێشکەش کران. هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستی عەبدوللا ئەمینی بەرپرسی کۆمیتەی لەندەن و هاوڕێیەتی لۆقمان ئەقدەم ئەییوب ئەمینی و ڕەحیم محەممەدزادە بەشدار بوون و پەیامی کۆمیتەیان بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد. بەرنامەکە بە شای و هەڵپەرکێی کوردی کۆتایی پێ هات.





دیمه‌نێک له‌ ڕێوره‌سمه‌كه‌

## به‌شداری هه‌یئه‌تی حیزب له‌ بریتانیا له‌

# ڕێوره‌سمی ٨ی مارس ڕۆژی نێونه‌ته‌وه‌یی ژن و یادی شیمیایی بارانی هه‌ڵه‌بجه‌

سه‌عات ٣ بۆ ٦ دوانیوه‌ڕۆی یه‌شه‌ممه‌ ٨ مارسی ٢٠٠٩ پرۆژه‌ی ژنی كورد و یه‌كیه‌تی ژنانی كوردستان مه‌كته‌بی به‌ریتانیا و یه‌كیه‌تی ئافره‌تانی كوردستان له‌ به‌ریتانیا

له‌ بریتانیا ڕێو ڕه‌مسه‌یكیان بۆ ڕێز گرتن له‌ ٨ی مارس ڕۆژی نێونه‌ته‌وه‌یی ژن له‌ ساری له‌نده‌ن پێک هێنا، كه‌ ژماره‌یه‌كی به‌رچاو له‌ ژنانی تێكۆشه‌ری بواری ژنان و پیاوانی یه‌كسانیخواز به‌شدار بوون.

له‌و ریو ڕه‌سمه‌ دا كۆمه‌ڵێک باس و بابه‌تی وه‌ک: مافه‌كانی ژن، جیاوازیه‌كانی جه‌سته‌یی ژن و پیاو، كێشه‌كانی مافی ژن و ئایینه‌ كان به‌ تایبه‌ت دینی ئیسلام، مه‌سه‌له‌كانی خۆكوژی ژنان كۆمه‌ڵێک باسی دیكه‌ و هه‌روه‌ها نێوئاخنی شێعر و موسیقا پێک هێنه‌ری پانێلی ئه‌و ڕێ و ڕێوره‌سمه‌ بوون.

هه‌یئه‌تیكی حیزبی پێک هاتوو له‌ به‌ڕێزان كاک محه‌ممه‌د میراوه‌یی به‌رپرسی كۆمیته‌ی بریتانیا و كاک فه‌رزاد حیكمه‌ت ئه‌ندامی كۆمیته‌ی بریتانیا له‌و ڕێو ڕه‌سمه‌ دا به‌شدار بوون.



دیمه‌نێک له‌ ڕێوره‌سمه‌كه‌

# یادی کارەساتی هەڵەبجە لە پارلمانی بریتانیا

ڕۆژی ٣شـــەممە ١٠ی مارســـی ٢٠٠٩ ڕێکخراوی چاک لە پارلمانی بریتانیا کۆنفرانســـێکیان بۆ یادی کارەســـاتی شـــیمیایی بارانی شـــاری هەڵەبجە بەبەشـــداری چەندین ئەندامی پارلمان ، چەندین زانای ئاکادمی و مامۆستای زانکۆ، ڕۆشنبیرانی کورد وژمارەیەک لە کوردانی دانیشتوی لەندەن پێک هێنا، کە نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردســـتان بۆ ئەو یادە بانگهێشـــت کرابوو ، هەیئەتێک بە سەرپەرستی کاک مەلوود سوارە، محەممەد میراوەی بەرپرسی کۆمیتەی بریتانیا و ڕەحیم محەممەد زادە ئەندامی کۆمیتەی لەندەن بەشداری ئەو کۆنفرانسە بوون.

بەشـــی یەکەمی کۆنفرانس کە بە بەڕێوەبەرایەتی ئەندرێو جۆرج ئەندامی پارلمانی بریتانیا بوو، بەڕێزان: دکتۆر ڕزگار ئەمین، پرۆفیسۆر مایکڵ کێڵی مامۆستای زانکۆ، کەریم ساڵح و شۆڕش ڕۆشنبیرانی کورد و شاهید حاڵێکی ئەو کارساتە بابەت  و وتاریان پێشکەش کرد.

بەشـــی دووهەم بە بەڕێوەبەرایەتی هایوێل ویلیامس ئەندامی پارلمان و پرۆفیســـۆر دلاوەر عەلائەددین مامۆستای کلینیکاڵ میکرۆبۆلۆجی لە زانکۆی ناتینگهام بوو، ئەم بەڕێزانە بۆ کۆنفڕانس دوان:

پرۆفیسۆر خاچاتور پیلیکان قازی ڤێتنامی ،شاهید حاڵیک، ستیڤان تۆماس، پرۆفیسۆر ڕایمۆند بوکۆ مامۆستای زانکۆی سانفڕانسیسکۆی ئەمریکا، دکتۆر ئایتۆر ئێستۆبان مامۆستای زانکۆی بیلبائۆ و ئەندامی پارلمانی ئیسپانیا، جۆردی خولکا سکرتێری پارتی (سی ئای یو) کاتالۆنیا و پرۆفیسۆرکلیف سنەیس مامۆستای زانکۆی میترۆپۆلیتانی لەندەن.



پارلمانی بەریتانیا

# خۆپیشاندان لەبەردەم
# باڵوێزخانەی سوریە (لەندەن)



باڵوێزخانەی سوریە

ڕێکەوتی ١٢ی مارس ٢٠٠٩ کاتژمێر٢ بۆ ٤ی پاشنیوەڕۆ لە لەندەن لەبەردەم باڵوێزخانەی سوریە خۆپیشاندانێک بە بۆنەی تێپەڕینی ٥ساڵ بەسەر شەهیدانی قامیشلوو وەڕێخرا. ئەو خۆ پێشاندانە کە بە بەشداری ژمارەیەک حیزبی سیاسی کوردی و کوردانی دانیشتوی بریتانیا بە ڕێوەچوو، هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەشداریان تێدا کرد و لەلایەن کاک یاسین مەلکاڕی بەرپرسی کۆمیتەی لیدز پەیامێک بەو بۆنەیەوە پێشکێش کرا.

# چلەی کۆچی
# مامە قالەی دەبباغی



سەعات ٤ بۆ ٦ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ١٥ مارچی٢٠٠٩ بە بۆنەی تێپەڕینی ٤٠ ڕۆژ بە سەر کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین مامۆستا عەبدولقادری دەبباغی ڕێو ڕەسمێک بە بەشداری ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزی مامە قالە و ژمارەیەک دۆست و دلسۆزانی بەڕێوەچوو.

کە لەو دا چەند کەس لەسەر کەسایەتی مامەقالە و زەحمەت و تێکۆشانی دەیان ساڵەی قسەیان کرد. لە کۆتایی ئەو ڕێو ڕەسمە دا تارا خانمی کچی مامە قالە لەلایەن بنەماڵەکەیانەوە سۆپاسنامەیەکیان خوێندەوە کە ڕێز و تەقدیر لە هەمو ئەو کەسانە کرابو کە بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ بنەماڵەی بەڕێزیان هاودەردی یان کردبوو.

بەڕێزان مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا و محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەو ڕێو ڕەسمە دا بەشدار بوون.



دیمەنێک لە ڕێورەسمەکە

# بەڕێوەچونی ڕێو ڕەسمی
# جەژنی نەورۆز لە وڵاتی بریتانیا

ڕۆژی ٢٠ی مارچی ٢٠٠٩ی سەعات ١ بۆ ٤ی دوا نیوەڕۆهاوکات لەگەڵ هاتنی یەکەم ساتەکانی ساڵی نوێی کوردی کۆمیتەی شەفیلڵدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا یادی نەورۆز جەژنی کۆنی کوردەواریان بەرز ڕاگرت. بەو بۆنەیەوە ڕێو ڕەسمێکیان بە بەشداری ئەندامان و

لایەنگرانی حیزب، ئێرانی و بریتانیەکان بەڕێوە برد. کاک حوسێن محەممەد پوور ئەندامی کۆمیتە وەکوو بەڕێوەبەری ئەو بەرنامەیە بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی بە خێرهاتنی بەشدارانی کرد چەند شێعر و پەخشانی پێشکەش کرد. پاشان کاک عەبدوڵڵا فەرامەرزی (ئەدیسۆن) بەپرسی کۆمیتەی شەفیلڵد پەیامێکی بە زمانی ئینگلیزی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد. ئینجا ٢ تیمی هەڵپەڕکێ کە لەلایەن کۆمیتەی حیزبەوە ئامادە کرابوون، چەند وێنە لە هەڵپەڕکێی کوردیان پێشکەشی بەشداران کرد. لە دواییدا بەرنامەکە بە موزیک و هەڵپەڕکێ درێژەی کێشاو بو بە مایەی خۆشحاڵی بەشداران.



دیمەنێک لە ڕێورەسمەکە



دیمەنێک لە ڕێوڕەسمەکە

# بەشداری لە کۆنگرەی شەشەمی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان

ڕۆژی ١٨ی ئاپریلی ٢٠٠٩ لە لەندەنی پایتەختی بریتانیا لە ژێر دروشمی «سەربەخۆیی بۆ کوردستان» کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان شەشەمین کۆنگرەی خۆی گرت کە تیای دا بەشێکی زۆر لە حیزبی کوردستانی، ئێرانی و کەسایەتی خارجی وەکو ئەندامانی پارلمانی بریتانیا و کەسایەتی خارجی ولاتانی دیکەی ئوروپایی دۆستی کورد تیایدا بەشدار بوون هەر کام لە بەشداران بەو بۆنەیەوە پەیامیان پێشکەش کرد کە لە هەموو پەیامەکان دا باس لە مێژوو، سیاسەت، وەزعیەتی ئێستا و مافەکانی نەتەوەی کورد کرابوو و لە پەیامی خارجیەکانیش دا تەئکید لە سەر پشتیوانیان بۆ گەلی کورد کرابۆوە.

لەسەر بانگهێشتی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان هەیئەتێکی پێکهاتوو لە بەڕێزان مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا، محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب و فەرەیدون مەعروفی ئەندامی کۆمیتە و بەرپرسی پیوەندیە کوردستانیەکان بەشداری ئەو کۆنگرەیە بوون و پەیامی نوێنەرایەتی دەرەوەی حیزب بەشی پیوەندیەکوردستانیەکان لە لایەن بەرپرسی ئەم بەشە لە بریتانیا پێشکەش کرا.

بۆ کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان

لەگەل سلاوێکی گەرم !

بەبۆنەی گرتنی شەشەمین کۆنگرەتان، پڕبەدڵ پیرۆزباییتان لێدەکەین و سەرکەوتنتان بۆ بەئاوات دەخوازین.

بەڕێزان !

لەکاتێک دا ئیوەشەشەمین کۆنگرەتان دەگرن، بەداخەوە لەنێو هێز ولایەنەکوردستانی یەکان بە تایبە تی لە ڕۆژهە لاتی کوردستان یەکییە تیە کی ئە وتۆ بە دی ناکرێ کە وەلامدەری قۆناغی هە نوکەیی خە باتی نە تە وە کە مان بێ. لەتبوون و لێکدابران و ناکۆکییە ناسالمەکان



دیمەنێک لە ڕێوڕەسمەکە

ڕووکارێکی ناخۆشــی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و ڕزگاریخوازیــن. بۆیــە ئێمــە لــە تریبونــی کۆنگرەکەتانەوە بانگە وازی تەبایی و هاوخەباتی هە موریێکخراوە و کەســایەتی یەکان لەهەموو پارچەکان دەکەین وداوادەکەین جیاوازی بیرورا و هەڵوێستی جۆراوجۆر بەبیروبۆچوونی تەنانەت موخالیفیش نەبنەکۆسپی سەر ڕێگای کۆدەنگی و پێکەوەکارکردن.

بەڕێزان !

ســەرکەوتنی مەزن و جێی دەستخۆشــی و خۆشــحاڵی نەتــەوەی کورد لەباکــووری وڵات بەوەدەســت هێنانــی ١٠٠ شــارەوانی و ئیدارەی ســەدان ناوچەو گەرەکی ئەو بەشەی نیشتمانی دابەشــکراومان بەهــۆی « د. ت. پ.» وەوە لە هە ڵبژاردنی شــارەوانیە کان دا، کەهاوسەنگی و پارامیتری ڕووداوەکانی بە قازانجی نەتەوەکەمان لە باکوری کوردســتان گۆڕیوەو دەتوانرێ وەک وێنە یە کــی گرینگ لە کاری بــە کۆمە ڵ، بۆ یەکریزی و کۆدەنگی چاوی لێ بکرێ.

هــە ر وەها ئە زمونی باشــوری کوردســتان لــە ئاڵ و گۆڕی بــە ر دەوام دایــە، هیوادارین ئە و هەڵبژادنەی هە ر ئێســتا لە باشــووری کوردســتان لــەڕۆژەڤ دایە،بــە هەڵویســتی نیشتمانی و بەرپرســانەی هەمو لایەک، بتوانێ هەم ڕیگا بەریفۆرم و چاکســازی و پەرەگرتنی دێموکراسی بدا،هەم ناوچە دابڕاوە کان بخاتە وە سەر کوردستان و هەم دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان بپارێزێ.

بەوهیوایەی بەستنی کۆنگرەی شەشی ئێوەو باسەکانی نێو کۆنگرە، بە نۆبەی خۆی یارمە تیدەر بێ بۆ یەککرتوویی ڕیزەکانی هەموو تێکۆشەرانی گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەکەمان.

نوێنەرایەتی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان
بە شی پە یوە ندییە کوردستانییە کان
١٨ ئاپریلی ٢٠٠٩



دیمەنێک لە ڕێورەسمەکە

# بەشداری لە ڕێپێوانی بەردەرکی سەفاراتی ئێران لە لەندەن

ڕۆژی ٢٠ی ئاپریلی ٢٠٠٩ لەلایەن عەرەبەکانی باشووری ئێـران و بۆ گەیاندنــی دەنگی نارەزایــی بە کۆماری ئیســلامی و بیر و ڕای گشــتی خۆپێشاندانێک لە بەر دەرکی سەفارەتی کۆماری ئیسلامی لە شاری لەندەنی پێتەختی بریتانیا وەرێخرا کە تیایدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئێرانییەکانی دانیشــتووی لەندەن بەشــدار بوون و لەوێ یەکدەنگ دروشــم بە دژی سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیســلامی ، بۆ ئازادی زیندانیەسیاسیەکان، ئازادی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران ،خوێندن بە زمانی زگماکی، ئازادیە سیاســی و مەدەنیەکان،وەستاندنی بەرنامی هەستەیی و پشــتیوانی نەکردن لە تێرۆریزم گوترانەوە .

ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردســتان لە کۆمیتەی لەندەن، بەشــداری چالاکانەیان لەو خۆ پێشاندانە دا کرد .

شــایانی باسە کە ئەو ڕێپێوانە ناوی ٨٤ هەمین ساڵی داگیرکردنی عەرەبستانی ئەهواز لە لایەن پێک هێنەرانی ئەو ئەو ڕێپێوانەی لێنرابوو، تیایدا ســەر بەخۆیی بۆ هەمو گەلانی ئێران دوویات کرابۆوە

# دیداری نوێنەری
# حیزب لە بریتانیا لەگەڵ
# لۆرد ئێڤیبری

سەعات ٣ دوانیوەڕۆ ٢١ی ئاپریلی ٢٠٠٩ کاک مەولوود سـوارە نوێنەری حیزبـی دێمۆکراتی کوردسـتان لە بریتانیا

لە بینایەی لۆردەکان چاویان کەوت بە بەڕێز لۆرد ئێریک ئێڤیبری جێگری سـەرۆکی مافی مرۆڤ لە مەجلیسی لۆردەکانی بریتانیا . لەو دیدارە دا کەسەعات و نیوێکی خایاند ، بەڕێز نوێنەری حیزب کۆمەڵێک باس و بابەتی سـەبارەت بە ئێران و کوردستان لەگەڵ لۆرد ئێڤیبری هێنایە گۆڕێ، وەکوو مەسەلەی مافی مرۆڤ لەئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی و لەو بارەیەوە نوێنەری حیزب باسی لە بەردەوامی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامی کرد و لە دواییین جنایەتەکانی ڕێژیمی ئێـران لەو بارەیەوە ئـاگاداری کردنەوە و بە تایبەتی وەزعیەتی خراپی زیندانیانی سیاسـی و گرتن قۆڵبـەت و ڕاپێچکردنی ڕۆژ بەڕۆژی ڕۆژنامە نوسـان، چالاکانـی مەدەنی و ژنان، گیرانـی لاوان بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ ئەحزابی کوردی، شـکەنجە و ئەزیەت و ئازاریـان لە ناو چاڵە ڕەشـەکانی ڕێژیم و ئیعدامی زیندانیان بە تۆمەتی هەڵبەستراوی جۆراوجۆر.

لەدرێژەی ئەو باسـە دا باسـی مەسەلەی هەستەیی لە ئێران هاتە بەر بـاس و نوێنەری حیزب داوای کرد کە مەسـەلەی مافی مرۆڤ نەکرێتە قوربانیی سات و سەودای نێوان کۆماری ئیسلامی و دنیای غەرب بە ناوی چارەسەری مەسەلەی هەستەیی لە ئێران.

لەبەشێکی دیکەی دیدارەکە دا نوێنەری حیزب باسیان لە وەزعیەتی ئەو کۆمەڵە لە پەنابەرانی کورد لە تورکیەی کرد کە ساڵانێکی زۆرە لەوێ ماونەوە و سەرەڕای ئەوە کە

لەلایـەن ڕێکخراوی یوئێن وەکـوو پەنابەر وەرگیراون، ڕێژیمی تورکیە ئیزنی ڕۆیشـتن بۆ وڵاتانی ئورووپاییان پێ نادەن و ئێسـتا ئەوان لە وەزعیەتێکی زۆر خراپی ڕۆحی لەوێ ژیان تێپەڕ دەکەن.

مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران باسێکی دیکـەی دیداری نوێنەری حیزب و لۆردی بریتانی بوو،



لەو بەشـەش دا نوێنەری حیزب باسـی لە نادێمۆکرات بوونی هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامی دا کرد و وتی ئەوانەی سەر لە سـندوقەکانی هەڵبژاردن دەردێنن ئەو کەسانەن کە جێگای باوەڕی نیزام و وەلی فەقیهن و لە ماهیەتیان دا شتێک بە ناوی گۆڕانی بە قازانجی خەڵکیان لێ چاوەڕوان ناکرێ.

هەروا باسـی سـەفەری مەحمودی ئەحمەدی نژاد بۆ بەشداری لە کۆنفرانسـی دژی نژادپەرستی لە ژنێڤ کرا و نوێنەری حیزب بە داخ بوو لەوە کە کەسـێکی وەکوو ئەحمەدی نژاد بانگهێشت دەکرێ بۆ کۆنفرانسی لەم چەشنە.

تەوەرێکـی دیکەی دانیشـتنەکە هەڵبژاردنی ئـەو دواییانەی شـارەوانیەکانی تورکیە بوو کە تیایدا کوردەکان سەرکەوتنێکی بەرچاویان دبە دەسـت هێنا، بەڵام بە داخەوە وڵامی تورکەکان بۆ ئەم سـەرکەوتنەی خەلکی کورد گیران و قۆڵبەسـت کردنی دەیان کـەس لە ئەندامانی (دتپ) بوو. لـۆرد ئێڤیبری لەگەڵ نیگەرانـی لە گیرانی لاوانی کورد لـە تورکیە دوای هەڵبژاردن، خۆشحاڵی خۆی لە ڕێژەی ودەست هێنانی شارەوانیەکان لەلایەن کوردەکانـەوە دەربڕی و وتی کە تازە چاویان بە ئەحمەد تورک سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دێمۆکراتی کەوتوە و هیوای خواست کە تورکیە ئەو ئاڵ و گۆڕانە بە هێند وەربگرێ و مەسەلەی کورد چارەسەر بکات.

لـەو دیدارە دا کە زیاتر بە مەبەسـتی دیدار نوێ کردنەوە بوو، نوێنەری حیزب لیستێک لە زیندانیانی سیاسی و ئیعدام کراوانی کورد لە ئێران پێشکەش بە بەڕێز یان کرد.

## بنەماڵەی بەڕێزی کاک جەعفەر زەمانی
## شنو خانم و مناڵە چاو گەشەکانی کاک جەعفەر
## کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان !

بە داخ و کەسەرەوە هەواڵی مەرگی بێوادەی هاوڕێ و برای بەڕێزمان کاک جەعفەر زەمانی مان پێگەیشت و هەمومانی خەمبار و بریندار کرد.

جەعفەری زەمانی وەکوو ئینسانێکی تێکۆشەر لە سەردەمی لاوێتی دا دەستی دایە خەبات و تێکۆشان بە دژی داگیرکەرانی وڵات و بە دژی هەمو ئەو کەسانەی لە یەکگرتوویی و یەکڕیزی ڕۆلەکانی کوردستان بە کورد و ئازەری و نەتەوەکانی دیکەی دانیشتووی کوردستان و لەو مەیدانە دا چالاکانە ، بێ باکانە و نەترس هەوڵی دا و بێ ماندوو بوون فیداکاری نواند.

کاک جەعفەر بە درێژایی زیاتر لە نیوەی تەمەنی خۆی لە ڕیزەکانی حیزی دێمۆکراتی کوردستان دا وەکوو پێشمەرگەیەکی ئازا، کادرێکی تێگیشتوو و پێگیشتوو و سەرەنجام وەکوو ڕێبەرێکی لێهاتوو لە پێیناوی ئامانجەکانی گەلی کورد و ئازەری و لە پێناو ئامانجە ئینسانیەکانی خۆی دا زەحمەتی کێشاو و هەوڵی بۆ وەدەست هێنانی ئەو ئامانجانە دا. بەداخەوە ئەو زۆر زوو مەیدانی خەبات و کۆڕی هاوڕێیانی بەجێهێشت و مەرگی بێ وادە ئیزنی زیاتر مانەوە و خزمەت کردنی نەدا، بەڵام ڕێگای جەعفەر و جەعفەرەکان هەر بەردەوامە و هاوڕێکانی ئەو لەسەرڕێبازی سوورن و لەگەڵ یاد و بیرەوەری زەمانی و ئازیزانی دیکەی لەدەست چوویان دا بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن پشوو نادەن.

یاد و ناوی کاک جەعفەری زەمانی بۆ هەمیشە لە یاد و بیرەوەریمان دا لەگەڵ هەموو گیان بەختکردوانی دیکە دا بۆ هەمیشە هەر بە زیندویی دەمێنێتەوە.

ئێمە ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا خەم و پەژارەی خۆمان بۆ لەدەست دانی هاوڕێی تێکۆشەرمان کاک جەعفەر زەمانی دا دەردەبڕین و لەناخەوە پرسە و سەرەخۆشیمان دەنێرین بۆ بنەماڵە بەڕێزەکەی و هاوڕێ و هاوسەنگەرە وەفادارەکانی و ڕێبەرایەتی حیزب و هەموو دڵسۆزانی نیشتمان.

بەرێزبێ یادی هاوڕێی ئازیزمان کاک جەعفەری زەمانی و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان.

نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان_بریتانیا
٩ی مای ٢٠٠٩ (١٩ بانە مەڕی ١٣٨٨)



دیمەنێک لە خۆپێشاندانەکە



دیمەنێک لە خۆپێشاندانەکە

## خۆپێشاندانی ئێرانیانی نارازی بە ئاکامی

# هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران

هەر بەدوای ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران و دەستکاری دەنگەکان بە قازانجی مەحمود ئەحمەدی نژاد، ئەوشێوە کودتایەی کە دەوڵەتی حاکم بە سەر ئێران دا لە خەڵکی تینوی ئازادیی ئێرانی کرد، ڕۆژانە لە زۆربەی وڵاتەکانی ئورپا و ئەمریکا بۆ ناڕەزیاەتی دەربرین بە ئاکامی هەڵبژاردن لە بەردەمی سەفارەتەکانی کۆماری ئیسلامی کۆ دەبنەوە و دروشم دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ناڕازی لە ئێران و بەتاڵ کردنەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەڵێنەوە .

بۆ ئەو مەبەستە خوێندکارانی ئێرانی لە زهانکۆکانی لەندەن لە بریتانیا بۆ گەیاندنی دەنگی ناڕازی خۆیان بە گوێی کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی یەکشەممەوە هەموو ڕۆژێک لە سەعات ٤ی دوانیوەڕۆ تا ٨:٣٠ ی شەو کۆ دەبنەوە و دروشم دژی کۆماری ئیسلامی دەڵێنەوە و تا نووسینی ئەم هەواڵە ئەو خۆپێشاندانە درێژەیان هەیە .

بەشێک لە دروشمەکان ئەمانە بوون: مرگ بر دیکتاتۆر، خس وخاشاک توای دشمن این خاک توای، موسوی کروبی



دیمەنێک لە خۆپێشاندانەکە

حمایت حمایت ریاست احمدی خیانت خیانت، ایران کفن پوش شده ایرانی سیاه پوش شده، زندانی سیاسی آزاد باید گردد، احمدی مرگ به نیرنگ تو خون جوانان ما میچکد از چنگ تو و دروشمی جۆراو جۆری دیکە.

هەروەها بەشدارانی ئەو خۆپێشاندانانە داوا دەکەن کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە دروستی و بە قازانجی خەڵک ڕابگەیەندرێن.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا چالاکانە بۆ پشتیوانی کردن لە خۆ پێشاندەران بەشداری ئەو خۆ پێشاندانە بوون.

زۆربەی ڕۆژەکان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لەندەن و هەروەها شارەکانی تری بریتانیا بەشداری چالاکانەیان کردووە و ڕاگەیاندراوەکانی حیزبیش لەو خۆپێشاندانانە بلاو کراونەتەوە.

بەشێک لە دروشمەکان ئەمانە بوون: مرگ بر دیکتاتۆر، خس وخاشاک توای دشمن این خاک توای، موسوی کروبی حمایت حمایت ریاست احمدی خیانت خیانت، ایران کفن پوش شده ایرانی سیاه پوش شدە، زندانی سیاسی آزاد باید گردد، احمدی مرگ به نیرنگ تو خون جوانان ما میچکد از چنگ تو و دروشمی جۆراو جۆری دیکە.

هەروەها بەشدارانی ئەو خۆپێشاندانانە داوا دەکەن کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە دروستی و بە قازانجی خەڵک ڕابگەیەندرێن.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا چالاکانە بۆ پشتیوانی کردن لە خۆ پێشاندەران بەشداری ئەو خۆ پێشاندانە بوون.

١٧ی جونی ٢٠٠٩



دیمەنێک لە خۆپێشاندانەکە




www.kdppress.com


حق انتخاب
حق من

# بەردەووامی خۆپێشاندان
# بە دژی کۆماری ئیسلامی لە بریتانیا

ڕۆژا نە و بە شێوەیەکی بەردەوام ئێرانیەکانی ناڕازی بە ئاکامەکانی هەڵبژردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران، لە بەردەرکی سەفارەتی کۆماری ئیسلامی لە بریتانیا و لەو ڕۆژانەش دا ئێرانیەکانی دیکەی دانیشتوی شارەجۆراو جۆرەکانی بریتانیا لە بەردەم شوێنە گشتیەکانی شار وەکوو مۆزەی شارەکان بۆ ناڕەزەیاتی دەربڕین و ڕا کێشانی سەرنجی بیر و ڕای گشتی کۆدەبنەوە و دروشم بە دژی دیکتاتۆری لە ئێران و وەدەست هێنانی مافە ئازادی و دێمۆکرەاتیکەکانی خۆیان دەدەن.
جگە لەوە کە لە شاری لەندەن خۆپێشاندان لەلایەن خوێندکارە ئێرانیەکانی دانیشگاکانی لەندەن وەڕێخراوە، لەو چەند ڕۆژەی دوایی دا بۆ هاو پێوەندی و پشـــتیوانی لەو خۆپێشـــاندانانە لە شارەکانی وەکو نیوکاسڵ، بێرمینگهام و کاردیف ئێرانیەکانی دانیشتوی ئەو شارانە خۆپێشاندانی نارەزایەتیان وەڕێخست.
لە هەموو ئەوخۆ پێشاندانانە دا کۆمیتەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەو شارانە چالاکانە بەشداری ئەو کۆبونەوە ئێعترازیانە بوون و دەنگی ناڕەزایەتی و پشتیوانی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی نارازیەکان کردوە.




دیمەنێک لە خۆپێشاندانەکە




دیمەنێک لە خۆپێشاندانەکە



شاندی حدک و بەپرسانی یەنک

# بەشداری هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزب لە بریتانیا لە یادی ٣٤ ساڵەی دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

مەکتەبی گشتی نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، یادی ٣٤ ساڵەی دامەزرانی یەکێتی یان لە لەندەنی پایەتەختی بریتانیا بەرز ڕاگرت .

ڕێکەوتی ٣١ی مەی ٢٠٠٩ لە یەکێک لە هۆتێلەکانی لەندەن دوای وەستانی ١ دەقیقە بە بێ دەنگی بۆ ڕێز نان لە گیان شـەهـیدانی کوردستان، وتاری بەڕێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق و سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەڕێگای تەلەفونەوە پێشکەش بەو یادە کرا.

پاشـان نۆرە گەیشـتـە پەیامی حیزبە کوردستانیەکانی بەشدار لەو یادە دا، کە دوای پەیامی مەکتەبی نوێنەرایەتی یەکێتـی کە هەموویان لەڕێگای پێشکەشـکاری ئەو یادە خوێندرانەوە .

لەو یادە دا کە ژمارەیەکی زۆر لە حیزبە کوردسـتانیەکان و کوردانی دانیشـتـوی لەندەن بەشدار بوون، هەیئەتێکی نوێنەرایەتـی حیزب لـە بریتانیا بە سەرپەرسـتـی کاک مەولوود سـوارە نوێنەری حیزب بریتانیا کاک محەممەد میراوەیی بەرپرسـی کۆمیتەی حیـزب لە بریتانیا و کاک سـەباح ڕەحمانی بەرپرسـی کۆمیتـەی برمینگهام کاک تاهیر مورتەزا زادە ئەندامی کۆمیتەی برمینگهام بەشـدار بـوون و پەیامێک کە بۆ ئەو یادە لەلایـەن نوێنەرایەتی دەرەوە (بەشـی پێوەندیە کوردستانیەکان) ئامادە کرابوو پێش کەش کرا.

ڕێکەوت:٣١ی مەی ٢٠٠٩

## پەیامی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا

بەشدارانی بەڕێز!

خوشک و برایانی ئازیز!

لەلایـەن نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان لە بریتانیا، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی ٣٤ مین ساڵیادی یەکیەتیی نیشـتمانی کوردستان، لە ڕێبەری، ئەندامان، لایەنگران و دۆستانتان دەکەین و سـەرکەوتنتان لە گشت بوارەکانی خەباتی نەتەوایەتی دا بۆ بە ئاوات دەخوازین.

بەڕێزان !

٣٤ سـاڵ لەمەو بەر لە کەشوهەوایەکی ناخۆشی سیاسی و پرمەترسـی نەتەوەی کورد دا، یەکیەتیی نیشـتمانی کوردسـتان دامەزرا. لە خەباتی دژواری شـاخ، شـار و بەشێکی بەربەرین لە باشووری نیشتمانی داگیرکراو دا هەتا گەیشتن بە ئازادیەکی ڕێژەیی و بوونی یەکیەتی بە یەکێک لە ڕێکخراوە سـەرکییەکانی ئەو گۆڕەپانە، فیداکارییەکی



دیمەنێک لە ڕێورەسمەکە

زۆر کرا و بە هەزاران قوربانی درا.

پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لوتکەی هاوکاری ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان بوو کە لە ژێر کارتێکەری ئەودا یەکەم هەڵبژاردنی پارلمانی مێژووی کورد، لە ١٩٩٢ دا ئەنجام درا. یەکیەتی لە خەباتی هەمە لایەنەی پێشمەرگایەتی، بەرە و پارلمانی و حکوومتی هاوبەش لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و تێکۆشەرانی دیکە هەنگاوی هاویشت؛ کە وەبیرهێنەرەوەی شێوەیەک هاوپێوەندی و هاوکاری، سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی دا، دوای روخاندنی سەددام لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، لە ئاڵوگۆڕ نوێیەکان دا، لە بەرێوە بەری هەتا دانانی دەستووری هەمیشەیی (قانوونی بنەڕەتی)، عێراقی نوێ دا، یەکیەتیی نیشتمانی وەک هاوپەمانێکی بەهێزی کورد، دەوری گێڕا. بوونی مام جەلال تالەبانی- سکرتێری یەکیەتیی نیشتمانی- بە سەرکۆماری عێراق بۆ هەموو کورد شانازی بوو. هەروەها بوونی مام جەلال بە جێگری ڕێکخراوی ئینترناسیونال- سوسیالیست، دەسکەوتێکی مەزنە.

ڕەوتی ڕووداوکان تەبایی زیاتر لە جاران لە نێو ماڵی کورد و دەروە دا دەخوازێ. هیوادارین بە شێوەیەکی ئارام و سەردەمیانە بەسەر هەموو کەند و کۆسپەکەنتان دا زاڵ بن ودەسکەوتی پتربۆ نەتەوەکەمان و یەکیەتی وەدەست بێنن. حدک ڕێزی تایبەتی بۆ دۆستایەتی و هاوکاری مێژوویی لە گەڵ یەکیەتی دا دادەنێ.

جارێکی دیکەش ٣٤ مین ساڵ دامەزرانی یەکیەتیی نیشمانی لە ئێوەی بەڕێز پیرۆز بێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
نوێنەرایەتی لە بریتانیا


شاندی حدک و بەپرسانی ینک




# یادی ٢٠ ساڵەی تیرۆری ڕێبەری زانا
# دکتۆرعەبدولڕەحمانی قاسملوو

٢٠ ساڵ لەمەو بەر دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری ڤییەن پێتەختی ئوتریش دکتور عەبدورەحمانی قاسملوو بەدەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئسسلامی ئێران تیرۆر کرا.

دکتور قاسملوو سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەی وت و وێژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بوو.

کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆی دا باوەڕی قاسملووی بە ئاشتی و دیالۆگ بە چەکی تیرۆر وڵام دایەوە و مێژوویەکی تاڵی بۆ کورد دوپات کردەوە. هەر چەندە٢٠ ساڵ بە سەر ئەو کارەساتە مێژوویە دا تێدەپەڕێ، بەلام پەروەندەی ئەو جینایەتە سامناکە هێشتا لە ژێر کاریگەری پێوەندیەکانی تاران و ڤییەن دا تۆزی فەرامۆشی لە سەر نیشتووە.

بە مەبەستی شەرمەزار کردنی ئەو تێرۆرە سامناکە و ڕێز گرتن لە تێکۆشانی دکتۆر قاسملوو لە پێناوی خەبات بۆ رزگاری، ڕۆژی شەممە ١١ی جولای ٢٠٠٩ سەعات ١ تا ٥ی دوا نیوەڕۆ، کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا، لە شاری شەفیلد کۆڕێکی ڕێزگرتنیان لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی ئەو شارە پێک هێنا. بۆ ئەو کۆڕە بەڕێزان خاتوو دکتۆر کارۆڵ پرۆن هوبێر( دۆستی دکتۆر قاسملوو ) کە بەم دواییانە لە سەر کەسایەتی ئەو گەورە پیاوە کتێبێکی نوسیوە و دکتۆر سەعید شەمس روناکبیر و چالاکی سیاسی کورد بانگهێشتن کرابوون.

ئەو کۆڕە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێز گرتن لە یادی دکتۆر قاسملوو و شەهیدانی دیکەی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان وێڕای بە خێر هاتن لە بەشدار بوان لە لایەن بەڕیوەبەری بەرنامە کاک حوسێن محەممەد پوور پارچە شێعرێک پێشکەش کرا.

کاک مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا دوای ئێشارە کردن بە و یادە وناساندنی وتەبێژانی ئەو کۆڕە،



دیمەنێک لە ڕێورەسمەکە

پەیامـــی کۆمیتـــەی دەروەی وڵاتی حیزبـــی دێموکراتی کوردستانی خوێندەوە. بە دوای ئەو دا دکتۆر کارۆل پرۆن هوبێر وتەکانی خۆی بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد. دکتۆر کارۆل ســـەرەتا باسی یەکەم دیداری لەگەڵ دکتۆر قاســـملوو لە ســـاڵی ١٩٨٣ لە پاریس کرد، کە ئەو کات لە ئەنیستیتۆی کورد لەگەڵ ناودارانی دیکەی کورد وەکوو یەلمـــاز گۆنای لەوێ کۆدەبوونەوە. ناو براو لە وتەکانی دا ئیشارەی بەوە کرد کە دکتۆر قاسملوو لەیەکەم دیدار دا توانیویەتی سەرنجی ئەو بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بە وتەی خاتوو کارۆڵ، قاسملوو کەسایەتیەکی کارێزما و مرۆڤێکی باوەڕ دار بە دیالۆگ و ئاشتی بوو.

هەروەها ئەوەی باس کرد کە لەسەر داوای دکتۆر قاسملوو ئەو کات ئەو وەکوو ژورنالیســـت ســـەردانی کوردستانی کـــردوە و بۆ ئـــەوە لە خەباتی ڕۆڵەکانـــی گەلی کورد لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا ئاگادار بێت و ئاگاداریش بدا بە دنیای دەرەوە.

دکتۆرکارۆڵ لەدرێژە دا باســـی لەوە کرد کە هاشـــمی ڕەفســـنجانی داوای دانیشـــتن و وت و وێژی لە ڕێبەری شـــەهید کردوە. پاشان باســـی ئەوەی کرد کە کاتێک یەلمـــاز گۆنای کۆچی دوایی کرد و ئەو وتارێکی لەســـەر نوسیوە، دکتۆر قاسملوو کە وتارەکەی خوێندۆتەوە داوای کردوە کە ئەگەر ئەویش مرد، کتێبێک لەسەر خۆی گەلی کورد بنووسێ.

لە کۆتایی دا باسی سەفەری خۆی بۆ کوردستانی باشوور کرد بۆ چاپی کتێبەکەی بە ناوی» خولیا و ئاواتی ڕەحمانی کوردان» کەدوای ٢٤ ساڵ جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە ئەو جێگایە کە بۆ یەکەم جار لەســـەر داوای دکتۆری شەهید سەردانی کردوە.



دیمەنێک لە ڕێورەسمەکە



دیمەنێک لە ڕێورەسمەکە

بە دوای تەواو بوونی باسەکانی خاتوو کارۆڵ دا بەڕێز دکتۆر سەعید شەمس ڕوناکبیری سیاسی کورد باسێکی پێشکەش کرد. نا وبراو سەرەتا باسی لە و خەسارە کرد که بە شەهید بوونی دکتۆر قاسملوو وە گەلەکەمان کەوتوە. ڕێزدار شەمس لە درێژەی وتەکانی دا باسی لە ئاڵ و گۆڕەکانی ئێستای

کوردستان و ئێران کرد. لەو بوارە دا بە وردی باسی لە وەزعیەتی نالەباری کۆماری ئیسلامی ، شەڕی نێوان باڵەکانی ڕێژیم و هەڵبژاردنی ئەو دواییانەی سەرۆککۆماری لە ئێران دا کرد. بە باوە ڕی ناوبراو ئەو شەپۆلە تازەیە لە ناڕەزایەتی خەڵکی ئێران لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی دا بێ وێنە بووە.

هەر وەها دکتۆر سەعید باسی ئەوەی کرد کە بە پێچەوانەی ئەوانەی پێیان وابوو کە چونە سەر سندوقەکانی دەنگ دان شەرعیەت دانە بە کۆماری ئیسلامی، ئەوە بەشداری کردنی تێکرای خەڵک بوو کە شەرعیەتی کۆماری ئیسلامی لە نێو خۆ و دەرەوە دا هێناوەتە ژێر پرسیار.

لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا دکتۆر شەمس باسی ون بوونی پێ و شوێنی بکوژانی دکتۆر قاسملووی کرد. لە ڕوانگەی ناوبراو پێویستە جارێکی دیکە پەروەندەی دکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی بخرێتەوە گەڕ و پێشنیاری ئەوەی کرد کە دەبێ هەمو کەس هاوکار بێ بۆ ئەوە کە ئەوەندەی دەکرێ بەڵگە و دۆکیۆمێنتی پێویست لەهەر جێگەیەک و بە هەر شێوەیەک کۆ بکرێتەوە بۆ ئەوە بکرێ لە دادگایەکی عادڵ دا بکوژانی ئەو ڕێبەرە هەڵکەوتوە دادگایی بکرێن و هەرچی زیاتر ماهییەتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی دنیا ئاشکرا بکرێ.

لەو کۆڕە دا کە دەیان کەس لە ئەندامانی حیزب و نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکان و ژمارەیەک لە خەڵکی ئینگلیسی تێی دا بەشدار بوون، کورتە فیلمێک لە سەر خەباتی ڕێبەری شەهید نیشان درا. پا شان ناوی ئەو حیزب و لایەنانە خوێندرایەوە کە بەو بۆنەیەوە پەیامی هاو دەردیان بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ناردبوو.

ئەو حیزبانە بریتی بوون لە:

ڕێکخراوی شەفیڵدی پارتی دێمۆکراتی کوردستان
ڕێکخستنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان
پارتی ئازادیی کوردستان
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)
یەکێتی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان_بریتانیا
سازمانی سەراسەری پەنابەرانی ئێران_شەفیلد
بزاڤی ڕۆشنبیری شەفیلد



دیمەنێک لە ڕێورەسمەکە

**بەبۆنەی ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوو ئەم دوو باگراوندە ئامادەکراون و لە سەتحێکی بەرینی ناو فەزای ئەنتەرنێتدا بڵاوکراونەتەوە.**






# بەشداری لە مەراسمی برۆکسێل و
# بەردەم پارلمانی ئەوروپا لە پەیوەندی لەگەڵ ترۆری ٢٠ ساڵەی
# شەهید سەرکردە دوکتۆر قاسملوو
























































# بەشداری لە یادی ٢٨ی گەلاوێژ
# ساڵڕۆژی فتوای خومەینی لە دژی گەلی کورد

٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاوی دەوڵەتی تازە بە دەسەڵآت گەیشتووی کۆماری ئیسلامی، کە شەڕێکی نارەوای بە سەر خەڵکی کوردستان دا سەپاند . گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە توندی بە گژ هێزەکانی دژی گەلیی دا چوونەوە و لە ماوەیەکی کورت دا زەبەی زۆر کاریگەریان لە دوژمن وەشاند.خومەینی خوێنمژ کە زانی هێزەکانی لە کوردستان ، قەڵای خۆڕاگری و ئازایەتی دا بەکرێگیراوەکانی توشی شکسی و سەرشۆڕی بوون، فتوای جیهادی لە دژی گەلی کورد ڕاگەیاند و چلکاو خۆرەکانی بۆ جێ بەجێ کردنی ئەمری ڕێبەریان بەر بوونە گیان و ماڵی خەڵک و بە دەیان کەسیان لە خەڵکی بێ دیفاعی کورد کوشت.

بۆ یاد کردنەوەی ئەو ڕۆژە کوردانی دڵسۆزی کوردستان لە شاری لەندەن، ڕۆژی شەممە ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٠٩ ڕێو ڕەسمێکی بە شکۆیان پێک هێنا کە تیای دا ژمارەیەکی بەرچاو لە لایەنە سیاسیە ئێرانی و کوردستانی و چەندین شەخسیەتی ئەدەبی و سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد و ئێرانی بۆ پێشکەش کردنی پەیام و بابەتی تایبەتی ئەو ڕۆژە بانگهێشت کرابوون. لە وانە: حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، پرۆژەی ژنی کورد، حزب مردم خلق بلوچ و چەندین شەخسیەتی وەکوو کاک هاشم کەریمی، دکتۆر سەعید شەمس، دکتۆر ئیسماعیل خۆیی،دکتۆر عەلیڕەزا نوریزادە و چەندین لایەن و شەخسیەتی دیکە تێی دا بەشدار بوون و لەو ڕێو ڕەسمە دا پەیام و وتار و بیرەوەری و بابەتگەلی تایبەت بەو ڕۆژەیان خوێندەوە .

حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی جالاکانەی لەو ڕێو ڕەسمە دا کرد .




# بەشداری لەیادی دامەزرانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان

شەممە ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٠٩ لە شاری لەندەن لێژنەی ناوچەی لەندەنی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، بە بۆنەی یادی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی پارتی و هەڵبژاردنەوەی کاک مەسعود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئێوارە کۆڕێکی وتار خوێندنەوەیان ئامادە کردبوو، کە لەو دا ژمارەیەک لە حیزبە کوردستانی و عێراقیەکان تێدا بەشدار بوون و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ ئەو یادە بانگهێشت کرابوو. هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حیزب پێک هاتوو لە بەڕێزان مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا و محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی ئەو وڵاتە، لەو یادەوەریە دا بەشدار بوون و پەیامی نوێنەرایەتی حیزبیان بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

**بەڕێزان لە لێژنەی ناوچەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان**

بەشدارانی خۆشەویست

خوشک و برایانی ئازیز

بەبۆنەی ٦٣هەمین ساڵی دامەزرانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و هەڵبژاردنەوەی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، بۆ سەرکی هەرێمی کوردستان، پڕ بە دڵ پیرۆزبایتان لێ دەکەین و هیواداریین ئەو بۆنە پیرۆزە ببێتتە هاندەر و بزوێنەر بۆ هەمو ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان بۆ تەبایی و یەکریزیی نەتەوەکەمان لە هەر چوارپارچەی وڵات و وەگەڕخستنەوەی تواناکان بێت بۆ ئاشتی و ئاوەدانی و سەرکەوتن بە سەر لەمپەرو کەند و کۆسپەکان دا.

ئێمە لە کاتێک دا ئەم یادەوەریانە ڕێز دەگرین کە نەتەوەی کورد پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی خۆی. ماوەیەکی کورت لەمەوبەر ئێمە لە باشوری کوردستان دا شاهیدی هەڵبژاردنی پارلمانی و سەرۆکایەتی هەرێم بوین. ئەو هەڵبژاردنە نەک تەنیا لە نەوعی خۆی دا لە کوردستان، بەڵکو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەر نەڵێن بێ وێنە، لانی کەم، کەم وێنەیە و هەمو لایەک، تەنانەت نەیارانی نەتەوەکەشمان شاهیدی بۆ ئەو ڕاستیە دەدەن و لەوەش زیاتر لەڕێگای جۆراو جۆرەوە پیرۆزبایی لە ڕێبەرەکان و لایەنە سیاسیەکان دەکەن.

خاڵی هەرە بەهێزی ئەو هەڵبژاردنە دەنگ دانی ڕاستەوخۆ بوو بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان. کە ئەوە یەکەم جارە خەڵکی کورد بەم شێوەیە سەرۆکی هەرێمی خۆیان بەدەنگی ڕاستەوخۆی خۆیان هەڵدەبژێرن. جێگای خۆیەتی لێرە دا پیرۆزبایی لە جەنابی کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پارتی دیمۆکراتی کوردستان

و به گشتی خەڵکی کوردستان بکەین. هەروەها پیرۆزبایی دەکەین لە لیستی کوردستانیی کە توانیان جارێکی دیکە متمانەی زۆرینەی خەڵک وەدەست بێنن.

دیاردەی دیکەی جیاوازی ئەم هەڵبژاردنە، بوونی لیستی جۆراوجۆر بۆ ڕەقابەتی دێمۆکراسیانەی هەڵبژاردن بوو وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی حکومەت، کە سەرەڕای ئەوەی ناحەزان خەونی ناحەزی وەکو ڕوخساری خۆیانیان پێوە دەبینی، گەلی کورد لەو مەیدانەش دا سەربەرز و ڕوسوور هاتە دەر و بۆ هەمو دنیا، بەتایبەت دنیای پێشکەوتوی سەلماند کە ئەگەر کورد چارەنووسی خۆی لەدەست خۆی دابێ، دەتوانێ یەکێک بێت لە وڵاتە هەرەپێشکەوتوەکانی دنیای ئازاد و دێمۆکرات.

لەلایەکی دیکە ئێران، کە چ وەکوو داگیرکەری بەشێکی وڵاتی ئێمە چ وەکوو دراوسێیەکی هەرێمی کوردستان، پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و هەڵبژاردنی دەورەی دەهەمی سەرۆک کۆماری لەو وڵاتە و کودتای سیاسی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، لە خەڵکی بەش مەینەتی ئەو وڵاتە، خەڵکی تینووی

ئازادیی ڕژاندە سەر شەقامەکان و بۆ یەکەمین جار دوای ۳۰ ساڵ دەسەڵاتی سەرەڕۆی ئاخوندەکان، خەڵک بە شێوەی نوێ، بە دروشمی نوێ، بە ڕەنگی نوێ و بە مێتۆدی نوێ، دەنگی (نا)ی خۆیان جارێکی دیکە بەسەردەمدارانی ڕێژیمی خوێنرێژی کۆماری ئیسلامی کوت.

سەرەڕای ئەوە کە جەللادەکان ئەو ڕێپێوانە هێمنانەیان خڵتانی خوێن کرد، بەڵام خەڵکی وەزاڵە هاتوو ئێستاش لە ئێران و لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دیکەی دنیا بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان هەروا درێژە بە نارەزایەتیەکانی خۆیان دەدەن کە جێگای خۆشحالی و هەروەها جێگای ئومێدە.

لە باکووری کوردستان سەرەڕای توندو تیژی لە ڕادەبەدەری دەوڵەتی فاشیستی تورک و کینەی لە بڕان نەهاتوی تورکیسم، ماوەیەکە دەوڵەتی تورکیە و حیزبی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە، هەندێ لێدوانی تازە دەدەن کە زۆر تازەن و دەکرێ بە دیدێکی موسبەت تێیان بڕوانین. کە هیواداریین تورکەکانیش بێنە سەر عەقڵ و کێشەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بە شێوەی ئاشتی چاەسەر بکەن و جارێک و بۆ هەمیشە کۆتایی بە شەڕ و خوێن ڕشتنی دەیان ساڵەی هاووڵاتیانمان بۆ وەدەست هێنانی خەونەکانیان بێت و بە زویی ئێمە شاهیدی ئەوە بین ئازیزانمان لەو بەشەی وڵاتیش بە بەشێک لە مافەکانیان و لەڕێگای ئاشتی و دێمۆکراسی بگەن.

بە ئاواتی وەدی هاتنی ئامانجە کانمان لە سەرتاسەری کوردستان.

ئێمە جارێکی دیکە هەڵبژێرانەوەی کاک مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ٦٣ ساڵەی یادی دامەزرانی پارتی دێمۆکراتی کوردستان، لە هەڤاڵانی لێژنەی ناوچەی پارتی لە بریتانیا، ڕێبەرایەتی و کادر و ئەندامانی و هەموو خەڵکی کوردستان بە گشتی دەکەین و لە خزمەت بە کورد و کوردستان دا سەرکەوتنی زیاترتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا
١٥ی ئاگۆستی ۲۰۰۹



# ڕێو ڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ لە شاری لیدز

٢٥ی گەلاوێژی ڕابردوو ٦٤ ساڵ بەسەر تەمەنی پڕ لە شانازی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا تێپەڕی و حیزب پێی نایە ٦٥ ساڵی تەمەنی خۆی لە قۆناخێکی هەستیار و تایبەتی لە خەبات دا.

بۆ ڕێز گرتن لە خەباتی حیزبەکەیان کۆمیتەکانی لیدز، شەفیلد و مانچستێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژی یەک شەممە ١٥ی ئاگۆستی ٢٠٠٩ لە شاری لیدز ڕێو ڕەسمێکی بەشکۆیان پێک هێنا کە لەو دا ژمارەیەکی زۆر لە ئەدنامنی حیزب لە شارە جۆراو جۆرەکانی بریتانیا و بنە ماڵەکانیان، نوێنەرانی حیزبە کوردستانیەکان و ژمارەیەک لە خەڵکی بریتانی ئامادەی بوون.

ئەو ڕێ و ڕەسمە بە سروودی ئەی ڕەقیب لە لایەن تیپی یەکێتی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ کرد و دوای ئەوە بەشداران بە دەقیقەیەک بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی حیزبی

دێمۆکراتی کوردستان و شەهیدانی ڕێگای کورد و کوردستان بە سەر پێوە وەستان. کاک حوسێن محەممەد پور بەڕێوەبەری بەرنامە لەگەڵ بەخێر هاتنی بەشدارانی مراسم نێو ئاخنی بەرنامەی بە شێعری شۆڕشگێڕی جوانتر کرد.

پاشان کاک مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا دوای بەخێر هاتنی میوانانی ڕێو ڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ، یادێکی لە شەهیدانی ٢ی گەلاوێژی ساڵی ڕابردوو، شەهیدی فەرماندە هەمزە سارتکەیی، شەهیدان قادر نەزمی و قادر قادری کردەوە.

ئیجا داوای لە تێکۆشەری دێرین کاک هاشمی کەریمی کرد کە بەو بۆنەیەوە چەند وتگەیەک پێشکەش بکات.

بەڕێز کاک هاشم ئاوڕێکی لە دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دایەوە ڕوداوەکانی ئەو سەردەمی کە لەئێران ڕوویان دا وەبیر ئامادەبوان هێنایەوە و یادێکی لە کۆمار و دەسکەوتەکانی و نەقشی حیزب

لەو سەردەمە دا و درندەیی ڕێژیمی پاشایەتی کرد. پاشان ئاوڕێکی لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ کرد و بە شانازی بۆ گەلی کورد و حیزبی دێمۆکراتیت کوردستانی دایە قەڵەم.

کاک هاشم کە خۆی یەکێک لە تێکۆشەرانی دێمۆکرات لە ڕۆژە سەختەکانی خەبات دا بووە، زۆر باس و بابەتی






گرینگ و بە نرخ و هەندێ بیرەوەری ئەو ڕۆژنە باس کرد، کە دەکرێ تێکۆشەرانی ئێستای خەبات دەرس و ئەزمونی لێ وەرگرن.

پاشـان کاک ڕزگار قـادرزادە ئەندامی کۆمیتەی بریتانیا وێڕای بە خێرهێنانی میوانانی بریتانی یادی ٢٥ی گەلاوێژ، کورتەیەکی لە مێژووی حیزب بە زمانی ئینگلیسـی بۆ ئەو میوانانە باس کرد.

بـە دوای ئەو دا ئەو حیزب و لایەنانە پەیامی پیرۆزباییان پێشکەش کرد:

پارتی دێموکراتی کوردستان_کاک نەزمی

بروسـکەی یەکیتی نیشتمانی کوردسـتان لە ڕۆژهەلاتی بریتانیا

کۆمەلەی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان_کاک زەردەشت هەورامی

یەکێتـی لاوانـی ڕۆژهەلاتی کوردسـتان_کاک شـێرکۆ فەرەوەریش

پەیامی پارتی کرێکارانی کوردستان

پەیامی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)

پەیامی کۆمەلەی کوردی شاری لیدز_کاک هیوا بزاڤی ڕوناکبیریی کورد_کاک هادی بوتیمار

بروسکەی سازمانی سەراسـەری پەنابەرانی ئێرانی_کاک عەبدوللا فەرامەرزی

لەگـەڵ هەندێ بروسـکەی دیکـە کە بۆ ئەو مراسـمە نێردرابوون

پاشـان شـاعیری هەست ناسـک خاتوو گەشاو پارچە شـێعرێکی پێشـکەش کرد و بە دوای ئەویـش دا هەڤاڵ ماردین شێعرێکی بە هەستی خوێندەوە.

کۆتایی ڕێ و ڕەسـمەکە، شاییو هەلپەرکێی کیژو کورانی لاو بوو، کە کاک سەباح ڕەواندزی بە دەنگی بە سۆز و کاک حەمە جاف بە ئامێری ئۆرگ شادیەکی تایبەتیان دابوو بە کۆڕی هەلپەرکێ.

بەم جۆرە لە سـەعات ٢:٣٠ دوا نیـوەڕۆ تا ٧:٣٠ ئێوارە ئەو مراسـمە درێژەی کێشـا کە بوو بە مایەی خۆشحاڵی بەشداران.




# بەشداری لە یادی دامەزرانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان

ڕۆژی ٢٣ی سپتامبری ٢٠٠٩ لێژنەی ناوچەی لیدزی پارتی دیمۆکراتی  کوردستان لە وڵاتی بریتانیا بە بۆنەی٦٤ ساڵەی دامەزرانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و هەڵبژاردنەوەی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕێ وڕەسمێکیان بەڕێوەبرد.

لە لایەن لێژنەی ناوچەی پارتی، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ بەشداری لەو یادەوەریە بانگهێشتن کرابوون کە هەیئەتێکی حیزب سەر بە کۆمیتەی لیدز بەشدارییان تێدا کردو پەیامی کۆمیتەی حیزبیان بەو بۆنەیەوە  پێشکەش کرد.

هەیئەتی حیزب بە سەرۆکایەتی کاک یاسین مەلکاری بەرپرسی کۆمیتەی لیدز و کاک ڕیبوار قادرزادە ئەندامی کۆمیتە، کاک شێرکۆ کانەبی و کاک تەها مەلکاری پێک هاتبوون.





# پەخشی ڕادیۆی کوردی
# لە شاری شەفیلّدی بەریتانیا

بە مەبەستی برەودان بە فەرهەنگ و کەلتوری کوردی و ناساندنی زیاتری ڕەوەندی کوردی بە نەتەوەکانی تر ، لە شاری شەفیلّدی بەریتانیا، بە هەوڵ و کۆششی چەند کەسێکی خەمخۆری کورد، توانرا بەشی کوردی لە ڕادیۆی ( بی سی ئاڕ ) بکرێتەوە، هەمو ڕۆژانی دوشەممە و سێشەممە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆوە بۆ دوی دوای نیوەڕۆ، بەرنامەکانیش وەکو سەرەتا بریتین لە مۆسیقای کوردی و چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی کەسایەتیە ڕۆشنبیریەکانی شەفیلّد و دەوروبەری سەبارەت بە ڕەوشی ڕەوەندی کوردی لەو ناوچەیە و پرسە گشتیەکانی تر، بەڕێوەبەرانی بەشی کوردی لەم ڕادیۆیە بە تەمان لە داهاتودا کاتەکە زیاتر بکەن و بەرنامەکانیش هەمەڕەنگتر بکەن، جێگەی باسە بەرنامەکانی ڕۆژانی دوشەممە لە لایەن شەهریار ئەبوبەکری و ڕۆژانی سێ شەممەش لە لایەن حسێن ئالانیەوە پێشکەش دەکرێن، پەخشی ڕادیۆکەش لەسەر ئەم شەپۆلانە پەخش دەکرێت .

FM – BCR 103.1.

# بەستنی کۆنفرانسی شارەکانی لیدز و نیوکاسڵ

ڕۆژانی ٢٠ و ٢٦ ی سپتامبر لە درێژەی بەرنامەکانی چالاک بونەوەی کۆمیتەکانی حیزب لە بریتانیا کۆنفرانسەکانی شارەکانی لیدز و نیو کاسڵ بەڕیوەچون.

لە رۆژی ٢٠ی سپتامبر قەرار بو کۆنفرانسی هەرسێ شاری لیدز، مانچستێر و شەفیلّد بە یەکەوە بگیرێن.بەڵام بە داخەوە لەبەر هاوکات بوونی چەژنی ڕەمەزان و نەهاتنی بەشێکی زۆری هاورێیان لە هەردوو کۆمیتەی شەفیلّد و مانچستێر، کۆنفرانسی ئەو کۆمیتانە مەشروعییەتیان پەیدا نەکرد و نەکرا بەڕێوە بچن و بۆ کاتێکی دیکە وادوا خران.

بەڵام هەر ئەو ڕوژە کۆنفرانسی کۆمیتەی لیدز بەسترا. لەو کۆنفرانسەدا دوای باسێک لەسەر وەزعییەتی حیزب، ئێران و کوردستان و پێدا چونەوە بە کارەکانی پیشوو و پێشکێش کردنی ڕاپۆرتی کۆمیتە، هاورێیانی بەشدار لە کۆنفرانس نەزەر و بۆچوونی خۆیان بۆ هەرچی باشتر کردنی کارەکان خستە ڕوو.

لە کۆتایی دا هەڵبژاردن بۆ هەیئەتی بەڕێوەبەری کۆمیتە کرا، کە بۆ ئەو دەورەیەی کاری کۆمیتە ٣ کەس لە هاورێیان وەکوو بەڕێوەبەری کۆمیتە و ٢ کەسیش وەکوو هاوکار دیاری کران.

ڕۆژی ٢٦ سپتامر لەشاری نیو کاسڵ، کۆنفرانسی ئەو کۆمیتەیە گیرا، کە لەوێش بە داخەوە بەشێک لەو هاورێیانەی کە لە سکاتلاند دادەنیشن نەیانتوانیبوو بەشداری کۆنفرانس بن.

کۆنفرانس بە دەقیقەیەک وەستان بە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێکرد. بە دوای ئەوە دا باسێک لەسەر وەزعییەتی حیزب، ئێران وکوردستان و ڕاپۆرتی کارو چالاکیەکانی کۆمیتە پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکە دا هاورێیان نەزەر و بوچوونی خۆیان خستە ڕوو.

دوا بەشی کاری کۆنفرانس، هەڵبژاردنی ئەندامنی بەڕێوەبەری کۆمیتە بوو، کە بۆ ئەو دەورەیە ٣ کەس وەکوو ئەندامی کۆمیتە و ١ کەسیش وەکوو هاوکار دیاری کران.

پێویستە بگوترێ کە بەرپرسانی ئەو کۆمیتانە ڕاسپێردان تا لەسەر بەشدار نەوبوونی ئەو هاورێیانە بە دواداچوون بکەن و بەرخوردی پێویستیان لەگەڵدا بکرێ.

Labour

# بەشداری هەیئەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان
# لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیا

لەڕۆژانی ۲۷ سێپتامبر تا ۱ی ئۆکتۆبری ۲۰۰۹ حیزبی کرێکاری بریتانیا (لیبر پارتی) کە ئێستا حاکمیەتی دەوڵەتی ئەو وڵاتەی بەدەستەوەیە، لەشاری توریستیی برایتۆن ، کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی بەڕێوە دەبا
لەسەر بانگهێشتی حیزبی کرێکاری بریتانیا (لیبر پارتی) هەیئەتێکی حیزبی سەر لەبەیانی ئەمرۆ پێک هاتوو لە بەڕێز کاک خالید عەزیزی سـکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کاک مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا، لە ڕۆژانی ۲۸ و۲۹ی سێپتامبرلە بەشی نێونەتەوەیی کاری کۆنفرانسی ئەو حیزبە کە تێیدا حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دێمۆکراتەکانی ئەندامی ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالسیت بەشدار دەبن، بەشداری دەکەن.
کۆنفرانسـی سـاڵانەی لیبێر پارتی گرینگیەکی تایبەتی هەیە کە وەکوو یەکێک لە سەرەکیترین،گەورەترین و بەرچاوترین حیزبەکانی ئورووپا دێتە ئەژمار و لە دارشـتن و گەڵاڵە کردنی نەک تەنیا وڵاتی بریتانیا بەڵکو لە سیاسـەتی ئورووپا و تەنانەت سیاسـەتی گشتی دنیاش دا چ وەکوو وڵاتێکی زلهێز لە مەیدانی سیاسەتی نێونەوەیی و چ وەکوو یەکێک لە ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان ، نەقشی بەرچاو و گرینگی هەیە.

جگە لە نوێنەرانی حیزبە کانی ئەندام لە ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست نوێنەری هەموو ئەو وڵاتانەش کە لەگەڵ وڵاتی بریتانیا لە پێوەندەی دیپلۆماتیک دان، لەڕێگای سـەفارەتەکانیان لەو وڵاتە ، بەشداری ئەو کۆنفرانسە دەبن.
بۆیە لەو ڕووەوە بەشـداری لە وەها کۆنفرانسـێک دا ئەو گرینگیەشی هەیە کە بە پێی ئیمکان دەکرێ لەگەڵ نوێنەرایەتیەکان ، سەفیر و دیپلۆماتە کانی وڵاتانی جۆراوجۆر دیدار و چاوپێکەوتن بکرێ و وەکوو تریبوونێک بۆ زیاتر ناسـاندنی گەلی کورد و مافەڕەواکانی و سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی و هەرچی ناساندن و
پتەوتر کردنی پێوەندی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وئەحزابەکان و نوێنەرایەتی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دنیا کەلکی پێویست وەر بگیرێ.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان
لە بریتانیا
۲۸ی سپتامبری ۲۰۰۹










# ڕاپۆرتی کۆتایی کاری کۆنفرانسی ساڵانەی

# پارتی کرێکاری بریتانیا

هەروەک لە چەند ڕاپۆرتی پێشتر دا سەبارەت بە کۆنفرانسی ساڵانە حیزبی کارگەری بریتانیا (لیبر پارتی) دا بە ئاگاداری تان گەیشتبوو، لە ٢٧ سێپتامبری ٢٠٠٩ کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی دەست پێکرد.

بە پێی بەرنامەی کاری کۆنفرانس ، هەموو ساڵێک ٢ ڕۆژ تەرخان دەکرێ بۆ باس لەسەر مەسەلە نێونەتەوەییەکان و بۆ ئەو دوو ڕۆژە هەموو ئەو حیزبانەی کە بە جۆرێک لەگەڵ حیزبی کارگەر لە پێوەندی دان و وەکوو حیزبی خوشک ناویان دەبرێ، بەتایبەت ئەو حیزبە سوسیالیست و سوسیال دێمۆکراتانەی کە لە ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست دا

ئەندامن ( لەبەر ئەوە کە حیزبی کرێکاری بریتانیاش یەکێک لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە) بۆ ئەو بەشە لە کاری کۆنفرانس بانگهێشت دەکرێن.

لە کۆنفرانسی ئەمساڵ دا ٢٧٧ حیزب و سەفیر و نوێنەرایەتیەکان ڕێکخراوە نیونەتەوەییەکان وەکوو میوان بەشدار بوون.

هەروەها بە دەلیلی ئەوە کە لیبر پارتی ئێستا سەرۆکایەتی دەوڵەتی بریتانیای بە دەستەوەیە، نوێنەرانی هەموو ئەو وڵاتانەش کە لەگەڵ بریتانیا لە پێوەندی دیپلۆماسی دان، بانگهێشت دەکرێن، کە سەفیرەکان یان کارداری سەفارەتەکان بەشداری تێدا دەکەن.

لەڕاستی دا کۆنفرانسی لیبر پارتی جگە لەوە کە ئەو حیزبە ئەگەر نەگوترێ گەورەترین و دیارترین حیزبی ئوروپایی، لانی کەم یەکێک لە حیزبە هەرە بەرچاوەکانە و لە دارشتن و گەڵاڵە کردنی سیاسەتی ئوروپا بە تایبەتی و دنیا دا بە گشتی نەقشێکی



بەرچاوی هەیە، گرینگی خۆی هەیە، بوونی ئەو میوانانەش کە نوێنەرایەتـــی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دنیا دەکەن، گرینگیەکی تایبەتی هەیە.

حیزبی دێمۆکراتی کوردســـتان هەموو ساڵێک وەکوو یەکێک لە میوانانی کۆنفرانســـی لیبر پارتی لە بەشـــی نێونەتەوەیی ئەو کۆنفرانسە بەشدار دەبێ وئەمساڵێش لەسەر بانگهێشتی ڕەســـمی ئەو حیزبـــە هەیئەتێک پێکهاتوو لـــە بەڕێزان کاک خالید عەزیزی سکرتیری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و مەولوود ســـوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا بەشـــداری ئەو کۆنفرانسە بوون.

کۆنفراسی لێبرپارتی کە دەکرێ وەکوو تریبونێک بۆ هەرچی زیاتر ناساندن و باس کردن لە مەسەلەی کورد و دەرخستنی هەرچی زیاتری ڕاستیەکانی تایبەت بەو مەسەلەیە بۆ نوێنەرانی حیزبە نێونەتەوەییەکان و نوێنەرانی وڵاتانی دنیا بە تایبەتی کەلکـــی لێوەبگیرێ، بۆیە حیزبی دێمۆکراتی کوردســـتانیش گرینگیەکی

تایبەتی بەو بەشداری کردنە دابوو و بە هەیئەتێکی پایەبەرز بەشـــداری لەو کۆنفرانســـە دا کرد، کە دەکـــرێ بگوترێ کە هەدەفەکانی خۆشی بە باشی پێکا.

بەپێی ســـۆننەتی کۆنفرانســـی حیزبی کرێکاری بریتانیا ٢ ڕۆژ بۆ باس و بابەتی نێونەتەوەیی و میوانە نێونەتەوەییەکان تەرخان دەکرێ.

ســـەر لەبەیانی ٢٨ی ســـپتامبر لە یەکێک لە سالۆنەکانی هوتێل هیلتۆنی شاری برایتۆن، لە کۆبونەوەیەکی تایبەتی دا بۆ میوانانی بەشـــدار، خاتوو جۆ بلینگهام دوای خۆناساندنی وەکوو بەرپرســـی یەکەمی نێونەتەوەیی لیبرپارتی، بەگەرمی بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و پاشان خاتوو گلیتس دیلمۆرت سەرۆکی ئەندامانی





بریتانیا لە پارلمانی ئوروپا، کارە سەرەکیەکان و جێگەو پێگەی حیزبەکەیان قسەی کرد  خاتوو میلینی لە سەر هەدەفەکان و دەستووری کاری کۆنفرانس وتەیەکی پێشکەش کرد .

بەدوای ئەوە دا سەعات ١٢:٣٠ بەر لە نەهار خواردن کە هەر لەلایەن حیزبی خانەخوێ بۆ میوانە بەشدارەکان ئامادە کرابوو، خاتوو گلیتس ویلمۆت داوای کرد کە میوانەکان هەر کام پێیان خۆشە لەسەر وڵات  یا حیزبەکانیان  وتەیەک بەو بۆنەیەوە پیشکەش بکەن .

یەکێک لەو بەڕێزانەی کە لەو بەشە دا قسەیان کرد، کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو.

نێوەرۆکی ئەسڵی وتەکانی کاک خالید عەزیزی ، ناساندنی ماهییەتی کۆماری ئیسلامی بوو بەو نوێنەرایەتیانە .

بەڕیز کاک خالید لە بەشێک لە وتەکانی دا وتی: کۆماری ئیسلامی ئێستا ڕێژیمێکی جێگای مەترسیە بۆ سەر ئاسایشی دنیا بە گشتی و پێشێکردنی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی نەتەوە بندەستەکان لەلایەن ئەو ڕیژیمەوە لە ئێران، پێشێل کردنی یاسا و رێسا نێوەنەتەوییەکانە و  ئەو مەسەلەیە ئەمڕۆ بۆ کۆماری ئیسلامی

وەکوو شتێکی ئاسایی لێهاتوە . بۆیە ئەوە مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی و دێمۆکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و ئێران بە تایبەتی.

بەڕێز سکرتێری گشتی باسی لە دوایین ئاڵو گۆرەکانی ئێران و ئەو کوشتن و گرتن و ڕاوەدونانەی دوای هەڵبژاردنەکانی کرد و وەبیری هێنایەوە کە ئێستا ئێران بە قۆناغێکی گرینگ و هەستیار دا تێپەڕ دەبێ و نابێ

دنیای دەرەوە مەسەلەکان تەنیا لەچوارچێوەی مەسەلەی ئەتۆمی دا کورت بکاتەوە و مەسەلەی مافی مرۆڤ بخاتە





پەراوێزەوە و پێویستە دێمۆکراسی لە ئێران دا گرینگیەکی تایبەتی پێبدرێ.
لەبەشێکی دیکەی وتەکانی دا کاک خالید باسی تێکۆشانی ٣ دەیەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ وەدەست هێنانی مافەنەتەوەییەکانی کرد و دووپاتی کردەوە کە بێدەنگی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەرامبەر پرسی نەتەوەکان لەئێران هیچ پاساوێک هەڵناگرێ و ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و دێمۆکراتیزە بوونی ئەو وڵاتە گرێدراوی قبوڵکردنی جیاوازییەکان و بەشداریی سەرجەم نەتەوەکان لە بەڕێوەبردنی وڵات دایە.
لە کۆتایی وتەکانی دا بەڕێز سـکرتێری گشـتی داوای لە تەواوی نوێنەرایەتیە بەشدارەکان کرد کە ڕێگا لەپێشێلکردنی زیاتری مافەنەتەوەیاتیەکان لە ئێران دا بگرن داوای کرد کە سەرنجی بیرو رای گشتی دنیا بۆ ئەو مەسەلەیە زیاتر ڕابکێشن.

بەشـێکی دیکەی چالاکیی هەیئەتی حیزب ، دیدار و چاو پێکەوتن لەگەڵ چەندین لایەن و شەخسیەتی بەشدار لەو کۆنفرانسە دابوو، کە دەکرێ ئیشارە بە چەند دانەیان بکرێ ، لەوانە:
خاتوو مەگ مێن ئەندامی پارلمان و بەرپرسی کۆمیتەی دمکراسی پارلمان
بەڕێز کوتلەی ئەرک سکرتێری حیزبی کۆماری خوازی تورک لە قبرس
خاتوو جۆ بلینگ هام بەرپرسی نێونەتەوەیی حیزبی کارگەری بریتانیا
خاتوو ڕەیچل مشاوری سیاسی دەفتەری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا
خاتوو ماریا فرانس ئاندرێ  موشاوری وەزیرلە سەفارەتی بلژیک





بەرێز لویس ئەیالا سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست، کە بەمەبەستی زیاتر ناساندنی پرسی کوردو تاوتوێکردنی دوایین ئاڵوگۆڕە پەیوەندیدارەکان بە ئێرانو کێشەی کورد لە گەل ئەو کەسایەتیی و لایەنەنەدا ئاڵوگۆڕی بیروڕای کرد.

بەرنامەکانی ڕۆژی ٢٩ی سپتامبر بە وتەکانی بەرێز گۆردن براون سەرۆک وەزیرانی بریتانیا دەستی پێکرد، وتارەکەی گۆردن براون کە لە ناو ئەندامانی لیبر پارتی و راگەیەنە گشتیەکان دا دەنگ دانەوەیەکی زۆری بوو، ٣ تەوەرەی لە خۆگرتبوو، بەشی یەکەم باس لە سیاسەت، دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی ئەو حیزبە بوو لە ١٠ ساڵی ڕابردوو دا.

بەشی دووهەمی وتەکانی سەرۆک وەزیری بریتانیا ڕووی لە ئەندامنی حیزبەکەی بوو کە ڕێنوێنی پێویستی دا پێیان کە چی بکەن و چۆن بەرەو پیری هەڵبژاردنەکانی داهاتووە بچن بۆ ئەوە کە بتوانن جارێکی دیکە زۆرینەی پارلمان بۆخۆیان دەستەبەر بکەن و دەسەڵاتی وڵات بگرنەوە دەست.

بەشی سێهەم تەرخان کرابوو بە سیاسەیت نێو نەتەوەیی کە لەو بەشە دا باسێکیش سەبارەت بە ئێران کراوبوو و تێی دا پێداگری لە هەڵوێستی بریتانیا کرابۆوە کە ئێران یا دەبێ گوێڕایەڵی خواستەکانی کۆمەلی نێوەدەوڵەتی بێت یا دەبێ خۆی بۆ سزای زیاتر و تەریک کەوتنەوە ئامادە بکا.

سەعات ٥ی دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە سمینارێک بۆ باس کردن لەسەر مەسەلە تایبەتی یەکانی سیاسەت و ئاسایشی جیهانی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرێزان دەیڤید ملیباند وەزیری دەرەوەی بریتانیا ،بۆب ناسوێس وەزیری بەگری ، دۆگلاس ئەلێکساندێر وەزیری پەرەپێدانی نێونەتەوەیی و خاتوو کاف سپێنس بەرپرسی ئێجرایی لە





حیزبی کاری بریتانیا گیرا، لەو سمیناره دا هەرکام لەو بەڕێزانه باس و بابەتی تایبەت بەو مەسەلانەیان پیشکەش کرد.
لەو بەشه دا کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب، لەسەر مەسەلەی ئێران و چەکی ناوەکی چەند بابەت و پرسیاری هێنا گۆڕێ کە لەلایەن بەڕێز دەیڤید میلیباند وڵام درانەوە.

دوای تەواو بوونی ئەو سمیناره، میوانەکان ئامادەی ئێواره خوانێک بوون کە بە ئیفتخاری ئەوان حیزبی خانه خوێ ئامادەی کردبوو. لەو ئێوارەخوانه دا هەر یەک لە گۆردن براون، دەیڤید میلیباند و خاتوو گلیتس ویلمۆت بە کورتی قســـەیان کرد و دوای بەخێرهاتنی میوانەکان، تەوزیحیان لە بابەت کۆنفرانس، پێوەندیەکانیان لەگەڵ دنیای دەرەوە و مەسەلەی چەکی ناوکی دا.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەڕێز سکرتێری گشتی چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ شەخسیەتەکانی بەشدار لەو کۆنفرانسە دا کرد، لەوانە: بەڕێز دەیڤید میلیباند وەزیری دەرەوەی بریتانیا، ئێهود باراک وەزیری بەرگری ئیسرائیل، گلیتس ویلمۆت سەرۆکی ئەندامانی بریتانیایی لە پارلمانی ئوروپا، کەتی دیلۆن کارگێڕی سیاسی یەکێتی لاوانی سۆسیالیستی ئوروپا، جیمس زاڵت بومێڵ لە حیزبی کاری هولەند و دۆگلاس ئەلێکساندێر وەزیری پەرەپێدانی نێونەتەوەیی دەوڵەتی بریتانیا. لەهەموو ئەو دیدار و چاو پێکەوتنانە دا بەڕێز سکرتێری
گشتی باسی لە سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، مەسەلەی نەتەوەیی گەلی کورد و وەزعییەت و پێگەی ئێران بە تایبەت دوای هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییانەی سەرۆک کۆماری لەو وڵاتە دا کرد





# سمینایێک بۆ بەڕیز کاک خالید عەزیزی لە بریتانیا

ڕۆژی شەممە ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ی زایینی لەشاری هوودێرسفیلد، بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکرتی کوردستان، لە دیدارێکی گشتی دا لەگەڵ ئەندامان، لایەنگران، دۆستانی حیزب و کوردانی دانیشتووی شارەکانی باکووری بریتانیا باسێکی لەسەر وەزعییەت و جێگە و پێگەی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەل و مەرجی سیاسی کوردستان بە گشتی و ڕۆلی حیزبی دێمۆکرات لەو ململانێ سیاسیانە دا کرد.

سکرتێری گشتی حیزب بە ئاوڕ دانەوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییانەی سەرۆک کۆماریی لە ئێران، باسی لە چۆنیەتی بەشـداری خەلکی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان و حیزبی دێمۆکراتی کوردســتان کرد و وتی: هەڵوێستی ئێمە وەکوو حیزبی دێمۆکراتی کوردســتان زۆر بەجێ و یەکگرتوو و هەماهەنگ لەگەڵ ویســتە و داواکانی ئێستای خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردســتان بە تایبەتی بوو مەبەســتە ئەوە بوو چۆن لە هەل و مەرجی جۆراوجۆر و ئەو دەرفەتانەی دێنە پێش کەڵکی پێویست وەربگیرێ . دوای ورد بوونەوەیەکی زۆر و باس و ڕاوێژ لەگەڵ زۆر کەس و لایەن ئەو هەڵوویستە گیراوە و دەریش کەوت کە ئێمە دروست و بەجێ

هەنگاومان ناوە. ئێمە وەکوو حیزبی سیاسی دەبێ خوێندنەوەی ورد بۆ ڕوداوەکان و ئاڵ وگۆڕەکانی وڵاتی خۆمان و دەوور و بەرمان بکەین و لەگەڵ بازیەکان، دروشمەکان و هەنگاوەکان برۆینە پێش و بتوانین تەئسیرمان هەبێ. ئەگەر وا نەکەین ناتوانین ئەو تەئسیرە پیوێستەمان هەبێ. ئێمە ئەگەر دوور و لەو واقعییەتانە بین،

ئەو ڕەوتە کە ئێســتا دەســتی پێ کردووە و ڕوو لەگەشەیە، ئەگەر ئینقلابی دیکەشــی لێ بکەوێتەوە، بەو مانایەیە کە ئینقلابێکی بێ خوێندەوە و موتالعەیە و هەروەکوو ئەوەی ڕابردوو دەستکەوتێکی باش و درووست و بەکەلکی بۆ خەڵک



بەدواوە نابێ و بە گشتی بۆ ئەوەکە کاریگەری باش بە پێی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی خۆمان هەبێ ، دەبێ پێ بە پێی هەنگاوەکان لەگەڵ ئاڵ و گۆڕەکان دابین.

کاک خالید عەزیزی باسێکی لە شێوەکانی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی دا کرد و لەو بارەوە وتی: هەموو شێوەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی میللەتێک دروست و بەجێیە، هەر کام لەو شێوانە دەبێ بخرێنە خانەی گونجان و نەگونجان و هــەل ومــەرج و ئەو قۆناغانەی کە لە جولانەوەی رزگاری میللەتێک دا لە گــۆڕێ دان. بۆ وێنە خەباتی چەکداری لە کوردســـتانی ئێران لە ســـەردەمێک دا وەســـیلەیەک بوو کە میللەتی کورد لەکوردستانی ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی دیفاع لە خۆی بکا. هەرەها زۆر جار خەباتی چەکداری میللەتێکی لە چەوسانەوە ڕزگار کردووە و تەنانەت سەربەخۆیشی لێکەوتۆتەوە. لە ڕوانگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردســـتان خەبات مێتۆد و شـــێوەی کارە نەک ســـتراتیژی، ئەگەر وایە بەدرەوام دەکرێ لە ئاڵ و گۆر دابێ. بۆیە کەم زەرەرترین مێتۆد لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خەڵک لە کوردســـتانی ئێران بە باشترین شیوە دەزانێ. سەرەڕای خەباتی جەماوەری، تەشککیلاتی ،دیپلۆماسی ،میدیا وەکوو تەلەفزیۆن، ئینتێرنێت و مۆبایل لە خەبات دا دەورێکی زۆر گرینگ دەبینێ و ئێمە دەتوانین بە کەلک وەرگرتن لەو کەرەسانە لە مەیدانێکی بەر بەرین دا کۆماری ئیسلامی بە چاڵش بکێشین.

هەروەها ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەلو مەرجێک برەخسێنی بۆ ئەوە کە لەگەڵ ئێمە بکەوێتە وتووێژ، لەگەڵ ئەوە دا کە





دەبێ هەموو ئەگەرەکان لە بەرچاو بگرین و بە وردی بزانین کە ئەو ڕێژیمە مەبەستی لە وتووێژچیە . دەبێ بە وردی لێی بڕوانین و لێی تێی بگەین. بەڵام ئەوە زۆر گرینگە ئێمە بە کردەوەکانی خۆمان و تێکۆشانمان کۆماری ئیسلامی بکێشینە سەر مێزی وتوو وێژ. بە باوەڕی ئێمە چارەسەری کیشەی کورد ڕێگای نیزامی نیە و حیزبی دێمۆکرات هەمیشە ئامادەگی ئەوەی هەبوە کە لەڕێگای دیالۆگ و گفت و گۆ ئەو کیشەیە چارەسەر بکات.

لە بەشـــێکی دیکەی وتەکانی ســـکرتێری گشتی حیزب دا ئیشارە بە بەشداری خەڵکی کوردستان لەو ئاڵۆزیانەی ئێران دا کرا وتی: خەڵکی ئێمە بە درێژایی تەمەنی ئەو ڕێژیمە دەیفاعی لە خۆی کردوە و لەو ماوەیە دا بە هەزاران شەهید و زیندانی و شـــکەنجە و ئازار و ئەزیەتی دیوە . ئەگەر قەرارە تەســـویە حیسابێک لەگەڵ ڕێژیم بکرێ، نابێ تەنیا لەسەر حیسابی کورد بکرێ. کورد ناتوانێ بەتەنیا ڕێژیم بە چۆک دابێنێ و تەوسویە حیسابی لەگەڵ بکا . ئێمە پێویستیمان بە خەڵکی ئێرانە و ناچارین لەگەڵیان لە پێوەندی وهاوکاری دابین و دەبێ لەگەڵ ئەو ڕەوتە کە ئێستا ناوی ڕەوتی سەوزی لێنراوە، هەنگاوەکانمان بەرەو پیش بەرین.

ئێمە لەو ماوەیە دا ئەو کارەمان کردوە و ستراتیژیشـــمان بووە . دەبێ لەو ڕێگایەوە زۆر وردتر و باشـــتر و جیددیتر مەســـەلەی کورد لەگەڵ خەڵکی ئێران باس بکرێ، دەبێ خەڵک ئێران بە گشـــتی لە مەسەلەی ئێمە تێبگەن، دەنا ڕەنگە لە داهاتوو دا توشـــی کێشـــەیەکی زۆرتر بین لەگەڵ ئەو کەســـانەدا کە لە داهاتووی ئێران دا دەسەڵاتی ئە وڵاتەیان بەدەستەوە دەبێ .



2011 . 2008

Kurdistan Democratic party's activity in the United Kingdom



کاک خالید عەزیزی لە بەشـێکی دیکە لە وتەکانی دا باسـی لە پێویستیی یەکگرتوویی لایەنە سیاسیەکان کرد وتی: ئەگەر لەو سناریۆ یانە دا هاودەنگ لەگەڵ حیزبەکانی دیکە بچینە پێش تەئسیرمان زیاتر دەبێ. ئێمە هەوڵێکی زۆرمان داوە لەو ماوەیە دا کە بتوانین لە دەوری یەک کۆبینەوە و بە فکری جیاوازەوە دەنگێکی یەکگرتوومان هەبێ بۆ مەسەلە گشتیەکانی تایبەت بە مەسەلەی نەتەوەکەمان . ئێمە لەهەنگاوەکانمان دا لەو بارەوە تا ڕادەیەک چوینە پێش کە خاڵێکی بە هێزە ، بەڵام نەگەیشـتوینە قۆناغێکی دڵخواز. هەرچەند بە داخەوە ئەو هەوڵانە بە ئاکامی تەواو نەگەیشـتوون بەڵام ئێمە لێی سارد نەبوینەوە و ئەو سیاسەتە درێژە پێ دەدەین. ئەگەر ئەو کێشە و ناکۆکیانەی ئێمە درێژە بکێشن جێگەو پێگەی مەسەلەی کورد لە کێشەکانی نێو خۆی ئێران کزتر و لاوازتر دەبێ.

سـەبارەت بە هەنگاوەکانی حیزب بۆ پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە کاک خالید وتی: ئێمە لە پێوەندەی بەردەوام و فەعال داین لەگەڵ دنیای دەرەوە ، بەتایبەت، ئەمریکا بریتانیا یەکێتی ئوروپا، ئەنترنا سـیۆناڵی سۆسیالیسـت و ئەو جێگایانەی کە پێمان وایە تەئسیرێکیان بۆ بەرەو پێشبردنی هەنگاوەکانی ئێمە هەیە. ئێمە پێمان ڕاگەیاندوون کە کورد لەسەر ئێران بێ تەفاوەت نیە. لەهەر ئاڵوگۆڕێک کە پێوەندی بە داهاتووی ئێرانەوە هەیە دەبێ کورد وەکوو فاکتۆرێک لە کێشـەکان دا سـەیر بکرێ و بە بێ ئێمە هیچ چارەسەرێکی جیدی ناکرێ. بە گشتی دنیای دەرووەوە تێگەشتنیان لە هەڵوێسـت و بۆچوونی ئێمە بۆ حەللی کێشـەکان لە ئێران دا هەیە . لە هەمان کات دا ئاماژەی بەو ڕاسـتیەش کرد کە دیپلۆماسی کوردی ئێران زەمانێک دەتوانێ شوێنی کاریدەر دابنێ ئەگەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە نێو خۆی وڵات





دەنگ و ڕەنگێکی بەرچاویان لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران دا هەبێ. هەروها لە بە شێکی دیکەی قسەکانی دا سکرتێری گشتی حیزب ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر ئو ڕوتە درێژەی هەبێ، هان بدرێ و بەرەو پێشەوە بچێ کۆماری ئیسلامی زیاتر بە چاڵش دەکێشرێ. لە درێژەی ئەو حاڵەتە دا یا حکومەت ئەو وەزعییەتە تەحەممول ناکاو زۆرتر لە مێتۆدەکانی نیزامی و کودتایی کەلک وەردەگرێ کە لەگەڵ کۆمەلگایەکی وشیار و ئاڵ وگۆرخوازی ئێران بەرەوڕوو دەبێتەوە یان ڕێژیم ناچار دەبێ گوێ بۆ خواستەکانی خەڵک ڕابگرێ. لە
هەر حاڵ دا جمهوری ئیسلامی لە درێژخایەن دا سیستمێکی بێ ئایەندەیە. ئێمە وەکوو کورد دەبێ لەو مەیدانە دا بە هۆوییەتی خۆمانەوە بچینە ناو ئەو گەمەیە . مەبەست ئەوەیە وێڕای ڕاگرتنی هاوکاری و هەماهە نگی و لێک تێگەیشتن لەگەڵ جوڵانەوەی ئێستای تاران و شوێنەکانی دیکە ، ئێمە زەمینەی مناسب و گونجاو دروست بکەین بۆ هاتنە گۆڕی ویست و داواکانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران.
هەر وەها سکرتێری گشتی حیزب ئاماژەی بەوە کرد کە ئێمە نابێ لە خانەی مێژوویی کێشەکان دا بمێنینەوە و فکر لە ئایەندەی بەرژەوەندی کوردستانی ئێران بکەینەوە ، ئەویش بە مانایە کە دەبێ سیاسەت لە خانەی تۆڵە ئەستاندەوە و دوژمنایەتی بێنینە دەرێ و زۆرتر هاندەری ئەوە بین لە ناو سیستمی کۆماری ئیسلامی دا یارمەتی بەو لایەنە و جوڵانەوە جەماوەریە بکەین کە دوای هەڵبژاردن لە دژی دەسەڵاتی ئەحمەدی نژاد و خامنەیی بە بۆنەی جۆراوجۆر لە شەقامەکانی





ئێران دا دێنە مەیدان.

لەپێوەندی لەگەڵ کێشەی ئەتۆمی لەگەڵ دنیای دەروە دا کاک خالید وتی: سروشت و ویست و داخوازی دنیای دەرەوە سەبارەت بە کێشەی ئەتۆمی لەگەڵ جمهوری ئیسلامی بە جۆرێکە کە ئیمکانی سازش و تەوافوق بە دوور نابیندرێ . بۆیە تەواو بوونی کێشەی ئەتۆمی لەگەڵ دنیای دەروە دەتوانێ هاندەرێک بی بۆ هاتنە گۆری زیاتری مەسائیلی دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ لە دژی ئەو ڕێژیمە. هۆیەکەشی ئەوەیە

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کێشەی ئەتۆمی وەک کارتێکی مەزنیخوازی لە و ناوچەیە کەلک وەردەگرێ و گەمەی پێدەکات و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بەخۆیەوە مەشغوڵ دەکا و سەرنجیان لە مەسائیلی ناوخۆی ئێران بە لارێ دا دەبا.

کۆتایی وتەکانی سکرتێری گشتی تەرخان کرابوو بە وەزعییەتی سیاسی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و لەو بارەیەوە ئیشارەی بە ئاڵ و گۆڕەکانی ئەو دواییەنەی تورکیە کرد و پشتیوانیی

حیزبی جارێکی دیکە بۆ چارەســەری ئاشتیی کێشەی کورد لەو وڵاتە دووپات کردەوە، هەروەها هیوای خواست کە ئەو ڕەوتەی ئێستای تورکیە نهادینە بکرێ و لە نهایەت دا سوریەش بگرێتەوە و وەکوو عێراق قانوونی بکرێ و وردەوردە ئەو شێوە تێگەیشتنە لە مەسەلەی کورد لە کۆمەڵگای ئێرانیش جێ بکەوێ و هەم کۆمەلانی ئێران و هەم دەسەلات خۆی مولزەم و متعهد بە چارەسەری مەسەلەی کورد بزانێ.






# بەشداری چالاکانەی ئەندامانی حیزب لە بریتانیا لە خۆپیێشاندان دژی کۆماری ئیسلامی

به مەبەستی پشتیوانی کردن لە زیندانیانی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مەحکوم کردنی جنایەتی ئیعدامی بەردەوامی چالاکانی کورد بە بیانوی جۆراوجۆر لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران ، بەدەست پیشخەری ڕێکخراوی چاک کۆمیتەی پستیوانی لە زیندانیانی سیاسی کورد، سەعات ٢ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٧ ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ ، ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوی شارەکانی بریتانیا لە بەر دەم سەفارەتی کۆماری ئیسلامی لە شاری لەندەن کۆ بونەوە و دروشمی جۆراو جۆر ی وەک: بڕوخێ کۆماری ئیسلامی، مەرگ بۆخامنەیی، مەرگ بۆ ئەحمەدی نژاد، زیندانیانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێن، ئێعدامی زیندانیان دەبێ ڕابگرێ و زۆر درووشمی دیکە لە دژی ڕێژیمی خوێنڕژی کۆماری ئیسلامی و دروشمی پشتیوا نی لە زیندانیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوترانەوە .

لەو خۆپیێشاندانە کە ٢ کاتژمێری خایاند، چەندین حیزبی کوردستانی و کەسانی سەربەخۆ بەشداریان تێدا کرد. ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردســـتان لە شـــاری لەندەن وەکو ئەرکێکی نەتەوایەتی چالاکانە بەشـــداریان لەو خۆپیێشاندانە دا کرد.










# کۆبونەوەی شورای ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست

ئەمـرۆ ٢٣ی نوامبر هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان پێک هاتوو لـە بەرێزان کامران باڵنوور بەرپرسـی پیوەندیەکانی حیزب لە ئەمریکا و خەبات ئیبراهیم پوور ئەندامی کۆمیتەی حیزب بەشداری دووهەمین کۆبونەوەی شورای ئەنترناسیونالی سۆسیالیستن.

لە رۆژانی ٢٣ و ٢٤ ی نوامبری ٢٠٠٩

شـورای ئەنتێرناسـیۆناڵی سۆسیالیسـت دووهەمین کۆبونەوەی دوای کۆنگرەی خۆی پێک دێنێ. ئەو کۆبوونەوەیە کە بە بە شداری نوێنەرانی حیزبەکانی ئەندام و میوانانی ئەو رێکخراوەیە لە سانتۆ دۆمینگۆ پێتەختـی کۆماری دومێنیک دەگیـرێ، دووهەمین کۆبوونەوەی ئەو شـورایەیە کە دوای ٢٣ هەمین کۆنگرەی لەشاری ئاتێن پیتەختی یونان بەرێوەچوو.

لەسـەر بانگهێشتی رەسمی ئەنتێر ناسیۆناڵی سۆسیالیسـت، هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەشداری کۆبونەوەکەن و لە رۆژانی داهاتودا زیاتر ئاگادارتان دەکەینەوە.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان
بۆ کاروباری پەیوەندی دار بە ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بریتانیا.

# هاوڕێی بەڕێز کاک مەولود سوارە

تێکۆشـــانی بەشی پەیوەندییە کانمان لە ساڵی ۲۰۰۹ دا جێگای ڕەزامەندی من و دەفتەری سیاسی بووە و لە نێو حیزب دا و لە دەرەوەی حیزبیش شوێنکاریکی باشی داناوە.

لە گەیشتن بەو ڕادە باشە لە کاری پەیوەندییە کان دا جێ پە نجەی تۆ بە تە واوی دیارە و هەوڵ وتێکۆشـــانە کانت لە پە یوەندییە دا جێگای ڕێز و پێزانینن.

من وەک بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەری حدک لە دەرەوەی وڵات بە پێویستی دەزانم سوپاسی هاوکاری و زەحمەتەکانت بکەم و داوای سەرکەوتنی زۆرترت بۆ بکەم لە ساڵی ۲۰۱۰ و ساڵەکانی داهاتو دا.

**مستەفا شلْماشی**

**بەرپرسی کومیتەی بە ڕێوە بەری حدک لە دەرەوەی وڵات**

**۱۲- ۰۱- ۲۰۱۰**



دوکتۆر بۆب سپینگ ئەندامی پارلمان

# کەمپەینی وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی تێرۆری د. قاسملوو لە پارلمانی ئینگلستان دا تۆمار کرا

لە درێژەی هەوڵەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ راکێشانی پشتیوانیی کەسایەتی و ناوەندە سیاسیی‌یە ئورووپایی‌یەکان سەبارەت بە کەمپەینی وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو، چەند کەس لە ئەندامانی پارلمانی ئینگلستان پێتیشنێکی تایبەت بەو کەیسەیان لە نێوخۆی ئەو پارلمانەدا کردۆتەوە.

لەسەر داوای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، باب سپینک ئەندامی پارلمانی ئینگلستان ئیبتکاری کۆکردنەوەی پشتیوانی لەنێو پارلمانی ئینگلستان بۆ کەمپەینەکەی لە رۆژی ١٥ دێسامبری ٢٠٠٩ دا تۆمار کردووە.

لە نامەیەکدا بە رێکەوتی ٧ ی جانیوێری ٢٠١٠ کە وێنەیەکی بۆ مەولود سـواره نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردسـتان لە بریتانیا نێـردراوە، دوکتور رۆبین جەیمس دەبیری کۆمیتەی کاروبـاری دەرەوەی پارلمانی ئینگلستان بۆ باب سپینک ی نووسیوە:

« کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی پارلمان لە دوایین کۆبوونەوەی خۆی‌دا نێوەرۆکی ئەو پێتیشـنەی خستۆتە بەر باس کە ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بریتانیا وەڕێیان خستووە و لەلایەن ئێوەوە لە رۆژی ١٥ ی دێسامبردا پێشکەش بە پارلمانی ئینگلستان کراوە».







# کورد بۆ  لیبەر (لیبەر پارتی)

ئێوارەی ڕۆژی ٢ شەممە ٢٥ی جانیوەری ٢٠١٠ ، بۆ دەرخستنی توانایی کوردەکانی دانیشتوی وڵاتی بریتانیا و هەروەها ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتیەکانی ئەو وڵاتە و هاندانیان بۆ دەنگ دان بە حیزبی کارگەر (لیبێر پارتی) ڕسپشنێک لە پارلمانی بریتانیا بە ناوی «کوردەکان بۆ لیبێر» بە بەشداری چەندین ئەندامی پارلمان وەکوو ئان کلۆد بەرپرسی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا و هەروەها نوێنەری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا لە بەغدا، مەگ مێن سەرۆکی گروپی کاری کوردان و هەریەت هارمون .

لەو کۆبونەوەیە دا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردســـتان بەشـــدار بوون، چەندین ئەندام پارلمانی بریتانیا و وەزیری ناوخۆ قسەیان بۆ بەشداران کرد و لە ووتەکانیان دا هەرکام لە پیوەندی و دۆستایەتی  خۆیان لەگەل ســـەرکردەکانی کوردو بەگشـــتی پاڵ پشتی و پشـــگیری خۆیان بۆ کورد و جولانەوەی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان دووپات کردەوە، و هەر وەها چەند کاندیدیشیان بە کوردەکان ناساند و داوایان کرد ئەو ژمارە زۆرە کوردەی کە لە بریتانیا دەژی، کە بە قســـەی بەڕێوەبەری بەرنامە (کە سەربە شارەداری ناوچەی هارینگەی لەندەن بوو) ژمارەیان خۆ لە ٣٠٠٠٠٠ کەس دەدا، چالاکانە بەشداری هەڵبژاردن بکەن و هەوڵ بدەن کە نوێنەری کورد بنێرنە پارلمانی بریتانیا و لەوێ جێگە و پێگە کورد ئەوەندەی بکرێ بەهێز بکەن.

پێویســـتە بگوترێ کە ئەو کۆبونەوەیە وەکوو یەکەم کۆبوونەوەی لەم چەشنە گرینگیەکی تایبەتی پێدرابوو، بەشداریی چالاکانەی کوردەکانیش بوو بە جێگای خۆشحاڵیان.

ئەم رسێپشنە بۆ نیشاندانی هێز و توانای کوردەکانی بریتانیا بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بریتانیا بوو.

نوێنەرانی حکومەت هەرێم و حیزبە کوردستانیەکان بەشێک لە میوانانی ئەو کۆڕەکە بوون و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەو رسێپشنە بانگهێشت کرابوو، کە هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حیزب پێک هاتوو لە مەولوود سوارە و محەممەد میراوەیی بەشداریان تێدا کرد.









# ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان لە بەریتانیا

بۆ ڕێز گرتن لە یاد و بیرەوەری ٢ی ریبەندان ٦٤ هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ڕێو ڕەسمێکی بەشکۆ پێک هات. بۆ ئەو مەبەستە مەڵبەندی ڕۆشنبیری لە شاری لەندەن وەفادارانی ئامانجە پیرۆزەکانی ٢ی ڕێبەندانی گرتبووە باوەشی خۆی و بە درێژایی چەندین سەعات ژن و پیاو و کچ و کوڕ دەستەملانی شادی یەکانی ئەو رۆژە بوون و بەشێوەی شیاوی خۆی، ڕێزیان لێگرت.

ئەو ڕێو رەسمە کە بە بەشداری سەدان کەس لە ئەندامانی حیزب، نوێنەرانی لایەنە سیاسیە ئێرانی و کوردستانی یەکا ن و ژمارەیەکی زۆر لە میوانانی تایبەتی بەڕێوە چوو، لە سەعات ٣ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٣١ی جانیوەری ٢٠١٠ دەستی پێکرد.

وەک هەمیشە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب دەستپێکی ئەو بەرنامەیە بوو. پاشان بەشداران بۆ ڕێزنان لە شەهیدانی ڕێگار ڕزگاری کوردستان و بە تایبەتی شەهیدانی کۆماری کوردستان دەقیقەیەک بێدەنگ بەسەرپێوە وەستان.

ئەندامانی کومیتەی بریتانیا فەرەیدوون مەعرووفی بەڕێوەبەری ئەو ڕێو ڕەسمە شێعرێکی هەست بزوێنی پێشکەش کرد و بە دوای ئەو دا پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی بریتانیا پێشکەش کرا.

دوابەدوای ئەو، حیزبەکانی میوان لەو بۆنەیە دا پەیامی خۆیان بە شێوەی خوارەوە پێشکەش کرد:

پارتی دێموکراتی کوردستان – لێژنەی ناوچەی لەندەن، لە لایەن کاک کەمال ئامێدی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان – مەکتەبی ڕێکخستنی بریانیا ، لە لایەن خوشکە ڕێزان جەلال عەزیز

پەیامی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردیی لە لایەن مامۆستا





پێشرەو، بەرپرسی مەڵبەند
پەیامی پارتی ئازادیی کوردستان ، کۆمیتەی ڕێکخستنی بریتانیا
پەیامی جنبش ملی بلوچستان لەلایەن کاک شەهاب
پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە لایەن کاک عەزەم قوبادی پور
پەیامی جبهه دمکراتیک مردم الاحواز لەلایەن کاک مەحمود ئەحمەد ئەحوازی

بە دوای پەیامەکان دا پشویەک ڕاگەیەندرا و پەزیرایی لە بەشدارانی یادی ٢ی ڕێبەندان کرا. شایانی باسە کە ئەندامانی حیزب بە بێ ڕاوەستان و ماندوو بوون خزمەتی میوانەکان و بە گشتی بەشدارانی ئەو یادە یان کرد، کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

پاشان نۆرە گەیشتە بەزمی موسیقا و شادی و هەڵپەڕین، کە سەرەتا لەلایەن «تیپی موسیقای ئسماعیل سەردەشتی» کە لە ٢ برای ئەندامی حیزب ئازاد و شۆڕش ئیبراهیمی پێک هاتوە و گۆرانی بێژانی دەنگ خۆش: سەرهەنگ هەڵەبجەیی، سامان خەلەکانی، هاوژین خەبات، سەباح ڕەواندزی و ئەکرەم گوڵانی وهەڵپەڕکێی کچان و کوڕانی دڵ پڕ لە هەست و ئەوینی ئازادی تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا.

بەو شێوەیە لە سەعات ٣ی دوا نیوەڕۆ تا ١٠ شەو ڕێز لە یادی یەکەمین کۆماری کورد بە سەرۆکایەتی پێشەوای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان قازی محەممەد، گیراو دوای ٧ سەعات لە ناو شادی بەشداران دا کۆتایی بەو یادە هات.
سڵاو لە یادی ٢ی ڕێبەندان .

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان



2011 . 2008
Kurdistan Democratic party's activity in the United Kingdom



# خۆپێشاندانی ٢٢ی ڕێبەندان
# ساڵرۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران

سـەعات ٥ی ئێوارەی ڕۆژی پێنج شـەممە ١١ی فێبریوەری ٢٠١٠ بە مەبەسـتی نارەزایەتی بە دژی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی و بۆ پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دانیشتووی بریتانیا، هاو هەنگاو لەگەڵ ئێرانیەکانی نیشـتەجێ لەو وڵاتە، لە خۆپێشـاندانێکی جەمـاوەری بەهێز دا لە بەردەرکی سەفارەتی کۆماری ئیسلامی کۆبوونەوە و دروشمییان بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و بە گشتی بە دژی نیزامی سەرەڕۆ لە ئێران دا وتەوە.

لەو خۆ پێشاندانە دا کە زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس تێی دا بەشدار بوون ، بۆ یەکەمجار کوردەکانی ڕۆژهەڵات ، یەک دەنگ هاتنە مەیدان و بە بێ لەبەرچاو گرتنی سـنورە حیزبی یەکان و بە هەڵگرتنی ئاڵای کوردسـتان لە خۆپێشاندانەکانی بەردەمی سەفارەتی ئێران کەبۆ ماوەی ٨ مانگ دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی لە ئێران درێژەیان هەبوە، بەشدار بوون.

شایانی باسە کە بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی سێشەممە ڕابردوو کوردەکان بۆ باس کردن لەو مەسەلەیە و چۆنیەتی بەشدار بوونیان لە خۆپێشاندانەکان دا لەگەڵ جوڵانەوەی سەوزی سەراسەریی لە ئێران ، لەدەوری یەک کۆبونەوە و بڕیاریان دا بە یەک دەنگ و هاو هەڵوێسـت لەو خۆپێشـاندانانە دا بەشـداری بکەن و خواستە تایبەتی یەکانی کورد لە ئێران دا لە نیزیکەوە لەگەڵ جوڵانەوەی سـەوز باس بکەن و هەیئەتێکیان بۆ پێوەندی لەگەڵ هەڵسوراوانی ئەو ڕەوتە هەڵبژارد. کە هەر بەو مەبەستە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو ئەو

هەیئەتە لەگەڵ کاربەدەسـتانی ئەو جوڵانەوەیە لە لەندەن کۆبوونەوە و چۆنیەتی بەشـدار بوون و خواسـت و دروشمە تایبەتیەکان کە هێمای کوردیان پێوە بێ لەگەڵ ئەو هەڵسوراوانە هێنایە بەر باس.

ئەو خۆپێشـاندانە دا کە ٣ سـەعات درێژەی کێشـا، لە تەیفە جۆراوجۆرە حیزبی و سینفیەکان پێک هاتبوو و ڕەنگا ورەنگیەکی تایبەتی پێوە دیار بوو.

حیزبە کوردیەکانی بەشدار لەو خۆپێشاندانە دا بریتی بوون لە:

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران



# بەشداری لە مەراسیمی ٣١ ساڵەی
# کۆچی سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی

ئێوارەی ڕێکەوتی ١٣ی مارسی ٢٠١٠ کاتژمێری ٧ی ئێوارە بۆ ٩ی شەو لیژنەی ناوچەی پارتی دێموکراتی کوردستان لە لەندەن ئێوارە کۆڕێکی وتار خویندنەوەی لە ٣١مین ساڵیادی کۆچی دوای سەرکردەی مەزنی کورد مستەفا بارزانی و ٢٤مین ساڵیادی ماڵئاوای سەرکردەی هەمیشە زیندو ئیدریس بارزانی لە کلیسای سێت ماریس شەقامی مارلیبۆن لە (لەندەن) بەڕێوە برد.

سەرجەم حیزب و ڕێکخراوەکانی ئیراقی و کوردستانی بانگێشتن کرابوون و وتاریان پێش کەش کرد.

لە ڕۆهەڵاتی کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستان بانگێشتن کراوبوو کە بەڕێزان مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا و نەرمین شاداب بە خوێندنەوەی پەیام بەشداری ئەو ڕێوڕەسمەیان کرد.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا








# ڕێوڕەسمی نەورۆز لە پارلمانی بریتانیا

١٥ ی مارسی ٢٠١٠ کاتژمێری ٦ ی ئێواری بۆ ٨ ی شەو لە پارلمانی بریتانیا ڕێورەسمی نەورۆز گیرا.
لەم ڕێوڕەسمەدا کە بەشێکی زۆر لە حیزب و لایەنەسیاسیەکان ئەندامانی پارلمان ، لۆرد و کەسایەتی سیاسی کورد بەشدار بوون.
لەنێو بەشدار بوان بەڕێزان دوکتۆر کەمال کەرکوکی و هەیئەتی یاوەریان، لۆرد کلیمنت جۆن، جێرمی کۆربین ئەندامی پارلمان، لۆرد هیلتۆنف،دیفید لامی ئەندامی پارلمان و هەروەها بەرێز بەنگی یولدز ئەندامی پارتی ئاشتی و دمکراسی و ئەندامی پارلمانی ترکیە بەشداری ڕێ و ڕەسمەکە بوون.
بۆ ئەم ڕێ و رەسمە حیزبی دێموکراتی کوردستان بانگێشتن کرابوو کە هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حیزب لە بریتانیا بەشداری کردو لەگەل بەشێک لە میوانان و دۆستانی کورد وەک بەڕێزان دوکتۆر کەمال کەرکوکی سەرۆکی پارلمانی کوردستان و بەریزان لۆرد کلیمنت جۆن و جێرمی کۆربین ئەندامی پارلمانی بریتانیا دیداریان تازە کردەوە. لە نێو میوانان دا بەرێزان دوکتۆر کەمال کەرکوکی،بەنگی یولدز و دیفید لامی هەروەها جولیز پایپ شهرەداری هاکنی لەمەر نەورۆز و وتەیان پێش کەشی میوانان کرد. ئەو بەرنامەیە بە دەست پێشخەری و ئامادەکردنی کۆمیتەی کورد و ترک (هالکەفی) پێک هاتبوو.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا
١٥ی مارسی ٢٠١٠






# سمینارێک بۆ ئەنفال و کۆمەڵ کوژی کورد لە عێراق لە پارلمانی بریتانیا

رێکەوتی ١٦ی مارسی ٢٠١٠ کاتژمێری ١٠ بۆ ١ی پاش نیوەڕۆ لە پارلمانی بریتانیا سمینارێک بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ئەنفال و هەروەها بەرزکردنەوەی کیسەکەو داوا لە کاربەدەستانی بریتانیا بۆ ناساند و بە رەسمی ناسینی ئەم رۆژە دەستی بەکارەکانی کرد:

بەرنامەکە لە دوو پانێل دا بوو:

پانێلی یەکەم:

بەرێزان: دیفید ئەندرسۆن ئەندامی پارلمانی بریتانیا و سەرۆکی دۆستانی لیبر بۆ عێراق و هەروەها سەرۆکی هەموو پارتەکانی پارلمان بۆ کوردستانی عێراق بەرێوەبەری پانێلی یەکەم بوون.

کاترین بۆم بێرگێر سکرتێری نێونەتەوەی بۆ وون بوان و بێسەروشوێنان.

دوکتۆر دایان ئی گینگ پرۆفسۆری یاریدەدەر خەلک ناسی لە زانکۆی کێنتاکی

لەتیف فەتاح فەرەج رۆژنامە نیگار و لێکۆلەر لە سەر کوژرانی بە کۆمەل

وین رۆبێرت بەرێوەبەر و دەرهێنەر فیلم

هەر کام لەو بەرێزان لەسەر ئەنفال و کوژرانی بە کۆمەلی کوردیان تاو توێ کرد و لە سەفەر و رووداو دیدارەکانی کوردستان و هەروەها لەنیزێکەوە دوان لەگەل خەلک و چاوەروانی و هەلسوکەوتی خەلک دوان بە وێنەش نیشانیان دا.



لەســەر کەمپی شــۆرش قســە کرا کە ١٤٤٢ بێوەژنی لێیەو پیاوەکانیان ئەنفال کراون، لە دیتنەوەی گۆرەکانی بەکۆمەل لە بەغدا،بابل،سەماوە و حمارە قسە کراو هەروەها قەزای سەلمان کە پزشکیارێک کە نێوی ٩٣ کەسی پێ داون کە لە مندالی یەکسالانەی تێ دابوە تا پیری ١٠٠ سالە کە هەموویان ئەنفال کراون.

بەرێز رۆبێرت فیلمێک دۆکیمنتی لە کیمیا باران نیشان دا بەنێوی دەنگی ئەنفال

بەرێزیان لە ســالی ١٩٧٤ تا ئێستا دۆستی کوردانە و لەسەر شۆرش و رووداوەکانی کوردستان دەنوسێت فیلمی دۆکومێنتی دروست دەکات

فیلمێک لە ســالی ١٩٨٧ لە کاتی کیمیا باران و ١٩٩١ دوای کیمیا باران و ئێســتا  و ســالی ٢٠١٠ ی بالیسانی نیشان دا.

کــە ئــەو فیلمــە زۆر فیلمێکی بەرێزیان هــەوکات لەگەل فیلمەکە باســی لە ژان و دەردی خەلــک و هەروەها چاوەروانیەکانیانی دەکرو هەروەها هەر لە پیوەندی لەگەل کیمیابارنی کوردستان و خەلکی کوردستان ووتیان کە دوێنی ئەو ژانە زۆر گران بوو، ئەمرۆش زۆر گرانە بەیانیش هەر گران دەبێت.

بەشی پرسیار و ەلام کە بەشدار بووان چەند پرسیاریان کرد و جواب درانەوە

پانێلی دووەم:

ئێریک جۆیس ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری سەرۆکی پارتەکانی پارلمان بۆ کوشتنی بە کۆمەل

دوکتۆر کەمال کەرکوکی سەرۆکی پارلمانی کوردستان

بەیان سامی عبدالرەحمان نۆێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان

ریچارد بیستۆن سەردەبیری رۆژنامەی تایمزی خاریجی

نەقاشیەکانی عوسمان ئەحمەدیان نیشان داو بەلام بەداخەوە نەی توانی بەشداری بکات.

بەشێکی کورت لە ووتەکانی بەریز دوکتۆر کەمال




ســـەرەتا سەرخۆشـــی لە خەلکی کوردســـتان ئەنفال کراوان دەکەین  ئەمرۆ ١٦ی مارس ســـالرۆژی کیمیابارانی هەلبجەیەو لە زۆر شـــوێنیش نەورۆز پیرۆز دەکەن دوژمنانی کوردســـتان ژین و شادیان تێکەل کردوین من لێرەدا نامهەوێ جنوسایتان بۆ باس بکەم و شێوەی روودان و کوژراو و بریندارەکان و من دەمهەوێ بۆتان باس بکەم کە ئـــەوە دەولەتە زلهێزەکانن کە ئەو حکومەتانە دادەنێن و ئەوامان لێبکەن و خەتەری ئەوەش هەیە جارێکی دیکە دوویات ببێتەوە .

ئێستا هەول دەدرێت مەرکەزیەتێکی بەهێز لە عێراق دابمەزرێت کە ئەوە خەتەری هەیە و جارێکی دیکە تووشی مالوێرانی بکرێتەوە .

بەرێزیان لەمەر مادەی ١٤٠ ووتیان بە قازانجی هەموو لایەکە کە ئەوە جی بەجی بکریت بۆ ئەوەی موشکل بۆ هیچ لایەک دروست نەکرێت، لە زەمانی سەدام زیاتر لە ٢٨١ عەمەلیاتی کیمیاباران دژی کورد کراوە نامان هەوێت و نابێ جارێکی دیکە ئەو کارەساتانە دوویات ببنەوە .کار دەکەین و داوامان ئەوەیە یاریدەدەرمان بن بۆ سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە ناوچەدا،لە پیوەندی لەگەل ولاتانی دراوسی دا ووتیان  لەگەل جیرانانیشمان زۆر تەباین و رازین.

لەسەر هەلبژاردن ووتیان کە فیلمان لیکراوەو جەعلیاتێکی زۆر کراوە بەنیسبەتی کوردە و هەروەها لەمەر ناردنەوەی پەنابەران بەزۆرە ملی داوای لە پارلمانی بریتانیا کرد کە هیچ کەس بەزۆر نەنێرنەوە و هەروەها ئەو کوردانەی کە لە هەلبژاردنەکانی عێراق لە لەندەن گیراون بەر بدرێن.

بەشی پرسیار وەلام

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەم سمینارە بانگێشتن کرابوو کە کاک مەولوود سوارە بە نوێنەرایەتی حیزب لە بریتانیا بەشداری سمینارەکە بوون.

بەشێکی بەرچاو لە دۆستان و پارلمانتەرانی بریتانیا بەشداری ئەم سمینارە بوون.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا



# کۆڕێک بۆ بەڕێز عیماد ئەحمەد
## ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان

ڕێکەوتی ٢٨ مارس ٢٠١٠ ڕێکخستنی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لە بریتانیا کۆبونەوەیەکیان بۆ ڕێزدار عیماد ئەحمەد ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی ریکخستنی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان ڕێک خست.

کۆبونەوەکە بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی کورد لە بریتانیا و هەروەها ئەندامان و لایەنگرو دۆستانی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان کاتژمێری ٣ی پاش نیوەڕۆ لە یەکێک لە سالۆنەکانی ئیلینگ تاون هۆل دەستی پێکرد.

کۆڕەکە دوو بەش بوو بەشی یەکەم باسێکی تێرو تەسلی بەڕیز کاک عیماد لەسەر عێراق و بەتایبەت کوردستان و هەلبژادنەکانی ئەم دوایان بوو، بەشی دووهەمی کۆڕەکە پرسیار و وەڵام بوو کە لە لایەن بەشداربووانەوە چەندین پرسیار ئاراستەی بەریزیان کران و جواب درانەوە.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کورستان لە بریتانیا بۆ ئەم کۆڕە دەعوەت کرابوو کە بەڕێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیاو بەڕێزان کاک فەرزاد حیکمەت و کاک یوسف بهرامی ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا بەشداریان کرد.




# خۆپێشاندانی کوردانی بریتانیا لە بەردەم ساختمانی تەلەفزیونی بی بی سی لە لەندەن

بۆ پشـــگیری لە مانگرتنی خەلکی کوردســـتان ئەمرۆ ١٣ی مەی ٢٠١٠ خۆپیشاندانێکی هێمنانە لە پێش بینای تەلەفزیونی بی بی سی لە وایت سیتی لەندەن بەرێوە چوو.

ئەم خۆپیشاندانە بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی بریتانیا لە کاتژمێری ٥ بۆ ٧ی ئێوارە چالاکانە و بە ووتنەوەی دروشمی دژی رژیم دەستی پێکردو رق و بێزاری خۆپیشاندەران بۆ لەسێدارەدانی تێکۆشەرانی کورد و ئێرانی شـــەهیدان: مامۆستا فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هوولی،فەرهاد وەکیلی،عەلی حەیدەریان و مێهدی ئیسلامیان بەدەستی کۆماری ئیسلامی بە خەلکی لەندەن و میدیاکانی بیانی نیشان دا و هەروەها بێزاری خۆشیان بۆ بێدەنگی میدیا بیانیەکان بەتایبەت بی بی سی لەبەرامبەر ئەوە کردەوەیە دەربری.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا






# خۆپێشاندانی کوردەکانی لەندەن، به دژی ئێعدامی تێکۆشەرانی کورد

١٤ی مەی ٢٠١٠ کاتژمیری ٣ بۆ ٥ی ئێوارە لەبەر سەفارەتی ئێران

ئێعدامی تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو دا لە لایەن کۆماری کورد کوژی ئیسلامی، رق و قینێکی زۆری خســـتە دڵی هەمو کور دســـتانیانی سەرتاسەری دنیا و هەمو چالاکانی مافی مرۆڤ و بە گشتی هەمو ئەو کەسانەی کە نەهامەتیەکانی مرۆڤەکانی دیکە دەیان هەژێنێ.

لە سێدارە درانی لاوانی تیینوی ئازادی میللەتی کورد، فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و چالاکی سیاسی ئێرانی مێهدی ئسیلامیان، کورد و ئێرانیەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئوروپا و ئەمریکای لەدوەری یەک کۆ کردەوە و تێکڕا بۆ مەحکوم کردنی جینایەتی تازەی کۆماری ئیسلامی ڕژانە سەر ســـەقام و بەردەمی کۆمیسۆنەکانی مافی مرۆڤ و بەردەرکی ســـەفارەتخانەکانی کۆماری ئیسلامی و یەکدەنگ کردەوەی خوێنرێژانەی ڕێژیمی مێزەر بەسرانیان شەرمەزار کرد.

بەو مەبەســـتە کوردەکانی دانیشـــتووی بریتانیا ٢ ڕۆژ لەســـەریەک ، ڕۆژی پێنج شەممە لە بەر بینایەی دەزگای هەواڵدەری بی بی سی و ڕۆژی هەینی لەبەردەم سەفارەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لەندەن کۆبوونەوە.

سەعات ٣ دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە سەرەتا خۆپێشاندەران بۆ ڕێز گرتن لە تازەترین شەهیدەکانی دەستی ڕەشی ڕێژیم ١ دەقیقە بە بێدەنگی ڕاوەستان و پاشان بە سرودی»هەر کوردین و هەر کورد دەبین« درێژەیان بە




خۆپێشاندان دا و دروشمی جۆراو جۆریان بە نیشانەی مەحکوم کردنی ئێعدامی لاوانی کورد و بە دژی تەواوەتی کۆماری نگریسی ئیسلامی  گوتەوە و بێزاری خۆیان بە دژی ئەو جنایەتە دەربڕی.

لە بەشێکی دیکەی ئەو خۆپێشاندانە دا شێن ئێن ڕایت بە نوێنەرایەتی ئەمنێستی ئینترناشناڵ وتەکەی پێشکەشی ئامادەبوان کرد و ئەو جنایەتەی بە توندی  مەحکوم کرد.

پاشان ئەو خۆپێشاندانە بە دروشمی جۆراوجۆری بەشداران تا سەعات ٦ ئێوارە درێژەی کێشا.

پێویستە بگوترێ ٥ داری ئێعدام وەکوو سەمبولێک بە دژی لە سێدارە دان دانرابوو کە بە نیشانەی تازەترین ئێعدامەکانی ناو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی، ژنێک و ٤ لاوی کورد لە ژێر ئەو دارانە تا کۆتایی خۆپێشآندانەکە وێستابوون.

ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان زۆر چالاکانە بەشداریان لەو خۆپیشاندانە دا کرد و هەروەها ڕاگەیەنراوەکانی دەفتەری سیاسی حیزبی یان بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیسی بە نێوو بەشداران دا بڵاو کردەوە.





# بەڕێوە چوونی سیمینارێک سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ئێران لە پارلمانی بریتانیا

نیوەڕۆی چوارشەممە ٢٦ی مای ٢٠١٠، بە ئیبتکاری هاوڕێ مەولود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا سیمینارێک سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ئێران لە یەکێک لە تالارەکانی ژووری لۆردەکانی پارلمانی ئینگلستان لە لەندەن بەڕێوە چوو.

ئەم سیمینارە کە لەلایەن بەڕێز لۆرد ئێریک ئەیڤبری ئەندامی پارلمانی ئینگلستان و جێگری سەرۆکی کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پارلمانی ئینگلستان بەڕێوە دەبرا، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئینگلستان و کۆمەڵێک کەسایەتیی ئینگلیسی و نوێنەری لایەنە سیاسییە کورد و ئێرانییەکان تێیدا بەشدار بوون.

مەبەست لە پێکهێنانی ئەم سیمینارە لەلایەک ناساندنی چاپی ئینگلیسیی کتێبی «خولیا و مەرگی قاسملووی کورد» و لەلایەکی دیکەشەوە لێکدانەوەی پرسی کورد لە ئێران لەبەر رووناکایی رووداوەکانی ئەم دواییانەی نێوخۆی ئێران بوو. بۆ ئەو مەبەستەش خانمی کارۆل پرۆنهووبێر رۆژنامەوانی ڤنێزوێللایی نووسەری کتێبەکە و د. ئاسۆی حەسەن زادە بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بانگهێشتن کرابوون.

لە سەرەتای بەرنامەکەدا لۆرد ئێریک ئەیڤبری وێڕای بەخێرهێنانی بەشداران و ناساندنی پانێل، مەبەست لە پێکهێنانی ئەم سیمینارەی شی کردەوە. ناوبراو وێڕای وەبیرهێنانەوەی کار و هەوڵەکانی چەندین ساڵەی خۆی و هاوکارانی لە پارلمانی ئینگلستان لەبواری مەسەلەی مافی مرۆڤ لە جیهاندا بەگشتی و لە ئێراندا بەتایبەتی،



جەختی لەسەر پێویستیی سەرنجدانی چڕ و پڕتر بە دۆخی ئێستای ئێران بەتایبەتی وەزعییەتی کوردەکان لەو وڵاتەدا کردەوە.

ئینجا خانمی کارۆڵ پرۆنهووبێر نووسەری کتێبی «خولیا و مەرگی قاسملووی کورد» وتارەکەی خۆی کە بۆ باسی رابردووی دۆستایەتیی ناوبراو لەگەڵ دوکتور قاسملووی نەمر و بیرەوەری و تێگەیشتنی وی لە کەسایەتیی ئەو رێبەرە مەزنە تەرخان کرابوو پێشکەش کرد. لە وتارەکەیدا کارۆڵ پرۆنهووبێر پاش ئیشارە بە سەرەتای ئاشنایەتیی لەگەڵ دوکتور قاسملوو کە لە رێگای فیلمسازی کوردی تورکیە یۆڵماز گوونەی‌یەوە ببوو، کۆمەڵێک لە تایبەتمەندی‌یە ئینسانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یە دیار و درەوشاوەکانی دوکتور قاسملوو و هەروەها جێگە و پێگەی قاسملوو لەنێو بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد و شوێندانانی ئەو لەسەر ئەو بزوتنەوەیە باس کرد. لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا کارۆڵ پرۆنهووبێر کۆمەڵێک فاکت و پرسی پێوەندیدار بە دەورانی پاش ئینقلاب و خەباتی حیزبی دێموکڕات لە ژێر رێبەرایەتیی د. قاسملووی هێنایە بەر باس کە هەموویان نیشاندەری ژیری و واقعبینی و سەردەمی بوونی کاراکتێری دوکتور قاسملوو و هەر لەو کاتەدا جەوهەری دژە دێموکراتیک و کۆنەپەرستانەی سەرانی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خومەینی بوون. دواتر کارۆڵ پرۆنهووبێر باسی جینایەتی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە کاتی هەوڵی ناوبراو بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە ئێران‌دا و ئاکام و شوێنەوارەکانی ئەم جینایەتە کرد. لە کۆتایی قسەکانیدا ناوبراو باسی ئەوەی کرد کە ئەگەرچی کتێبەکەی ساڵەها پێش ئێستا نووسیبوو بەڵام بە هۆی دۆخی نالەباری نێونەتەوەیی تا ئەم دوایی‌یانە نەیتوانیبوو سەرنجی ناوەندەکانی چاپ و بڵاو کردنەوە بۆ لای کتێبێکی لەم چەشنە رابکێشێ. کتێبێک کە بە وتەی پرۆنهووبێر بەرهەمی بەڵێنێکە کە ناوبراو بە دوکتور قاسملووی دابوو.

پاشان نۆرە گەیشتە ئاسۆی حەسەن زادە بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی سەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران



و پرسی کورد لەم وڵاتەدا. ناوبراو سەرەتا وێڕای ئیشارە بە بایەخی کتێبەکەی کارۆڵ پرۆنهووبێر، باسی ئەوەی کرد کە لە ڕێگای ئەم کتێبەوە خوێنەری بێگانە لە بوعدە جۆربەجۆرەکانی خەباتی کوردەکان لە ئێران ئاگادار دەبێ. لەنێو ئەو بوعدانەشدا حەسەن زادە پێوەندیی نێوان دوو بوعدی کوردستانی و ئێرانیی ئەم خەباتەی کردبووە تەوەری باسەکەی. بە بڕوای ناوبراو لە حاڵێکدا کوردەکان بە درێژایی مێژوو قوربانیی یەکەمی سەرەڕۆیی لە ئێراندا بوون و بەشێک لە گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی جیهانیشن کە زۆر سروشتییە داوای دیاریکردنی چارەنووسی خۆی تا ڕادەی سەربەخۆییش بکا، کەچی بەو حاڵەش لە مێژووی تازەی خۆیاندا ئەوان هەرگیز وازیان لە گرتنە بەری ستراتژیی سیاسیی بنیاتنەرانەی وا کە پێکەوە مانەوەی گەلانی ئێران دەستبەر بکا نەهێناوە. ئاسۆی حەسەن زادە پاش وەبیرهێنانەوەی قۆناغە تازەکانی خەباتی دەیان ساڵەی کورد لە ئێراندا، لەسەر وەزعییەتی ئێستا هەڵوێستەی کرد و وێڕای باسکردنی دۆخی ئەمڕۆی خەباتی کورد و سیاسەتی تەبعیز و سەرکوتی ڕێژیم بەتایبەتی ئیعدامەکانی ئەم دواییانە، ئیشارەی بەوە کرد کە لە حاڵێکدا کە کوردەکان بە هەموو ڕێگایەکدا هەوڵی جێگیر کردنی شێوەی سیاسی و ئاشتییانەی خەباتیان داوە، کەچی وڵامی دەسەڵات هەروا شکەنجە و ئێعدام ماوەتەوە و بەشی بەرچاوی ئێلیتی سیاسیی ئێرانیش هێشتا بەو جۆرەی پێویستە دان بە بوعدی واقعیی ویستە ڕەواکانی کورد و باقیی میللییەتەکانی ئێران دانانێن. لە کۆتایی قسەکانیدا، ئاسۆی حەسەن زادە نەخشی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە درێژەکێشانی ئەم بارودۆخەیدا شی کردەوە و جەختی لەسەر ئەوە کرد کە لە نێوان هێرشی نیزامیدا لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە درێژە کێشانی وەزعییەتی مەوجوود کە ئەوەندەی بۆ خەڵکی ئێران کارەساتبارە ئەوەندەش بۆ ڕۆژئاواییەکان مەترسیدارە، ڕێگایەکی سێهەم هەیە کە بریتییە لە ئیزۆلە کردنی تەواوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانیی بە کردەوە و بێ پەردە لە ئازادیخوازانی ئێران. ئەو پێداچوونەوەیەش لە هەڵوێستی کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا سەبارەت بە مەسەلەی ئێران تەنیا کاتێک دەتوانێ لە



درێژخایەندا بە بەرهەم بێ کە مەسەلەی فرەنەتەوایەتی وەک بنەمایەکی سەرەکیی دیزاینی دێموکڕاتیکی داهاتووی ئێران لەبەرچاو بگیرێ.

دواتر لۆرد ئەیڤبری وێڕای خستنە رووی هەست و بۆچوون خۆی لەپێوەندی لەگەڵ هەردووک وتاری پێشکەشکراودا، چەند پرسیار و سەرنجی بەشدارانی وەرگرت کە لەلایەن بەشدارانی پانێلەوە وڵام درانەوە.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەرپرسی پێوەندیە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزب و نوێنەری حیزب لە بریتانیا مەسەلەی پێکهێنانی گرووپێکی پشتیوانی لە کوردەکانی ئێران لە پارلمانی ئینگلستانیان لەگەڵ لۆرد ئەیڤبری خستەوە بەر باس و ناوبراویش لەو بارەوە سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لەمەڕ ئەو هەنگاوانەی پێویستە لەو پێناوەدا باویژرێن خستە ڕوو.

سیمینارەکە پاش دوو کاتژمێر بە ئیمزا کردنی چاپی ئینگلیسیی کتێبی خولیا و مەرگی قاسملووی کورد لەلایەن نووسەری کتێبەکەوە کۆتایی هات. شایانی باسە چاپی ئینگلیسیی ئەم کتێبە لە رووی چاپی کوردیی کتێبەکە لە وەرگێڕانی بەڕێز فەتاح کاویان و پێداچوونەوەی مامۆستا عبداللە حسن زادەوە ئامادە کراوە.







# ئێوارە خوانێک لە لەندەن بە بۆنەی هەڵبژێرانی یەکەمین کورد وەک ئەندامی پارلمانی بریتانیا

ئێوارەی رۆژی ٢٦ ی مای ٢٠١٠، نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا بە بۆنەی هەڵبژاردنی بەرێز نەدیم زەهاوی کوردی باشووری کوردستان وەک ئەندامی پارلمانی ئینگلستان ئێوارە خوانێکی پێک هێنا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە پارلمانتێرانی ئینگلیسی و وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و کەسایەتی‌یەکان و نوێنەرانی سەفارەت و لایەنە سیاسی‌یەکان تێیدا بەشدار بوون.

لەو ئێوارەخوانەدا بەرێز بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بریتانیا بەخێرهێنانی میوانەکانی کرد و پیرۆزبایی خۆی بەبۆنەی هەڵبژێرانی نەدیم زەهاوی وەک ئەندامی پارلمانی ئینگلیستان ئاراستەی ناوبراو کرد.

پاشان نەدیم زەهاوی لە وتەیەکدا سپاسی پێکهێنانی ئەو ئێوارە خوانەی کرد و دەعوەتی لە کوردەکانی بریتانیا کرد کە زیاترجێگای خۆیان لەنێو ئەحزاب و دامودەزگاکانی بریتانیادا بکەنەوە و بەم جۆرە هەم تێکەڵی باس و خواسە سیاسییەکانی تایبەت بە وڵاتی بریتانیا بن و هەم دەنگی میللەتی خۆیان باشتر بە بیروڕای گشتیی دەرەوە بگەیەنن.

هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەسەرپەرستیی هاوڕێ مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا هاوڕێ لەگەڵ خانمی کارۆڵ پرۆنهووبێریش بۆ ئەم ئێوارەخوانە بانگهێشتن کرابوون کە لەگەڵ باقیی میوانەکان سەبارەت بە کۆمەڵێک پرسی رۆژ و بۆ پتەو کردنی دۆستایەتییەکان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

شایانی باسە کە نەدیم زەهاوی لە هەڵبژاردنە گشتی‌یەکانی مانگی مای ٢٠١٠ لەسەر لیستی حیزبی موحافزەکارانی بریتانیا بۆ پارلمانی ئەم وڵاتە هەڵبژێردراوە و یەکەمین کوردیشە کە لە وڵاتی ئینگلستان وەک پارلمانتێر هەڵدەبژێردرێ.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا

# لەسەر داوای حدک
# ئێعدامەکانی ئەم دواییانە
# بەدواداچوونی بۆ دەکرێ



لــە چوارچێــوەی ئەو ســیمینارەدا کــە رۆژی ٢٦ ی مای ٢٠١٠ لەلایەن نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردســتان لە بریتانیاوە لە ژووری لۆردەکانی پارلمانی ئینگلستان بەڕێوە چوو، و لەســەر داوا و بەدواداچوونی هاوڕێ مەولود سوارە نوێنەری حیزب لەو وڵاتە، لۆرد ئێریک ئەیڤبری لە نامەیەکدا بۆ ئۆفیســی کاروبــاری دەرەوە و کۆمۆنوێلــس (وزارەتی دەرەوەی ئینگلستان) داوای کردووە کە حکوومەتی ئینگلستان هەم لە بواری زیندووکردنەوەی پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوودا و هەم بۆ رزگار کردنی گیانی ئەو ١٧ چالاکە کوردەی هەر ئێستا لەژێر مەترسیی ئێعدامدان ئیقدام بکا. ناوبراو لەو پێوەندی‌یەدا نامەی بەڕێز ســکرتێری گشتیی حیزب کاک خالید عەزیزیشی لەگەڵ نامەکەی خۆی‌دا هاوپێچ کردووە. ئەوەی خوارەوە وەرگێڕدراوی دەقی نامەی لۆرد ئێریک ئەیڤبرییە.

ژووری لۆردەکان

٢٩ی مای ٢٠١٠

جەنابی ئالستێر بێرت سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆن وێڵز.

ئالستێری خۆشەویست.

رۆژی چوارشەممەی رابردووی لە ژووری ژمارە ٤ ی کۆمیتە سیمینارێکم لەسەر دۆخی سەختی کوردەکانی ئێران بەڕێوە برد کە لەوێدا وتاربێژە سەرەکییەکان بریتی بوون لە دوکتور کارۆل پرۆنهووبێر نووسەری کتێبی خولیا و مەرگی قاسملووی کورد و دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە بەرپرسی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

رەنگــە لەبیرت بێ کە دوکتور قاســملوو رۆژی ١٣ ی ژوئیەی ١٩٨٩ لە ڤییەن بەدەســتی مەئموورانی رێژیمی ئێران لە کۆبوونەوەیەکدا تێرۆر کرا کە بە رواڵەت بۆ وتووێژ لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان داندرابوو. لە کۆبوونەوەی رۆژی چوارشەممەدا داوام لێ کرا کە داوا لە حکوومەتی ئینگلستان بکەم هەتا روونی بکاتەوە داخوا پەروەندەی قەتڵی قاسملوو و هاوڕێیانی لە ئوتریش هێشتا ئاوەڵایە و داخوا ئەنترپۆل بە دوای ئەو تاوانبارانەدا دەگەڕێ کە پاش ئەو قەتڵە لە دەستی بەرپرسانی ئوتریشی رزگار بوون.

ســەبارەت بە وەزعییەتی ئێســتاش نامەیەکی خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانم بە هاوپێچ لەگەڵ ئەو نامەیە داناوە. هەروەها وردەکارییەکانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران لە نێوان مانگەکانی دیسامبری ٢٠٠٩ تا مارسی ٢٠١٠ لەم لینکەی خوارەوەدا هەیە:

kdppress.org/data/upimages/subfolders/PDF/Ongoing%20Systematic%20Violations%20of%20Human%20Rights%20in%20Iranian%20Kurdistan%20Volume%204.pdf

هەر ئێستا حەڤدە کەس لە چالاکانی کورد لە ئێران لەژێر مەترسیی ئێعدام دان کە ناوەکانیان لەگەڵ ئەم نامەیەدا دەنێرم کە گۆیا جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری عیراقیش بۆ رزگار کردنی گیانیان هەوڵی داوە. دەزانم کە کۆماری ئیسلامی زۆر گوێ ناداتە ئەو رەخنانەی کە ئینگلســتان لێی دەگرێ. ســەرەڕای ئەوەش، پێم وایە باش دەبێ کە ئێوە هەوڵی وەڕێ خستنی ئیبتکاری داوایەک بدەن لەلایەن یەکێتیی ئورووپاوە بە مەبەستی بەخشین و لە مەرگ رزگار کردنی ئەو مەحکووم بە ئێعدامانە و بە گشتی بۆ کۆتایی هێنان بە شەپۆلی تازەی دەستگیر کردنی سەرەڕۆیانە لە ئێراندا.




# خۆ پێشاندانی كورده‌كانی بریتانیا به‌ دژی ئێعدامی ڕۆڵه‌كانی كورد

له‌درێژه‌ی ناڕه‌زایه‌تیه‌كان به‌ دژی له‌ سێداره‌ دانی ٤ لاوی تێكۆشه‌ری كورد له‌ ڕۆژی ١٩ی مای له‌ لایه‌ن كۆماری ئیسلامی، ئه‌مڕۆ هه‌ینی ٤ی جون ٢٠١٠ كورده‌كانی ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان دانیشتووی وڵاتی بریتانیا كه‌ ماوه‌یه‌كه‌ یه‌ككرتوانه‌ له‌ هه‌وڵی گه‌یاندنی ده‌نگی ناڕه‌زایه‌تی خۆیان به‌ گوێی لایه‌نه‌ جۆراوجۆره‌كانی مافی مرۆڤ و ده‌وڵه‌ت و میدیای بریتانیایی دان، له‌ به‌رده‌ركی پارلمانی ئه‌و وڵاته‌ كۆبوونه‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ كه‌ جارێكی دیكه‌ بێزاریی خۆیان له‌ئێعدامی هاو وڵاتیانیان بگرن و كارێك بكه‌ن كه‌ به‌ڵكو بیرو ڕای گشتی بۆ لای ڕشتنی خوێنی خه‌ڵكی كورد له‌ لایه‌ن كۆماری ئیسلامی و هه‌روه‌ها سه‌رنجی هه‌موو لایه‌ك بۆ مه‌ترسی له‌ سێداره‌ دانی ١٧ لاوی ئازادیخوازی كورد كه‌ ئێستا له‌ چاڵه‌ ڕه‌شه‌كانی ڕێژیمی كورد كوژی ئێران دا حوكمی ئێعدامیان به‌سه‌ر دا سه‌پاوه‌، ڕابكێشن.

به‌و مه‌به‌سته‌ ژماره‌یه‌كی به‌رچاو له‌ كورده‌كان له‌ سه‌عات ٤ تا ٦ی ئێواره‌ به‌ نیشاندانی پلا كارد و وێنه‌ی شه‌هیدان داوایان له‌ ده‌وڵه‌ت بریتانیا و میدیای ئه‌و وڵاته‌ كرد، كه‌ له‌ ئاست ئه‌و كاره‌ دژی ئینسانیانه‌ی كۆماری ئیسلامی دا بێده‌نگ نه‌بن.

نوێنه‌رایه‌تی حیزبی دێموكراتی كوردستان بریتانیا





# بەڕێوە چوونی سیمینارێک بۆ خانم کارۆڵ پرۆنهووبێر، لە لایەن ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لە بریتانیا

رۆژی دووشـــەممە ٧ی جونی ٢٠١٠، بە دەستپێشـــخەری ڕێکخراوی خوێندکارانی کوردی زانکۆی سواسی لەندەن بەڕێوە چوو.

ئەم سیمینارە کە لەلایەن بەڕێز دکتور سەعید شەمس بەڕێوە دەبرا، زیاتر لە ٦٠ی خوێندکار و نوێنەری لایەنە سیاسییە کوردییەکان تێیدا بەشدار بوون. لە دەستپێکی بەرنامەکەدا دکتور شەمس هاوکات لەگەڵ بەخێرهێنانی خانمی پرۆنهووبێر، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە گرینگی باس و وتوو ویژ لە مەر چاپی ئینگلیسیی کتێبی «خولیا و مەرگی قاسملووی کورد» زۆرتر گرینگیدانە بە پرسـی کورد لە ئێران و شـکاندنی ئەو بێدەنگی یە کە لە ئاستی نێونەتەوەیی بەرانبەر بە خەباتی نەتەوەیی کورد لە ئێران لە لایەن وەڵاتانی زڵهێز و رۆژئاوا لەگۆڕێ دایە. دکتور شـەمس گوتی با وەبیر خۆمان بێنینەوە کە لە کۆتایی نەوەدەکان دا دەسـتەواژەی داتاشـراوی <کوردی باش> و <کوردی خراپ> لە لایەن کۆمەڵێک رۆژنامەوانی روژئاوایی، بەتایبەت ئەمریکای، بۆ شەرعییەت دان بە سیاسەتی ئەو کاتەی ئامریکا هاتەبوو ئاراوە. مەبەست لە کوردی باش، کوردی باشوور بوو کە ئەمریکا بۆ روبەرووبوونە لەگەڵ رێژیمی سەدام حوسین پێویستی بە پشتیوانی و هاوکاری ئەوان بوو و مەبەست لە <کوردی خراپ> کوردی باکوور بوو کە دژی رێژیمی تورکیا کە هاوپەیمانی ئەمریکایە خەباتیـان دەکرد. لە پـاڵ دووفاقەیی کردنی کورد بە <باش و خراپ> لایەنی قێزەوەنی ئەو دەسـتەواژەیە، بێدەنگی سەرسـامی ئامریکا و هاوپەیمانانی بوو بەرانبەر بە قەڵاچۆکردن و سـەرکوتکردنی کورد لە ئێران. باشترین نمونەی ئەو بێدەنگییە، دوسییەی تێرۆری دکتور قاسملوییە کە پاش ٢١ ساڵ تا ئێستاش رێگە نەدراوە ئەو دۆسییە بخرێتە بەر دەمی دادگایەکی نێونەتەوەیی. ئەو هەلەمەرجە گرینگێکی تایبەتیداوە بە چاپی ئینگلسی کتێبی کارۆڵ لە سەر دکتور چوونکە ئەو دەرفەتە دەرەخسێنێ کە نیشان بدەین چاک بوون و خەراپ بوون رێبەرێکی کورد گرێنەدراوە بە ئەوە کە ئەو رێبەرە لە ناو و یان دەرەوی سنووری تورکیا دەژێ بەلکوو پێوەستە بە ئەوە کە ئەو رێبەرە چۆن وبە چە شێوازیک و لە سەر ئاستی کام ئامانج و ستراتێژی خزمتی خەلکی خۆی دەکا.

ئینجا کارۆڵ پرۆنهووبێر نووسـەری کتێبی «خولیا و مەرگی قاسـملووی کورد» لە سـەرەتاوە سوپاسی دکتور سەعید



شەمسی کرد بۆ ئەو پێشەکیە جوانە و دوایەش بە وردی باسی رابردووی دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ دوکتور قاسملووی نەمر کرد. ناوبراو بیرەوەری و تێگەیشتنی خۆی لەسەر کەسایەتیی ئەو رێبەرە مەزنەی کورد پێشکەش بە بەشدارن کرد. لە وتارەکەیدا کارۆڵ پرۆنهووبێر ئاماژەی بە سەرەتای ئاشنایەتیی خۆی لەگەڵ دوکتور قاسملوو کرد کە لە رێگای فیلمسازی کوردی تورکیە یۆڵماز گوونەیەوە لە ساڵی ١٩٨٣ لە شاری پاریس پێک هات و لەو رەوتەدا کۆمەڵێک لە تایبەتمەندیە ئینسانی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە دیار و درەوشاوەکانی دوکتور قاسملوو و هەروەها جێگە و پێگەی قاسملووی لەنێو بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد و شوێندانانی ئەو لەسەر ئەو بزوتنەوەیە باس کرد. لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا کارۆڵ پرۆنهووبێر کۆمەڵێک فاکت و پرسی پێوەندیدار بە دۆسییەی تێرۆری د. قاسملووی هێنایە بەر باس. کە لەو بەشەشدا کارۆڵ پرۆنهووبێر باسی بیر و بۆچوونەکان و ژیری و واقعبینی و سەردەمی بوونی کاراکتێری دوکتور قاسملوو و هەر لەو کاتەدا جەوهەری دژە دێموکراتیک و کۆنەپەرستانەی سەرانی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خومەینی خستە بەرچاو. دواتر کارۆڵ پرۆنهووبێر باسی جینایەتی تێرۆری دوکتور قاسملووی لە کاتی هەوڵی ناوبراو بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە ئێراندا و ئاکام و شوێنەوارەکانی ئەم جینایەتە کرد. لە کۆتایی قسەکانیدا ناوبراو باسی ئەوەی کرد کە ئەگەرچی کتێبەکەی ساڵەها پێش ئێستا نووسیبوو بەڵام بە هۆی دۆخی نالەباری نێونەتەوەیی تا ئەم دواییانە نەیتوانیبوو سەرنجی ناوەندەکانی چاپ و بڵاو کردنەوە بۆ لای کتێبێکی لەم چەشنە رابکێشێ. کتێبێک کە بە وتەی پرۆنهووبێر بەرهەمی بەڵێنێکە کە ناوبراو بە دوکتور قاسملووی دابوو. لە بەشی کۆتاییدا کۆمەڵێک پرسیاری گرینگ لە لایەن بەشدارن ئاراستەی کارۆڵ پرۆنهووبێر کرا کە بە گەرمی جوابیان درایەوە






# بەشداری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە
# کۆبونەوەی شۆرای ئەنترناسیونال سۆسیالیست

ئەمرۆ هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی سکرتێرێ گشتی بەڕێز کاک خالید عەزیزی لە بنکەی سەرەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیویورک بۆ کۆبونەوەی شورای ئەنترناسیونالی سۆسیالست بانگێشتن کراوە و ئەم کۆبونەوەیە لە ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ ی جون بەڕێوە دەچێت.
کاک کامەران باڵنور بەرپرسی پیوەندیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا لەو سەفەرەدا هاورێیەتی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات دەکا.

جێگای وەبیر هێنانەوەیە کە پێشتریش لە ڕۆژەکانی ٩تا ١١ی سپتامبری ١٩٩٦ هەر لەو شوێنە واتە لە بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەسەرپەرەستی بەڕێز مامۆستا عەبدولا حەسەن زادە سکرتێری ئەو کاتی حیزب لە کۆنگرەی بیستەمی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست دا بەشدار بوو ووتارێکی پێش کەش کرد.
شایانی باسە لەو کۆنگرەیەدا بوو کە حیزبی دێموکرات بوو بە ئەندامی چاوەدێر لە ڕێکخراوی ئەنترناسیونال سۆسیالیست دا.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاروباری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست لە بریتانیا




# کۆبونەوەی شورای ئەنترناسیونالی سۆسیالیست لە نیویورک دەستی بەکارەکانی کرد

لە ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ی جون شورای ئەنترناسیونالی سۆسیالیست لە بنکەی سەرەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیویورک لە کاتژمێری ١٠ی بەیانی دەستی بەکارەکانی کرد.

بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداری ئەم کۆبونەوەیە بوون و کاک کامەران بالّنور بەرپرسی پیوەندیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا لەو سەفەرەدا هاوڕێیەتی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کرد.

کۆبونەوەکە سەر لەبەیانی بە ووتەکانی بەڕێز لویس ئایالا سکرتێر دەستی پێکرد و باسێکی گشتی لەسەر ئەنترناسونال و هەروەها ئابوری دونیا هیناگوڕ دوابەدوای بەڕێزیان بەڕێز پاپاندرۆف سەرۆکی ئەنترناسویال بەگشتی بەڕێزیان لەسەر وەزعی نالەباری ئابوری دونیا ووتەیەکی بەپێزیان پێش کەشی بەشداربوان کردو و بەمەبەستی هاتنە گۆری ئەو باسانە لە کۆبونەوەی ڕۆژانی داهاتوو لە تنرتوی کانادا.هەروەها لەسەر هەلبژاردنەکانی دونیا بەگشتی و بەتایبەت ئەوروپا جێگەو پێگەی ئەنترناسیونال لە و هەلبژاردنانەداو هەروەها ئەرکی ئەندامانی ئەحزابی لە ئەنترناسیونال چۆن بێت و چۆن هەلسوکەوت و ئامادەی کاری بکەن بۆ هەرچی زیاتر سەرکەوتنی حیزبەکانی ئەندام لە ئەنترسیونال دا.

هەروەها کۆبونەوەی شورای ئەنترناسیونال بەشێکی تەرخان کرابوو بۆ کیشەی فەلەستین و ئیسرائیل لە پیوەندی لەگەل ئاسایش و ئەمنیەت لە ڕۆژهەلاتی نێوەراست دا کە بەشێکی بەرچاو لە حیزبەکان قسەیان کرد.

هەیئەتی حیزب دێموکرات لەو کۆبونەوەیەدا توانی دیدارو چاوپێکەوتن لە گەل بەشێکی بەرچاو لە بەشداربووان لە وولاتانی جۆراوجۆر بکات و لە پیوەندی لەگەل وەزعی ئیران و کوردستان هەروەها سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات قسەو ئالوگۆری بیرڕایان بکەن.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەنترناسیونالی سۆسیالیست

٢٥ی جونی ٢٠١٠




# بەشداری هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیا

وەکوو نەریتی هەمیشەیی، حیزبی کرێکاری بریتانیا (لیبر پارتی) هەموو ساڵێک بۆ پێدا چوونەوە بە کار و کردەوەکانی رابردوو و دارشتنەوەی سیاسەت و بەرنامەی تازە بۆ داهاتووی حیزبەکەیان و وڵاتەکەیان کۆنفرانسی بەرینی خۆی دەبەستێ و بۆ ئەو مەبەستە سەرەڕای بانگهێشت کردنی ڕادەی نوێنەرانی حیزبەکەیان لە سەرتاسەری وڵات، کۆمەڵێکی بەرچاو لە میوانانی خارجی وەکوو نوێنەرایەتی و سەفارەتی وڵاتە جۆراوجۆرەکان لە بریتانیا، شەخسیەتە ناو بەدەرەوەکان و حیزبەکانی دۆستی حیزبی کرێکار بانگهێشت دەکرێن.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەکوو یەکێک لە حیزبەکانی دۆستی لیبر پارتی، هەموو ساڵێک یەکێک لە میوانانی هەمیشەیی ئەو حیزبەیە و حیزبی ئێمەش بۆ گرینگی دان بەو بانگهێشتە، هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە بۆ هەرچی کەلکی باشتر وەرگرتن لەو دەرفەتە، بۆ دیدار و چاو پێکەوتن لەگەڵ سەرانی حیزبی کرێکار و نوێنەراتی یە جۆراوجۆرەکانی میوان لەو کۆنفرانسە دا، بۆ زیاتر خستنە بەر چاو و ڕاکێشانی سەرنجی بیرو ڕای ئەوان بۆ سەر مەسەلەی کورد، سیاسەتی دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هەوڵی حیزب بۆ چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستان دا، بە هەیئەتێکی پایەبەرز بەشداری لەو کۆنفرانسە دا بکا .

لە کۆنفرانسی ساڵی ڕابردوو دا هەیئەتێک بە سەرپەرستی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب بەشداری کرد و بۆ یەکەم جار بەرێز سکرتێری گشتی وێڕای دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ شەخسیەتە جۆراوجۆرەکانی دیار




لە سیاسەتی نێو نەتەوەیی دا، وتارێکی پێشکەش کرد کە جێگای سەرنجی بەشداران بوو.

کۆنفرانسی ئەمساڵی لیبر پارتی گرینگیەکی تایبەتی هەیە. ئەویش شکستی ئەو حیزبە لە هەڵبژاردنەکانی چەند مانگی ڕابردووی ئەو وڵاتە دوای ١٣ ساڵ حاکمیەتی بێ ڕکابەری بەسەر یەکێک لە گرینگترین و دیارترین وڵاتانی دەسەڵات بەدەستی دنیا دا و دیاری کردنی هۆیەکانی شکست و دیاری کردنی سەرکردایەتی و سەرۆکی نوێ بۆ حیزبەکەیانە، کە چەندین کەس بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە گرینگە لە ڕکابەریەکی توند دان. بە تایبەتی ٢ برای دیار و بەرچاو لە دەوڵەتی پێشووی گۆردن براون، دەیڤید میلیبەند وەزیری دەرەوەی پێشوو و ئێدوارد میلیبەند وەزیری وزە،کە هەر وەک ئاگادارن ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٥ی سپتامبر بە جیاوازی ٣ ,١ ئێد میلیێبەند بو بەسەرۆکی ئەو حیزبە.

لە کۆنفرانسی ئەمساڵ دا کە ئەمرۆ ٢٧ سێپتامبر تا ٣٠ سێپتامبری ٢٠١٠ لە شاری مانچستێر بەڕێوەدەچێ، هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزب بەسەرپەرستی بەرێز کاک مستەفا شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی نوێنەرایەتی حزب لە دەرەوەی وڵات ، کاک مەولوود سوارە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی ونوێنەری حیزب لە بریتانیا ، خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی ئەندامی مشاوری کۆمیتەی ناوەندی و بەپرسی یەکێتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە دەروەی وڵات و کاک محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی بریتانیا بەشداری کنفرانسەکەن.

لە ڕۆژانی داهاتوو دا لە وردە کاریە کانی بەڕێوەچوونی کۆنفرانس و کار و چالاکیەکانی هەیئەتی حیزب لە چوارچێوەی ئەو کۆنفرانسە دا ئاگادارتان دەکەینەوە.

نوێنەرایەتی حیزب لە بریتانیا
٢٦ی سپتامبری ٢٠١٠



# بەشداری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کنفرانسی حیزبی کارگەری بریتانیا

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک مستەفا شەلماشی بەشداری لە کۆنفرانسی بەرینی پارتی کرێکاری بریتانیا دا کردوە کە بە بەشداری نوێنەرانی ٥٥ حیزبی دۆست لە سەراسەری دنیا، سەفیر و دیپلۆماتەکانی ٦٥ وڵاتی دنیا و ٣٦ ڕێکخراوی سینفی لە ڕۆژی یەکشەممە، ٢٦ی سپتامبر دەستی پێ کردوە و تا ڕۆژی پێنجشەممە، ٣٠ی سپتامبر دەخایەنێ.

بەرنامەکانی ڕۆژانی دووشەممەو سێشەممە ٢٧و ٢٨ی ٢٠١٠ ئەو کۆنفڕانسە بۆ بەشی نێونەتەوەیی تەرخان کرابوو و لەو ٢ ڕۆژە دا لە چەند بەشی جیاواز میوانەکانی بەشدار لەگەڵ بەرپرسەکانی پارتی خانەخوێ و لە دەوری یەکتر کۆ بوونەوە. لەیەکەم دانیشتنی ئەو بەشە دا کە لە سەعات ١٠ بۆ ١١ پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دوشەممە ٢٧ی سپتامبر` بەڕێوەچوو، بەرێزان ڕای کۆلینس، سکرتێری گشتیی لیبر پارتیی بریتانیا، مارگرێت بێکێت، سەرۆکی فراکسیۆنی پارلمانیی حیزبی کرێکار و جۆ بلینگهام وێڕای بەخێر هێنانی میوانەکان، باسیان لە کار وبەرنامەی ئەو کۆنفرانسە و چالاکی هەڵبژارنە گشتیەکانی بریتانیا کرد.

لە بەشـــی نەهار بۆ میوانە بیانییەکان دا کە لە ســـەعات ١٢:٣٠ تا ٢:٣٠ دوا نیوەڕۆ درێژەی کێشا، ئەلێکساندر داگلاس باسی وەزعی ئێستای حیزبە سوسیالیستەکانی ئوروپای کرد.

لە میانەی بەرنامەکاندا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ بەرپرسانی ئەحزابی سۆسیایستی ئورووپی و ئەفریقی دیداریان کردووە و باس لە سەر وەزعی کوردی ڕۆژهەڵات و بەرنامەکانی حدک بۆ داهاتوی کورد و چاوەروانییەکانی گەلی کورد لە ئەحزابی دەستە خوشکی سوسیالیست خرایە ڕوو.

کۆبوونەوەکانی دوا نیوەڕۆ بریتی بوون لە پێشاندانی مۆزەی مێژووی حیزبی کرێکار و ٢ پانێل کە یەکێکیان تایبەت بوو بە هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنە گشتییەکانی بریتانیا و پلەن و بەرنامەی ئەو حیزبە بۆ داهاتوی ئەو وڵاتە لە گۆشەنیگای ئۆپۆزسیۆندا.

پانێلی دووهەم تایبەت بوو بە ژنان و بەشداری ئەوان کە لەو پانێلەش دا چەند ئەندام پارلمانی ژن قسەیان کرد و گەیاندنی ڕێژەی بەشـــداری ژنان لە پارلمان کە ئێســـتا ٢٠ لە ســـەدە ، بە ٥٠ لە ١٠٠وەک ئامانجی سەرەکی و بەرنامەی ئەسلی بۆ داهاتوی ئەو حیزبە باس کرا.

پێویستە بگووترێ ئەو پانێلە گرینگیەکی تایبەتی پێ درابوو، لەبەر ئەوەی ٦٠ لە سەدی ئەو دەنگانەی لە هەڵبژاردندا دراون بە لیبر پارتی لە لایەن ژنان بووە.





لە دوا بەشـــی ئەو پانێلە دا ســـەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی پارتی کرێکار ئێدوارد میلیباند قســـەی بۆ ژنانی بەشـــداری ئەوکۆنفرانسە کرد و ڕۆڵی ژنانی لەو هەڵبژاردنەدا بەرز نرخاند. لە گفت و گۆیەکی دۆستانە دا نوێنەری حدک هەڵبژاردرانی ئێد میلیبەند بە سەرۆکایەتی پارتی کرێکاری بریتانیا پیرۆزبایی کرد.

هەیئەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردســـتان بە سەرپەرستی کاک مســـتەفا شڵماشی بەرپرسی نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات، کاک مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا، خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی بەرپرسی یەکێتی ژنان لە دەروەی وڵات، و کاک محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی بریتانیا ، لە نێوان کۆبوونەوەکانی ئەو کۆنفرانسە دا، لە گەڵ ئەو نوێنەر و شەخسیەتە بریتانی و خاریجییانە دیداریان کردووە:

- جۆ بلینگهام، بەرپرسی نێونەتەوەیی پارتی کرێکار
- مارگرێت بێکێت، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی کرێکار لە پارلمانی بریتانیا
- ماگ مێن، ئەندامی پارلمان و بەرپرسی پرۆژەی یارمەتی بۆ دایبن کردنی دێمۆکراسی بۆ وڵاتانی ڕوو لە گەشە
- ئان لیندە، سکرتێری نێو نەتەوەیی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی سوئێد
- دکتۆر ڕۆبێرتا بلاکمەن وود، وەزیری توجارەت
- پیا لۆکاتێلی، سەرۆکی ئەنترناسیۆنالی ژنان
- جێرێمی کۆربن، ئەندامی پارلمان
- نوێنەرانی حزبەکانی ئەفریقایی و ئوروپایی بەشدار لەو کۆنفرانسە دا

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا








# کتێبی خولیا و مەرگی عەبدولرەحمانی کورد پێشکەش بە سکرتێری حیزبی کارگەری بریتانیا کرا

**بەرپرسی دەرەوە و ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەرێز کاک مستەفا شەلماشی کتێبی «خولیا و مەرگی عەبدولرەحمانی کورد» دەدات بە سەرۆکی تازە هەڵبژێرداوی حیزبی کارگەری بریتانیا لە کۆنفرانسی گشتی ئەو حیزبە.**

لە درێژەی کۆنفرانسی بەرێنی پارتی کرێکاری بریتانیا لە شاری مانچێستێر رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٨ی سێپتامبر، وتاری رێبەری تازە هەلبژێردراوی ئەو حیزبە واتە ئێد میلیبەند لە حالێکدا بەرێوەچوو کە هەزاران ئەندام و میوانی نێونەتەوەیی لە سالۆنەکەدا بە شەوق و زۆوقەوە گوێگر وهاندەری ئەو رێبەرە خۆشفکر و نوێخوازەی حیزبەکە بوون.

ئێدوارد میلیبەند وەک سەرۆکی پارتی لەیبر لە وتاری ڕۆژی سێشەممە خۆی دا ئاماژەی بەو ڕاستیە کرد ناکرێ حیزبی سۆسیال دێمۆکرات تەنیا هێندیک بۆچونی هەمیشەیی خۆی دووپاتە بکاتەوە و دەبی بتوانێ خۆی لەگەل نەسڵی نوێی سۆسیال دێمۆکرات بگونجێنێ و لەگەڵ ویستەکانی نەسڵی نوێ و پێداویستیەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆ خۆی هاوئاهەنگ بکا، لە عەینی ڕێز لێنان و پێزانین بۆ زەحمەتەکانی نەسڵی پێشوو و بە تایبەت کارە باشەکانی تونی بلێر و گۆردن براون ، دەبێ ئەو نەسڵە تازەیە خۆی بۆ تازە کردنەوەی حیزب لە هەموو بوارەکان دا ئامادە بکات و بە هەموو سیاسەتەکانی خۆی دا چ لە باری نێوخۆیی و چ لە باری نێونەتەویی دا بچێتەوە. هەروەها باسی لە ڕۆڵی گرینگی ژنان وبردنەسەری ڕادەی بەشداری ئەوانی لەناوەندەکانی بڕیار دانی سیاسی دا وەک




ئامانجی سەرەکی بۆ داهاتووی ئەو حیزبە ئاماژە پێکرد.

دواتر لە درێژەی بەرنامەکانی کۆنفرانسدا لە پانێلێکدا کە بۆ وەرگرتنی پرسیار وتێبینییەکانی میوانانی نێونەتەوەیی ئـــەو کۆنفرانســـە لە لایەن وزارەتی دەرەوەی گیرا، یەکەمین پرســـیار لە لایەن هەیئەتـــی حدک و خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی بە نوێنەرایەتی هەیئەتەکە ئاراستەی پانێلگێران کرا کە بریتی بوون لە باب ئەینس وۆرس ئەندامی پارلمـــان و (وەزیری دفاع)، کریس برایانت ئەندامی پارلمان لـــە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، وێرای ئاماژە بەو بەشەی سوخەنرانی رێبەری تازە هەڵبژرێردراوکە: ئێمە ناتوانین سەبارەت بەو ناحەقییەیانەی لە دەور و بەرمان روو دەدا بـــێ هەڵوێســـت بین، چۆنیەتی بەرنامەی حیزبی خانە خوێ بۆ هەڵســـوکەوت لـــە گەڵ ئێران لە مەر پێشێلکارییەکانی ئاشکرای مافی مرۆڤ و بەرنامەیان بۆ پشتگیری لە خەڵکی ئێران پرسیار کرا. کریستی ... لە وڵامدا گوتی بە پێچەوانەی ئامریکا کە لە دوورەوە و لە دەرەوە را هەڵوێست دەگرێ بریتانیا خۆی لە وێ حازرە و لە رێگەی سەفارەتی خۆیەوە لە ئێران هەمیشە بە ئاشکرا هەڵوێستی گرتووە و ئەو سیاسەتەش درێژە دەدا.

لە دوا برگەی بەرنامەی کۆنفرانسدا میوانداری یەک بۆ هەیئەتە نێونەتەوەییەکان پێکهات کە لە و بەشە دا ئێد میلیبەند بە کورتی خۆشـــحاڵی خۆی لە ئامادەبوونی میوانەکان دەربری و ئاواتەکانی خۆی بۆ هاوکاری پتەوی حیزبەکەی و ئەحزابی دەستەخوشکی بەشدار لە داهاتوو دا باسکرد. دواتر بەرێز کاک مستەفا شلماشی ئەندامی دەفتەری سیاســـی حیزبی دێمۆکراتی کوردســـتان و بەرپرســـی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات کتێبی خولیا و مەرگی عەبدورحمانی کوردی وەک دیاری حدک پێشکەش بە رێبەری جەوان و تازە هەڵبژێردراوی پارت لەیبری بریتانیا





واتە ئێد میلیبەند کرد و داوای لێکرد کە کتێبەکە بخوێنەتەوە چونکە تەجروبەی ژیان و تێکۆشانی ڕێبەرێکی کورد دەگێرێتەوە و ئێدیش وێرای سوپاس، قەولی دا کە زانیاری خۆی سەبارەت بە کورد نوێ بکاتەوە .
لە میانە کۆنفرانسدا هەیئەتی حدک دیدار و چاوپێکەوتنی پربەرهەمی لە گەڵ هەرکام لە هەیئەتەکانی یەکییەتی نیشتمانی کوردستان لە بریتانیا واتە خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێ هاوار حاجی و هەروەها نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان واتە خاتوو بەیان سامی عەبدولرەحمان، خوسرەو ئاژگەیی و مایکێل هاوارد هەبووە و بۆ هاوکاری داهاتوو بە تایبەت لە بواری بەهێزکردنی ژنانی کورد قەول و قەراریان دانا .
جێگای ئاماژەیە لە میوانداری شامدا دەرفەتی دیدار لە گەڵ ئەو کەسو لایەنانە پێکهات:
هارییێت هارمن، جێگری سەرۆکی لەیبر پارتی
لۆرد جۆن پرێسکات ، جۆ ئانێتۆ، لە ئانگۆلا، کریس فلات، سکرتێری گشتی لەیبر پارتی نیوزلەند
فرانک چارلتەر،لە زیمبابوێ ، راجاسکار جێتاپالی، سەفیری هیندوستان ، باین کیوها، مشاوری سەفیر لە کۆرەی باشوور ، ئام زا، جێگری کۆمیسارپای ب ەرزی سێریلانکا ، لەمین بالی، بەرەی پۆلیساریۆی مەراکیش
جوراج لێروان ، سەفیری بولغارستان ، ئەمنێستی ئەنترناسیونال (ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی)
هەروەها زۆر لە سەفیر و کەسایەتی جۆراوجۆری دیکە .
لە هەموو ئەو دیدار و چاوپێکەوتننانە دا باس لە سەر وەزعیەتی مافی مرۆڤ لە ئێران و کورد ،کورد لە ڕۆژهەڵات و سیاسەتەکانی حیزب بە گشتی کرا.
نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا





# بەشداری هەیئەتی حیزب لە کۆبونەوەی شورای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیت لە بنکەی سەرەکی رێکخراوی هاوکاری ئابووری و پێشکەوتن

یەکێــک لە هەوڵە دیپلۆماســیەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردســتان لــە دەرەوەی وڵات، پێوەندی گرتن لەگەڵ گەورەترین پێکهاتەی سوسیالیســت و سوســیال دێمۆکراتەکان واتە ئینترناسیۆنالی سوسیالیست بووە کە لەو بارەیەوە بەرەوپێشــچونێکی باش هەبوە و نوێنەرایەتی حیزب توانیویەتی ئەو پێوەندیانە کە مێژویەکی دوور و درێژی هەیە، بە باشی ڕابگرێ و پەرەی پێبدا.

لــە ماوەی چەند ســاڵی ڕابــردوو دا و دوای گرتنی کۆنگــرەی ٢٣ی ئەو ڕیکخراوەیە، حیزب بەشــداری هەموو کۆبوونەوەکانی بووە کە دەکرێ ناوی کۆنگرەی ٢٣هەم لە ئاتێن پێتەختی یونان، کۆبونەوەی شوڕا لە مێکزیک، کۆبوونەوەی شوڕا لە وڵاتی دومینیکێن ڕێپابلیک و دوا کۆبونەوەی شوڕا لە شاری نیویۆرکی ئەمریکا.

کۆبوونەوەی ئەوجارەی شوڕای ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست لە شاری پاریس پێتەختی وڵاتی فەڕانسە لە ڕۆژانی ١٥ و ١٦ نوامبری ٢٠١٠ لە بنکەی ســەرەکی رێکخراوی هاوکاری ئابووری و پێشــکەوتن بەڕێوە دەچێ و بۆ ئەو مەبەســتە ئەمڕۆ هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزب پێک هاتوو لە بەڕێزان کاک مســتەفا شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک مەولود سوارە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە بریتانیا و نوێنەری حیزب لە ئەنترناسیونالی سۆسیالیست، کاک کەماڵ حەسەنپوور بەرپرسی



پێوەندیەکانی حیزب لە سوئێد و کاک مەریوان نستانی نوێنەری یەکیەتی لاوانی رۆژهەلاتی کوردستان و هەروەها کاک جەمال پور کەریم بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە فەرانسە هەروەها خوشکە شلێر دەرویشی وەک هەواڵنێری کورد کانال بەشداری ئەو کۆبونەوەیە دەکات.

هەیئەتی حیزب هەوڵ دەدا کە دیدار و چاو پێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی سۆسیالیست و سوسیال دێمۆکراتەکان و نوێنەرانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەشدار لەو کۆبوونەوەیە و سەرۆکایەتی ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست دیدار و وت و وێژ بکات و پێوەندی و دۆستایەتی حیزب لەگەڵ ئەو لایەنانە دا پتەوتر بکات و بە قازانجی خەلکی کوردستان هەروەها حیزبی دێموکراتی کوردستان کەلکیان لێوەر بگرێ.
هەروەها رۆژانی ١٢و ١٣ نوامبریش کۆبونەوەی ژنانی شـــوڕای ئینتەرناسیۆناڵ بوو و بۆ ئەو مەبەستەش یەکێتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان بە ڕەسمی بانگهێشت کرابوون کە هەیئەتێک لە ژنانی دێمۆکرات چالاکانە بەشداریان کرد.
هەروەها شایانی باسە کە لە سۆنگەی گرینگی دان بە توێژی لاو وەکوو چالاکترین هێزی کۆمەڵ، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەوڵ دەدا لە کۆبوونەوەکانی داهاتووی ئەو شوڕایە دا لاوان زیاتر بەشدار بن و وەزعیەتی لاوانی کورد زیاتر بەرنە ناو کۆڕ و کۆمەڵی لاوانی دنیا.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە
ئەنترناسیونالی سۆسیالیست
لە بریتانیا
١٥ی نوامبری ٢٠١٠





# کۆبوونەوەی ئاسایی
# شورای سۆسیالیستی نێونەتەوەیی لە پاریس

کۆبوونەوەی ئەمجارەی شــورای سۆسیالیســتی نێونەتەوەیی کە ڕۆژانی ١٥ و ١٦ نۆڤامبری ٢٠١٠ بەڕێوە دەچێ ئەمڕۆ لە پاریس بە بەشــداری ســەرۆک و جێگرەکانی ئەم ڕێکخراوە لە بنکەی ســەرەکی ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و پێشکەوتن دەستی بە کارەکانی کرد. هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش پاش بانگهێشتنی فەرمی بەسەرپەرەستی بەڕێز کاک مستەفا شلماشی لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدارن.
کۆبوونەوەکە سەعات ٣٠ ,١٠ لە لایەن بەڕێز لویس ئایالا کرایەوەو دوای بەخێرهاتنی نوێنەرایەتیی پارت و هەیئەتە بەشدارەکان بە کورتی ئامانجەکان و بەرنامەکانی کۆبوونەوەکەی باسکردن.
پاشان داوای لە بەڕێز ئانجێل گوریا سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و پێشکەوتن کرد کە وتەکانی خۆی پێشکەش بکا، بەڕێزیان لە قسەکانیان دا ئاوڕیان لە کێشەکانی سیاسی و ئابووریی جیهان دایەوە و ئاماژەی بە کۆبوونەوەی ئەم دواییانەی G٢٠ کرد و ئاکامەکانی ئەم کۆبوونەوەیان هێنایە بەر باس و لەو نێوەدا ئەرکەکانی سۆسیالیستی نێودەولەتی باسکردن و باسی لە ڕۆڵی گرینگی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی کرد.
بەدوای ئەودا داوا لە بەڕێز ســێگۆلێن ڕۆیال کرا کە وتەکانی خۆی پێســکەش بکا، خانمی ڕۆیال لەســەرەتای

قســـەکانی دا بەگەرمی بەخێرهاتنی جۆرج ئا. پاپاندرێئۆ سەرۆکی  شـــورای سۆسیالیستی نێونەتەوەیی کرد و پیرۆزبایی ســـەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی ئەم دواییانەی شـــارەوانییەکانی یونان و بەتایبەت ئاتێنی کرد و پاشان بەگەرمـــی بەخیرهاتنی بەریز مام جەلالی کرد و پیرۆزبایی لە بەرێزیان بۆ هەڵبژێرانی دووبارەی  وەک ســـەرۆک کۆماری عیراقی کرد و رۆڵی تاڵەبانی لە سۆسیالیستی نێودەوڵەتی دا بەرزنرخاند.

تەوەری باسەکانی بەرێز رۆیال قەیرانی ئابووریی جیهانیی و روانگەی شۆرای سۆسیالیستی نێونەتەوەیی لە بارەی بووژانەوەی ئابووریی جیهانیی کرد. ناوبراو لە میانەی قسەکانی دا ئاماژەی بە کێشەکانی دونیای ئەمڕۆ و گرینگی نەخشـــی رێکخراوەکانی نێونەتەوەیی کرد کە بە یەکگرتوویی و هاوکاری زیاتر دەتوانن باشـــتر بەســـەر کێشە و گیروگرفتە نێونەتەوەیییەکاندا زاڵ بن.

بەرێز رۆیال ئەمجار باسی لە گیرو گرفتەکانی تایبەت بە ژینگە و گرینگی پاراستنی ژینگە، گرنگی دان بە چەمکی دێموکراسی و ئەو راستییە کە هەر مرۆڤێک شایانی ژیان لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتە  و  هەروەها بەرنامەی پێشگرتن بە تەشەنە کردنی چەکی ناوەکیی کرد و هەوڵی بەرێز ئۆبامای لەم بارەوەی بەرز نرخاند.

سێهەم کەس بەرێز جورج ئا پاپاندرێئۆ سەرۆکی شۆرای سۆسیالیستی نێونەتەوەیی بوو کە قسەکانی بە سوپاس لە پیرۆزبایی ســـەرکەوتنەکانی حیزبەکەی لە هەڵبژاردنی شـــارەوانییەکان دەست پێکرد و ئاماژەی بەوە کرد کە حیزبی ناوبرا توانیویەتی پاش ٢٨ ســـاڵ پۆستی سەرۆکی شـــارەوانیی ئاتێن لە حیزبی دەستە راستی بباتەوە.

بەرێز پاپاندرێئۆش لە قسەکانی دا ئاماژەی بە قەیرانی ئابووریی جیهانی کرد و گوتی: ٦٥ ساڵ پاش دامەزرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ٢٠ ساڵ پاش کۆتایی شەڕی سارد چارەسەریی کێشە جیهانییەکان و یەک لەوان قەیرانی ئابووری پێویســـتی بە هاوکاریی فرەلایەنە هەیە.  ناوبراو لە وتەکانی دا باســـی پێویستی لە داکۆکی مافی ژنان، کەمە نەتەوەکان، دیموکراسی بۆ هەموان و یەکسانیی کرد.

پاشان نوێنەرانی چەندین پارتی بەشدار لە کۆبوونەوەکە دا وتاریان لە سەر بابەتی «ئابووری جیهانی: پلاندانان بۆ بووژانەوەیکی بەروەوام کە سوودی بۆ گشت لابێ» پێشکەش کرد.

جێگای ئاماژەیە کە لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ئەمڕۆ وەفدی حیزب چاوی بەم بەرێزابە کەوتووە:

بەرێز مام جەلال تاڵەبانی

بەرێز کۆسرەت رەسوڵ عەلی

بەرێز عەبدوڵڵا موهتەدی

بەرێز» پیا لۆکاتێللی» سکرتێری ژنانی سوسیالیست ئەنتێرناسیۆنال

بەرێز لویس ئەیالا سکرتێری گشتیی ئەنتەر ناسیۆنالی سۆسیالیست

وەفدی حیزبی بە دە پە لە باکوری کوردســـتان: ســـەلاحەدین دەمیرتاش سکرتێری ئەم حیزبە، سەباحەت تونجەل ئەندامی پارلمانی تورکیا لە سەر لیستەی حیزبی بە دە پە و بەرێز ئەیوب دۆرود نوێنەری بە دە پە لە بروکسێل

پیەر مورۆئا سیمای ناسراوی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە رێبەری پێشووی ئەم حیزبە

بەرێز کۆتلای ئەرک سکرتێری گشتیی حیزبی کۆماریخوازی تورکی قیبرێس

جۆ بلینگهام بەرپرسی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی کاری بەریتانیا

نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە

ئەنتەر ناسیۆنالی سوسیالیست







# بەشداریی وەفدی حدک لە ئێوارە خوانی پارتی سوسیالیستی فەرانسە

ئێوارەی ئەمرۆ ١٥ مانگی نۆامبر وەفدی حیزب کە بەشداری کۆبوونەوەی شورای سوسیالیستی ناونەتەوەیی لە پاریس دەکا لە ئێوارەخوانێک دا بەشدارییان کرد کە لە بنکەی سەرەکی پارتی سوسیالیستی فەرانسە و بە میوانداریی پارت ناوبراو بەرێوە چوو.

لە سەرەتای ئەم ئێوارە خوانەدا بەڕێز مارتینە ئاوبری سکرتێری گشتی پارتی سوسیالیستی فەرانسە بەخێرهاتنی میوانانی کرد و لە وتارێکی کورت دا ئاورێکی خێرای دایەوە سەر رووداوە گرینگەکانی جیهانی ئەمرۆ و پاشان بەرێز جورج ئا. پاپاندرێئۆ سەرۆک وەزیری یونان و سەرۆکی ئەنتەرناسیونال سوسیالیست پاش بەخێراهاتنی میوانان و سوپاس لە پارتی سوسیالیستی فەرانسە باسێکی کورتی لە پەیوەندی لە گەڵ کۆبوونەوەی ئەمرۆ و قەیرانی ئابووری جیهانیی پێشکەش کرد.

بەشێک لە کاتی وەفدی حیزب بۆ دیدار نوێ کردنەوە لە گەڵ نوێنەرانی پارتە سوسیالیست و سوسیال دێموکراتەکانی بەشدار لەم ئێوارە خوانە تەرخان کرابوو.

وەفدی حیزب چاوی بە بەشێکی بەرچاو لەو کەسایەتییانە کەوت کە لەم ئێوارە خوانەدا بەشدار بوون بۆ وێنە بەرێزان جورج ئا. پاپاندرێئۆ، لویس ئایالا، دوکتور مستەفا بین جەعفەر سکرتێری گشتی حیزبی فۆرومی دێموکراتیک بۆ کار و ئازادی لە وڵاتی تونێس.

نوێنەرایەتی حیزب بۆ کاروباری ئەنتەرناسیونالی سوسیالیست




# کۆبوونەوەکانی شووڕای
# ئەنترناسیۆنالیسی سۆسیالیست کۆتایی پێهات

رۆژی ١٦ی نوامبر ٢٠١٠ دووهەم رۆژی کۆبوونەوەکانی شووڕای ئەنترناسیۆنال کە لە پاریس بەڕێوەدەچێ بە بەشداریی وەفــدی حــدک , کاتژمێر ١٠:٣٠ دەقیقە بە قســەکانی لویس ئایالا و باس لە ســەر ئابــووری جیهان و گیر و گرفتە نێونەتەوەیەکان و ئاشتی جیهانی دەستی بە کارەکانی دوایین ڕۆژی کۆبوونەوەکە کرد .

پاش باس کردن لە گیر و گرفت و قەیرانە ئابوورییەکان بەڕێز جەلال تاڵەبانی وتارێکی سەبارەت بە بار و دۆخی عێراقی ئەمڕۆ و تاوانەکانی ڕژیمی پێشوو و هەروەها پرۆسەی ئازادیی عێراقی فیدراڵ پێشکەش کرد سەرۆک کۆماری عێراقی فیدرڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە وتەکانی دا باسی لە دۆخی هەرێمی کوردستان کرد و ئاماژەی بەوەدا کە هەرێمی کوردســتان پێشــکەوتن و ئارامێکی گونجاوی تێدا هاتۆتە ئاراوە و ئێستا کە عێراقی فیدراڵ بە گشتی بۆتە هەرێمێک بۆ پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوەو ئایینە جییاوازەکان و ئاســایش و گەشــەی ئابووری ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندن دایە.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا وەفدی حیزب لە گەڵ ژمارەیەکی دیکە لە هەیئەتەکانی بەشــدار لە کۆبوونەوەکەدا دیدار و چاوپێکەوتنیــان ئەنجــام دا و وێڕای باس کردن لە دۆخی خراپی ناو ئێران و بە تایبەتی پێداگریی هەیئەتی حیزب لە ســەر ئەوەی کە لە ئێرانی ژێردەســەلاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا شتێک بە ناوی مافی مرۆڤ بوونی نییە و بە تایبەت لەم









ناوەداگەڵی کورد بە بیانووی جۆراوجۆر ەوە لە لایەن دەزگا ئەمنییەتییەکانەوە دەچەوســێتەوەو گیانی چالاکانی کورد لە مەترسیدایە .

جێگای ئاماژەیەکە دەیان نوســخە لە  راپۆرتی ئامادەکراو لە لایەن کۆمیتەی دەرەوەی حدک لەسەر پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران و لیستی زیندانییان و  لە سێدارەدراوانی کورد ئامادەکرابوو درایە کەسایەتی و نوێنەرانی ولاتانی بەشدار بووی کۆبوونەوەکە .

دواتر هەیئەتی حیزب لە درێژەی دیدارو چاوپێکەوتنەکانی لەگەل نوێنەرانی بەشدار  جەختی لەسەر ئەو خاڵە گرینگە کردەوە کە کارکردن بۆ چالاککردنەوەی گرووپی کاری کوردان لە ناو ئەنترناسیۆنالدا پێویستییەکی گرنگ و هەنووکەییە و لەم پێوەندییەشدا هەیئەتی حیزب لە گەڵ هەر یەک لە بەرێزان  لویس ئایالا و مام جەلال کۆبۆوەو لە لایەن ئەوانەوە بەڵێنی ئەوەدرا کە کاری جیددی بۆ بووژاندنەوەی گرووپی کاری کوردان بکرێ.

جێگەی ئاماژەیە کە لە کۆبوونەوەی ئەنترناســیۆنالدا نوێنەری یەکێتی لاوان چاوی بە ژمارەیەک لە نوێنەرانی یەکێتی لاوانی سۆسیالیستی نێونەتەوەی کەوت .

لە کۆتاییدا هەیئەتی حیزب بۆ نیوەڕۆخوانێک کە لە لایەن بەرێز مام جەلالەوە ئامادەکرابوو بانگهێشــتن کرا کە تێیدا هەموو ئەو حیزب و رێکخراوە کوردیانەی  لە ئەنتەر ناسیونالدا  بەشدار بوون چاویان بە یەک کەوت و بە گشتی باسیان لە کۆمەڵێک ئاستەنگ و کێشەی بەردەم حیزبەکان کردەوە .












# کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان

## ئەوە تایتلی کۆمیتەیەکە کە لە بریتانیا دامەزراوەو

## تا ئێستا ٣ کۆبوونەوەی گرتوە

مەبەستی سەرەکی ئەو کۆمیتەیە سازدانی کنفرانس و سمینار گرتنە بۆ زیاتر ناساندن و رێگە چارەی کێشەکانی کورد لە خاورمیانە و هەروەها داوا کردن لە حیزب و لایەنەکان و شارەزایانی کورد بۆ پالپشتی کردنی ئەو هەنگاویە.

تا ئێستا بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی پارلمان و لۆردو هەروەها زانکۆی ئاکسفۆرد پشیوانی و ئامادەی خۆیان بۆ ئەو هەنگاوە دەربریوە.

لەو پیوەندیەدا ئیمە وەک حیزب لە لایەن بەشدار بوانەوە داوامان لێکراوە بۆ ئامادەکردنی لۆگۆو لیتر هێدی کۆمیتەکەو کردنەوەی ئیمێل ئادرەسێک و هەروەها بۆ نامەکانیش لە سندوق پۆستی حیزبمان لە لەندەن کەلک وەربگیردرێت.

ئەوەی ئیستــــتا ئەو کورەتە راپۆرتەی لەسەر نوســــراوە و ناردومە خزمەتان فۆرمی نامەکەیە ( دیارە پێویستە هەر لێرەشەوە سوپاسی کاک جعفر شەریعتی بکەم کە ترح و دیزانەکەی بۆ کردین)

لەو پیوەندیەدا ویســــتم ئیوەی بەرێز ئاگادار بکەم و هەروەها داواش لە برای بەرێزم کاک حەســــەن حاتەمی بکەم لەو پیوەندیەدا ئەگەر پێشنیارێک یا هەر رێنوێنیەکیان هەیە وەک بەرپرسی یەکەمی ئەو بەشە خۆشحال دەبین کە رێنوێنیمان بکەن.

دیارە پێشنیار دەکەم کە کاک حەسەن لەگەل حیزب و لایەنەکان لە سوئید و نورویژ قسە بکەن بۆ ئەوەی نێویان بخەینە پال نێوی حیزبەکانی بەشدار.



ئەو حیزب و لایەنانەی خوارەو تا ئیســـتا بەشـــداریان کردوەو داواش کراوە لە لایەنەکانی دیکە بەشداری  بکەن کە وێ دەچیت ئەو رەقمە بچیتە سەر.

لایەنە بەشدارەکان:

حیزبی دێموکراتی کوردستان

پارتی دێموکراتی کوردستان

یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان

پارتی یەکیەتی کوردی سوریە

کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

پارتی یەکیەتی دێموکراتی کوردی سوریە

پارتی سۆسیالیستی کوردستان

پارتی ئازادی کوردستان

پارتی یەکیەتی کوردستان

دوێنی رێکەوتی ٢٣ی نوامبر کە کۆبونەوەمان گرت پێشنیار کرا تا دووحەوتووی تر کۆبونەو بگرین بۆ تقسیمی کارو هەروەها بەفەرمی لەو کۆبونەوەیەدا دامەزراندنی ئەو کۆمیتەیە لە سایتەکاندا  رابگەیندریت.

نوێنەرایەتی حیزب لە بریتانیا

٢٤ی نوامبری ٢٠١٠










# خۆپێشاندانێکی کوردانی سوریه
# لەبەردەم پارلمانی بریتانیا

پارتی یەکیەتی کوردی سوریه لە رۆژەکانی ٢٨ و ٢٩ و ٣٠ نوامبری ٢٠١٠ لە کاتژمێری ١بۆ ٥ی ئیوارە بەخۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربرێن لەهەمبەر پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە سوریە و بێ سەروشوێن کردنی زیندانیانی سیاسی کورد نارەزایەتی و بێزاری خۆیان دەربرِی. لەو خۆپێشاندانەدا وێنەی زیندانیانی سیاسی و هەروەها پەرچەمی کوردستان و وێنەی ئەو زیندانیانەی کە سـاڵێکە لە زیندان دان و لە ژێر خەتەری لەسـێدارەدان دان میلەکانی پێش پارلمانی بریتانیای داپۆشیبوو. وێنەی ئەو زیندانیانەی کە سالێکە لە زیندان دان بریتی بوون لە:

مامۆستا حەسەن سالح سکرتێری پێشووی پارتی یەکیەتی کوردی سوریە

محەممەد مستەفا و محەممەد معروف ناسراو بە (باوی یاوەر) ئەندامانی دەفتەری سیاسی پارتی یەکیەتی کوردی سـوریە. هەروەها بەشـێکی تری خۆپێشاندانەکە بۆ ئاشکرا کردنی تەحسین خەیری کە ٣ سالە لە زیندان دایەو ئێستا ٢ سالە کە بێ سەرو شوێنە. نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشداری چالاکانی لەو خۆپێشاندانە کردو بەدەنگ برایانی کوردمان لەو بەشی دیکەی کوردستانی داگیر کراوەوە چون.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان
بریتانیا ٣٠ نوامبری ٢٠١٠



# کۆبونەوەی یەک کاتژمێری لەسەر ئێران

## کاتژمێری ٣و نیوی رۆژی ٣٠ی نوامبری ٢٠١٠ لە موسیس رۆم

### سەردێری بابەتەکە:

کاربەدەستانی بریتانیا چە رێگایەک دەگرنە بەر سەبارەت بە پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، بەرنامە ناوەکیەکانی ئەتۆمی و هەروەها نەخشی ئیران لەولآتانی دروسێدا؟

ئەوە سەرخەت و باسەکانی بەرێز لۆرد کۆربیت بوو لە پانێلێکی تایبەت بە ئێران و رووی ئەو بابەتە بە دولەتی بریتانیا بوو.

ئەو کۆبونەوە تایبەتیە بۆ بەشێکی بەرچاو لە کاربەدەست و لێپرسراوانی بریتانیای و هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە لۆرد و بارۆنێسەکان لە کاتژمێری ٣و نیو بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لە دیوی موسسس دەستی بە کارەکانی کرد.

قسەکەرانی ئەو کۆبونەوە تایبەتە پێک هاتبوو لە بەرێزان:

- لۆرد کۆربیت
- لۆرد وێدینگتۆن
- بارۆنێس مارگرێفن
- بارۆنێس ئەفشار
- لۆرد پارێک
- لۆرد دەهۆلاکیا
- لۆرد درۆمگلاس
- لۆرد ئالدردیس
- لۆرد لێرویک

- لۆرد میتشێل
- لۆرد ئیفبیری
- بارۆنێس سایمۆنس
- لۆرد هۆوێڵ

جیا لە لۆرد کۆربیت و لۆرد هاوێل سەرجەمی لۆردەکان تەنیا ٣ دەقیقە کاتیان بوو کە لەو پێوندیەدا قسە بکەن. هەرکام لە لۆردەکان و بارۆنێسەکان لەسەر پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەپیوەندی لەگەل خەلکی ئیران و هەروەها نەتەوەکانی دیکەی ئێران و وبیرهێنانەوەی بەشدار بوان کە ئێران لە پیوەندی لەگەل پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ یەکێک لە خەراپترین ولاتان دونیایەو تا ئیستا لەلایەن نەتەوە یەککگرتووەکانەوە ٥٧ جار معکوم کراوە بەلام دیسانیش ئەو رژیمە هەروا درێژە بەو پێشـــێلکاریانە دەدات و ، شـــکنجەو تەجاوزو ئیعدامەکانی ڕژیم رۆژ بەرۆژ لە زیاد بوون دایە،هەروەک ئایەتولا کەروبی کاندیدای سەرۆک کۆماری و ئایەتولا مونتەزیری و پێش مردنی ووتیان:

## «کە ئەو رژیمە نە ئیسلامیە و نە خەڵکی»

رژیمی ئیران دوای هەڵبژاردن و کوشـــتنی جوانەکان و تەقە لێکردنیان لە خیابانەکان بەدەســـتی بەسیجیەکان و تەجاوزە بەکۆمەلەکان و گرتنی خەلکی زۆر لەو پیوەندیەدا نەبوونی دێموکراسی تەوەری سەرەکی باسەکان بوون، لەپیوەندی لەگەل کەمپی ئەشرەف ووتیان کە هێرش بردنە سەر کەمپی ئەشرەف کوشتنی ٩ کەس و بریندار کردنی ١٠٠ دان کەسی لێکەوتۆتەوە، هەروەها دوای ئەوەی ئەمریکا بەرپرسایەتی شارەکانی عێراقی بە نیروەکانی عێراقی تحویل داوەتەوە فشاری زیاتر کەوتۆتە سەر ئەو کەمپە و گلەی گازەندە لە دەولەتی عێراق و بەتایبەت بەریز مالکی کرا، داوای بەشێک لە لۆردەکان بۆ ناردنی هەیئەتێک لە لۆردەکان و کاربەدەستانی دەولەتی بریتانیا بۆ سەرلیدان لەو کەمپە بوو و هەروەها داوا کرا کە ئەو کەمپە بپاریزریت، بەشـــێکی تری باســـەکان لەســـەر هەلسوکەوتی رژیم لە ناوچەو یارمەتی دان بە حیزب و الله و تالەبان و دەســـت تێوەردانی ئێران لە فەلســـتین و ئەفغانستان و عێراق هەروەها پێش بەسەقامگیرکردنی دێموکراسی لەناچەکەدا و خەتەرەکانی ئەو رژیمە بەتایبەتی بۆ رۆهەڵاتی نێوەراست و دونیا بەگشتی بوو.

لەپیوەندی لەگەل بەرنامەکانی هەستەی ئیران و پرسیار ئەوە بوو کە ئایا ئێران هەدەفی و پافشاری لەسەر بەدەست هینانی بەرنامە ناوەکیەکان چەکی ئەتۆمی چیە، جیا لەوەی کە دەیان هەوێت جیرانەکان و دونیای پێ بترســـێنن هەروەها خەتەرێکە بۆ لێدانی لە ئیسرائیل چون تا ئیستا سەرۆک کۆماری ئێران چەندین جار وتویانە کە ئیسرائیل لەسەر نەخشە و دونیا پاک دەکەنەوەو هۆلی کۆستێک نەبووە. لەوپیوەندیەدا بووچونەکان ئەوە بوون کە پێویستە فشـــار زیاتری سیاســـی بخرێتە سەر ئیران لە پیوەندی لەگەل ئەو کەیسە دا هەول بدرێت کیشەکان لەسەر میزی موزاکەرە ووتوێژیان لەسەر بکرێت ئەو رێگایە ببێتە رێگای چارەسەری کیشەکان.

بەرێز لۆرد هاوێڵ گیل فۆرد وەک بەرپرس و جواب دەرەوە لەو پانێلەدا ووتیان کە ئیمە ئاگاداری هەڵسوکەوتەکانی ئێرانین لە ناو خۆی ئێران و دەوروبەرو و هەروەها پێشـــێل کاریەکانی مافی مرۆڤ ئێمە هەول دەدەین کە فشـــاری جیدی بخەینە سەر ئێران بۆ گۆرینی سیاسەتەکانی.

لە کۆتایی دانیشتنەکەدا مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا توانی راپۆرتی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان بداتە دەستی بەشێکی بەرچاو لە لۆردەکان و هەروەها چاویشی کەوت بە لۆرد کۆربیت لۆرد ئیفبیری و هەروەها لۆرد میتشێڵ.

نوێنەراتەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بریتانیا



## پتەوکردنی هاوکاری نێوان
## گرووپی پارلەمانتارانی مافی مرۆڤی بریتانیا و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

لە درێژەی دیدار و چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ حیزب و کەسایەتیەکانی بریتانیا پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ ٧ی دسامبری ٢٠١٠ کاتژمێری ١ بۆ ٣ی پاش نیوەڕۆ لە پارلمانی بریتانیا کاک «مەولود سوارە» نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا چاوی بە بەڕێز «جێرمی کۆربین» ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری سەرۆکی گرووپی پارلەمانتارانی مافی مرۆڤی بریتانیا کەوت.

لەو چاوپێکەوتنەدا سەرەتا باسێکی گشتی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و هەروەها دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق و ئەفغانستان و هەروەها پشیوانی و پەرەپێدانی تیرۆریسم لە ناوچەکەدا و یارمەتی دانی ماڵی بە «حیزب الله»ی لوبنان بوو.

تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بوو لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لە پیوەندی لەگەل گرتن و ئازار و ئەشکەنجە و ئیعدامی زیندانیانی سیاسی و هەروەها کەندوکۆسپ نانەوە لەسەر ڕێگای کاسبکارانی کورد کە بۆ بژیوی ڕۆژانەی ماڵ و منداڵیان هیچ ڕێگایەکی دیکە شک نابەن جگە لەوەی لەسەر سنووری کوردستان کاری کۆڵبەری بکەن، هەر لەپیوەندی لەگەل پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لیستێک لە سالی ٢٠٠٨ وە تا سپتامبری ٢٠١٠ ئامادە کرابوو درا بە بەڕێزیان و هەروەها لە پیوەندی لەگەل ئەو ٢١ زیندانیە سیاسیانەی کورد کە چاوەڕوانی ئیعدامن بەڕیزیان بەڵێنیان دا کە لەو پیوەندیەدا نامەیەک ئاراستەی کاربەدەستانی ئێرانی بکەن.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان
بریتانیا



# کۆمیتەکانی لیدز ،شەفیلدو مەنچستر ٢ی ڕێبەندان جەژن دەگرن

بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٦٥ەمین ســالۆگەری دامەزراندنی کۆماری کوردســتان، لە ڕێکەوتی ٢٣-١-٢٠١١ی زاینی، بەرامبەر بە ٣ی ڕێبەندانی١٣٨٩ی هەتاوی , کۆمیتەکانی لیدز،شــەفیلد و مەنچستری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێورەســمێکی بەشکۆیان لە شاری لیدز پێکهێنا . لەم ڕێوڕەسمەدا کە بەشێکی بەرفراوان لە ئەندامان، لایەنگران و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکوردستانیەکان بەشدار بوون لە کاتژمێر ٤ی ئێوارە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب لە لایەن کۆرێک لە لاوانی دێموکڕات و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شــەهیدان دەســتی پێکرد. پاشــان لە لایەن کاک ڕێبوار قادرزادە بەڕێوەبەری ڕێورەســمەکە بە گەرمی بەخێرهاتنی ئامادەبوان و میوانەکانی مەراسیمەکە کرا. لە درێژەی بەرنامەکانی ڕێورەسمەکەدا بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە لایەن کاک ڕزگار قادرزادە ئەندامی کۆمیتەی بریتانیای حیزب پێشــکەش کرا وە پاشان لێکدانەوەیەک سەبارەت بە ئەزموون و دەســتکەوتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە لایەن هاوڕێ یاسین ملکاڕی بەرپرسی کۆمیتەی لیدزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئامادە کرابوو پێشکەش کرا.

لە درێژەی بەرنامەکان دا پەیامی پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە لایەن بەڕێز نەزمی عەزیز بەرپرسی کەرتی ناوچەی







لیدز پێشـــکەش کرا، پەیامی ڕێکخســـتنی شاری لیدزی یەکیەتی نیشتمانی کوردســـتان لە لایەن مامۆستا جەلال پێشـــکەش کرا. پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن بەڕێز ڕەحیم دەستیار ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیةتیی لاوان خوێندرایەوە وە  پاشان پەیامی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان لە لایەن هاوڕێ محەمەد سەردەشـــتی پێشـــکەش کرا.دوا بەداوی پەیامی حیزب و ڕێکخراوەکان،  ئاهەنگەکە بە دوو پارچە هۆنراوە لە لایەن شاعیری هەست ناسک گەشاو خان و کاک حوسێین محەمەدپوور  ڕازێندرایەوە.

لە بەشـــێکی دیکەی بەرنامەکاندا، ڕێوڕەســـمەکە بە ئاواز و گۆرانی  لە لایەن تیپی مۆسیقای سەردەشت بە دەنگی هونەرمەندان ئازاد سەردەشتی و هاوژین ڕازێندرایەوە و بە ڕەشبەڵەک و گۆرانی  و هەڵپەڕکێ تا کۆتایی ڕێوڕەسمەکە یاد و بیرەوەری کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیرا. لە برگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا جارێکی دێکەش لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرانی مەراسیمەکە  سوپاسی ئامادەبوانی ئەم ئاهەنگە کرا کە بە ئامادەبونیان وەفاداری و ئەمەگناسی خۆیان بۆ کۆماری کوردستان دوپاتکردەوە . لە کاتژمێر ٨ی ئێوارە کۆتایی بە ڕێوڕەسمەکە هات.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان- بریتانیا








# له به‌ریتانیا خۆپیشاندانێک بۆ ناره‌زایه‌تی دژی ئیعدام له کۆماری ئیسلامی به‌رێوه چوو

رۆژی شـــه‌ممه‌رێکه‌وتی ٢٩ی جانیوێری ٢٠١١ رۆژی مه‌حکوم کردنی له سێداره‌دان له کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوو، هه‌ربۆیه له زۆربه‌ی شاره‌کانی جیهان خۆپیشاندانی ناره‌زایی ئه‌نجام درا له دژی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بۆ ئه‌م مه‌به‌ســـته له‌ســاعه‌ت ١ تا ٣ی پاش نیوه‌رۆ له ناوه‌ندی شـــاری مه‌نچسته‌ری به‌ریتانیا خۆپیشاندانێک بۆ مه‌حکوم کردنی سزای له سێداره دان له کۆماری ئیسلامی به‌رێوه چوو.

ئه‌م خۆپیشاندانه به به‌شداری حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی کۆمنیست و پارتی ژیان و ئازادی کوردستان و کۆمه‌لێکی به‌رچاو له کوردستانیان و ئێرانیانی دانیشتووی شاری مه‌نچسته‌ر به‌رێوه‌چوو، په‌یامی حیزبی دیموکراتی کوردستان له‌لایه‌ن به‌رپرسی کۆمیته‌ی حیزبی له‌شاری لیدز به‌ڕێز یاسین مه‌لکاری خوێندرایه‌وه.

نوێنه‌رایه‌تی حیزبی دێموکراتی کوردستان له بریتانیا





# ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان
# لە لایەن کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بەریتانیا بەرز راگیرا

ئێوارەی رۆژی یەک شـــەممە، ٣٠ /٢٠١١/١/ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردســـتانیانی دانیشتووی وڵاتی بەریتانیا، لەلایەن کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بەریتانیا ، یادی ٦٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری لەندەن کرایەوە.

لە سەرەتای رێوورەســـمەکە بەرێز فەریدون مەعروفی ئەندامی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەریتانیا بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و خۆشحالی خۆی دەربڕی بۆ ئامادەبوونی کوردستانیانی بەریتانیا کە بەشداری ئەم رێورەسمە بوون. رێوورەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و هەروەها دەقیقەیەک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاری کورستان دەستی پێ کرد.

دواتر کاک «احســـان قادر» وتەبێژی کۆنفرانســـی پارتە کوردســـتانیەکان لە بەریتانیا بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەشـــی ئامادەبوان کرد. کاک احســـان لە وتارەکەی دا وێرای پیرۆزبایی لە ٦٥ ســـاڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، دوپاتی کردەوە کە دەبێ ئێمە شانازی بەم کۆمارە بکەین و هیوای خواست کە کۆماری کوردستان ببێتە نموونەیەک بۆ پێکەوە ژیان و تەبایی میللەتی کورد.

هەروەها لە درێژەی بەرنامەکاندا خوێندنەوەی چەند پەخشـــان و شیعر بوو لە کۆتایی رێورەسمەکەشدا بە دەنگی هونەرمەند شۆرش ئیبراهیمی گۆرانی بێژ و ئازاد ئیبراهیمی بە ئۆرگ بەرنامەکەیان رازاندوە .





شــــايانى باسكردنه كه لەلايەن كۆنفرانســــى پارته كوردستانيەكان له بەريتانيا، خواردن ئامادەكرابوو بۆ بەشدارانى ڕێورەسمەكه.

كۆنفرانسى پارته كوردستانيەكان له بەريتانيا ماوەيەكه دامەزراوه و پێكهاتووه له ١٦ پارتى كوردستانى له بەريتانيا و تائێستا چەند چالاكيان پێكەوه ئەنجام داوه، پارته بەشدارەكان بريتين له:

١) پارتى دێموكراتى كوردستان ٢) يەكيەتى نيشتيمانى كوردستان ٣) حيزبى دێموكراتى كوردستان
٤) پارتى يەكيەتى كوردى سوريه ٥) پارتى سۆسياليستى كوردستان
٦) پارتى يەكيەتى دێموكراتى كوردى سوريه ٧) كۆمەڵەى شۆڕشگێرى زەحمەتكێشانى كوردستانى ئێران
٨) پارتى ئازادى كوردستان ٩) پارتى يەكيەتى كوردستانى ١٠) كۆمەڵەى زەحمەتكێشانى كوردستان
١١) پارتى سەربەستى كوردستان ١٢) بزوتنەوەى دێموكراتيكى يارسان ١٣) پارتى سەربەخۆى كوردستان
١٤) پارتى يەكيەتى دێموكراتى كوردى سوريه ١٥) ڕێكخراوى خەبات ى شۆڕشگێرى كوردستان
١٦) كۆمەڵە- پارتى سۆسيال دێموكراتى كوردستان

نوێنەرايەتى حيزبى دێموكراتى كوردستان
له بريتانيا





# نامەی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گرووپی مافی مرۆڤی ئەندامانی پارلمانی بریتانیا

لــە درێژەی ئەو هەوڵە دیپلۆماســیانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردســتان لــە دەرەوەی وڵات گرتوویەتە بەر بۆ کاندیداتۆری محەمەد سەدیقی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ساڵی ٢٠١١، لەم پەیوەندیەدا سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردســتان نامەیەکی ئاراســتەی بەشــێکی بەرچاو لە ئەندامانی پارلەمانی بەریتانیاو هەروەها لۆردەکان کرد.

کاک خالیدی عەزیزی ســکرتێری گشــتی حیزبی دێمۆکراتی کوردســتان لە نامەکەیدا لە کە ئاراستەی ئەندامانی پارلەمانــی بەریتانیاو لۆردەکانی بەریتانیا و هەروەها کۆمیتەی هەموو پارتەکانی پارلمانی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا کردوە و نووسیویەتی کە کەبوودوەند هیچ پێوەندییەکی تەشکیلاتی بە هێزە سیاسییەکانەوە نییە و تەنیا بە تاوانی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردســتان و چالاکی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان زیاتر لە ١٠ سال زیندانی بەسەردا سەپێندراوە.

لەکۆتایی نامەکە ســکرتێری گشــتی حیزبی دێمۆکراتی کوردســتان داوای لە پەرلەمانتاران کــردوە کە هاوکار و هاوهەلۆیســتیان بن لە کاندیداکردنی محەمەد سەدیقی کەبوودەوند، داواشی کردوە بتوانن لە توانا دیپلۆماسیەکانی خۆیان بۆ پاڵپشتی میکانیزمی کاندیداتۆری محەممەد سدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی بەشداربن.

هەروەک پێشــتریش ئاگادارن ناوەندە دیپلۆماسیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە هەولێکی چڕو پڕدان تا بتوانن بۆ کاندیداتۆری محەمەد ســەدیقی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ساڵی ٢٠١١ مسۆگەر بکەن، هەر لەم پەیوەندیەشدا سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان نامەیەکی ئاراستەی عەبدولکەیم لاهیجی بریکاری کۆنفیدراســیۆنی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ داوای لە ناوبراو کردبوو کە پاڵپشــتی میکانیزمی کاندیداتۆری محەممەد سدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی بکەن.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان
بریتانیا ٢٠ی جانیوێری ٢٠١١




# دیدار لەگەل وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا

لە رێکەوتی ٢١ی فێبریوێری ٢٠١١ چاوپێکەوتن کرا لەگەل بەڕێز گریک شاپلەند بەرپرسی یەکەمی لێکولینەوەو بەدواچوون لە کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەو کۆبونەوەی کە یەک کاتژمێیر خایاند لەپیوەندی لەگەل ئالوگۆر و ئەم دوایانەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و گۆرانکاریە یەک لەدوایەکەکانی ناوچەکە و نەقشی دەنگی خەڵک لە گۆرینی دیکتاتۆرەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و بەتایبەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ، هەروەها باس لەسەر ئێران و خۆپێشاندانە لەناکاوەکانی ئەمدوایانەی شارە گەورەکانی ئێران لەم دانیشتنەدا هاتنە بەرباس.

مەسەلەیەکی دیکە کە تەکیدی لەسەرکراوە کە پەیوەندیە بەردەوامەکانی نوێنەرایەتی حیزب لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و ئاڵوگۆری زانیاری دەربارەی مەسەلە پەیوەندیدارەکان یەکێی تر بوو لە باسەکانی ئەم دانیشتنە.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بریتانیا

٢١ی جانیوێری ٢٠١١

Kurdistan Democratic party's activity in the United Kingdom

2011 . 2008




# پارلمانی بەریتانیا وەڵامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەداتەوە

دوای ئەوەی بەرێز خالیدی عەزیزی سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان نامەیەکی ئاراستەی پارلمانی بەریتانیا کرد بۆ ئەوەی پشتیوانی خۆیان لە میکانیزمی کاندیداتۆری محەمەد سادقی کەبوودوەند دەربڕن لۆرد ئیریک ئیفبیری جێگری یەکەمی گروپی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی بەریتانیا لە جوابی بەرێز سکرتێری حدک دا نامەیەکی ئاراستە کردووە .

لۆرد ئیریک لە نامەکەیدا پشتیوانی خۆیانی بۆ ئەم داوایە دەربڕیوە و کەبوودوەندی بە یەکێک لەو کەسانە ناوبردوە کە شایانی وەرگرتنی ئەم خەڵاتەیە، هەر لە درێژەی نامەکەدا، دوپاتی کردۆتەوە کە ئێمە بەپێی توانا هەوڵدەدەین کە بەرێز کەبوودوەند کاندیدای ئەم خەڵاتە بێت .

لەلایەکی تریشەوە بەرێز مەولود سوارە نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بەریتانیا رایگەیاند کە پەرلەمانتارانی بەریتانیا جوابی داواکاریەکەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان بە شێوەیەکی ئیجابی داوەتەوە. سوارە گوتیشی کە پەلەمانتاران تەکیدیان کردۆتەوە لەوەی کە توانا دیپلۆماســیەکانیان بەکاردێنن بۆ کاندیداتۆری بۆ بەرێز محەمەد سادقی کەبوودوەند .

شایانی باسکردنە کە نوێنەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەو ماوەیەی رابردوودا لە هەولێکی چڕ و پڕدابوون بۆ ئەوەی میکانیزمی کاندیداتۆری کەبوودوەند بگەیەنە ناوەندە جیهانیەکان.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان
بریتانیا
٢٨ی جانیوێری ٢٠١١




# کۆمیتەی پارلمانی بریتانیا بۆ ئازادی ئێران وەڵامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دایەوە

هەر وەک ئاگادارن لە ماوەیەک لەمەوبەرەوە هەوڵەکان بۆ کاندیداکردنی چالاکی مەدەنی کورد و بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان محەممەد سدیق کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبل دەستی پێ کردوە . حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بەرێگا دیپلۆماتیکەکانی خۆی هەوڵی داوە کەئەم پرسە بۆ ناوەندە جیهانیەکان بەرز بکاتەوە کە بەرێز کەبودوەند کاندیدا بکرێ بۆ ئەم خەڵاتە .

لە درێژەی ئەم هەوڵانەدا بەرێز کاک خالیدی عەزیزی سـکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردسـتان بۆ ئەم مەبەسـتە چەندین نامەی ئاراستەی پەرلەمان و کۆمیسیۆنە ئەوروپایەکان کردبوو، بەخۆشیەوە تاکو ئێستا زۆربەی هەوڵەکان ئاکامی باشی هەبوو و لەلایەن زۆر لایەنەوە ئەم دواکارییەی بەرێز عەزیزی بە ئەرێنی وەڵام دراوەتەوە .

شایانی باسە ئەمرۆ بەرێز «لۆرد کۆربیت» سەرۆکی کۆمیتەی پارلمانی بریتانیا بۆ ئازادی ئێران لەوەلامی نامەکەی بەرێز عەزیزی داوەتەوە و گوتوویەتی: هەموو توانای خۆم بۆ ئەم پرسە گرینگە دەخەمە گەڕ و هەوڵ دەدەم ئەم پرسە لە ئۆرگانە بریاردەرەکانی پەرلەمانی بەریتانیا دا بوورژێنم و هەوڵە دیپلۆماسیەکانم لەو بارەوە دەخەمەگەڕ» .

لە درێژەی نامەکەشدا لۆرد کۆربیت دەلێ:» بە ئەرکی خۆمی دەزانم لە پەیوەندی لەگەڵ کاندیداتۆربوونی محەممەد سدیق کەبوودوەنددا لە لایەک هەم پشتیوانی خۆم بۆ هەوڵەکان رابگەیەنم و هەم ئامادەبوونی خۆم بۆ زیاتر هاوکاری کردنی ئەم پرۆسـەیە رادەگەیەنم» .شـایانی باسە بەرێز مەولود سـوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیـا رایگەیاند کە پەرلەمانتارانی بەریتانیا و ئۆرگانـە حکومی و مەدەنیەکانی بەریتانیا داواکارییەکەی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانیان بە هێند وەرگرتووە و بەردەوام پشـتیوانی خۆیان بۆ ئەم داوایە رادەگەیەنن و دوپاتی دەکەنەوە کە بەرێز کەبوودوەند نەک شـایانی کاندید کردنە بەڵکو پێویسـتە وەک کەسـی یەکەمی وەرگرتنی ئەم خەڵاتە دەست نیشان بکرێ.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا
١ی فیوریەی ٢٠١١



# پارلمانی بەریتانیا و کوردەکان لە پانێلێکدا ڕەوشی گۆرانکاریەکانی جیهانیان تاوتوێ کرد

گۆرانکاریەکەنی جیهان لەماوەی دەیەی ڕابردوودا زۆر خێرا تر و بەرچاوتر بوون و لەدەیەکان و سەدەکانی ڕابردوو، ئەم گۆرانکارییانە کاریگەریەکی باشی لەسەر کوردستان وەک ناوچەیەک و کورد وەک نەتەوەیەک هەبووە. هەوڵە دیپلۆماسیەکانی کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوا زۆر پڕڕەنگ تر و کاریگەرتر بوون، ئەڵبەتە ئەم کاریگەریە و تەسیرانە دەگەڕێتەوە بۆ کاری دیپلۆماسیە و دەنگی کورد لە ڕۆژئاوا دروست بوونی هەندێک ناوەندی و کۆنفرانس و دەستەی یەککگرتووی کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەمەش دەنگی کوردی باشتر بەناوەندە جیهانیەکان گەیاندووە.

یەکێک لەو شوێنانەی کە لەماوەی ڕابردوو دەوری باشی هەبوو لە گەیاندنی دەنگی کورد لە وڵاتی بەریتانیا، کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بەریتانیایە بووە.

بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی ١ی مارسی ٢٠١١ لە هۆلێ ژمارە ٩ی پەرلەمانی بەریتانیا لە کاتژمێری شەش و نیو بۆ ٩ی شەو بۆ زیاتر ناسناندی پرسی کورد بە دۆستان و دیپلۆماتکارانی ئەوروپایی و بەریتانیای کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان کۆبوونەوەیەکی بەرینی پێکهێنا.

ئەو کۆبوونەوەیە لەژێر چاودێری بەڕیز جێرمی کوربین ئەندامی پارلمانی بەریتانیا و هەروەها جێگری مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا بەرێوەچوو.

سەرەتا کۆبوونەوەکە بە دەقیقەیەک بۆگیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و بەخێرهاتنی میوانەکان لەلایەن جێرمی کۆربین دەستی پێکرد.

لەدوایی دا بەرێز «شاناز ئیبراهیم ئەحمەد» بە نوێنەریەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد، ئەو لە وتارەکەیدا تیشکی خستبۆوە سەر ڕووداوەکانی ئەوداویەی جیهانی بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی و گۆرانکاریەکانی ئەم دوایەی کوردستانی باشور، هەروەها ئیشارەئی بە خۆپێشاندانەکانی هەرێمی کوردستان کردو خواستی خۆپێشاندەرانی بەرزنرخاند و بەڵام لەهەمانکاتدا تەکیدی کردوەو کەم خۆپێشاندانانە دەبێ دور بن لە توندوتیژی و کاری تێکدەرانە.

لەدرێژەی کاری کۆبوونەوەکەدا کاک ئیحسان قادر بە نێونەری کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان وتەیەکیان پێشکەش کرد و بەگشتی لەسەر کوردستان و دەسکەوتە بەدەست هاتووەکان و پاراستنی ئەو دەسکەوتانە تەکید کردەوە. هەروەها کاک ئیحسان لەدرێژەی باسەکەیدا، باسی وەزیفەو ئەرکەکانی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکانی و گرینگی پێکهێنانی ئەم ناوەندی



بەرز نرخاند و پێویست زیاتر هاوکاریی هێزە کوردستانیەکانی تەکیدی کردەوە.

پاشان لە لایەن بەرێز جێرمی کۆربین، پەیامی سکرتیری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێز خالید عەزیزی خوێندرایەوە. عەزیزی نەیتوانیبوو بەشداری کۆنفرانسەکە بێ.
بەرێز عەزیزی لە سەرەتای پەیامەکەدا باسی پێکهێنانی ئەم کۆبوونەوەیەو سوپاسی پێکهێنەرانی کردبوو و نووسیبوی» زۆر بەداخم کە ناتوانم ئەمڕۆ لە ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی کۆنفرانسی هەموو حیزبە کوردستانییەکان لەگەڵتان بم. ئەگەرچی لەوێ نیم، بەڵام خۆم و حیزبەکەم بەتەواوی پشتیوانی لە پرۆژەی دامەزراندنی کۆمیتەیەکی دائیمی بۆ کۆکردنەوەی هەموو حیزبەکانی کوردستان لەژێر چەترێکدا دەکەین.
لەبەشێکی تری پەیامەکەی دا عەزیزی ئیشارەی بە ڕووداوەکانی ئەم دوایەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئیران کردبوو، نووسیبووی» ئەم ڕۆژانە زوومی مێدیاکان و سەرنجی بیروڕای گشتیی نێودەوڵەتی لەو ڕاپەڕینە خەڵکییانە چەقیوە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا بەدژی دیکتاتۆرییە کۆن باو و حکومەتە گەندەڵەکان وەڕێ کەوتوون. لەکاتی ناڕەزایەتییەکانی پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێرانیش شاهیدی هەمان سەرنجی مێدیا و بیروڕای گشتی بووین. سەرەڕای ترساندنی خەڵک و هەڕەشەی زیندان و ئێعدام
لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و سەرجەم ئازادیخوازانی ئەو وڵاتە بەو ڕووداوانەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا دڵگەرم و هیوادارن».
لەدرێژەی پەیامەکەی دا بەرێز خالیدی عەزیزی تیشکی خستبووە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نارەزایەتیەکانی ئەم دوایانەوە و خەباتی ٣٠ساڵەی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و نووسیبووی» خەڵکی کوردستانی ئێران لە خۆپێشاندانەکانی شار و دەڤەرەکانی کوردستان و ئێراندا بەشدار بوون بۆ ئەوەی داوای ژیانێکی باشتر و دێموکراسی و ئازادی بکەن. ئەوەی ئەوان داوای دەکەن بریتییە لە حکومەتێک کە هی خۆیان بێ و لەسەر بنەمای ئایینی و نەژادی و جینسی جیاوازی لەنێوان هاووڵاتییان دانەنێ. ڕێژیمی ئێران لەبەر ئەوە خەڵکی کوردستان دەچەوسێنێتەوە کە کوردن و ویستی



نەتەوایەتیی خۆیان هەیە. ئێمە ئێستا گەیشتوونەتە خاڵێکی گرینگی وەرچەرخان. رێژیمە دیکتاتۆرەکان یەک لەدوای یەک بەهۆی راپەڕینی خەڵکییەوە دەڕووخێن. ئێمە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان شێلگیرانە لەگەڵ بزوتنەوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رێکخراوە کوردییەکانی دیکە هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی بەرەیەک دروست بکەین کە بتوانێ لە بەرامبەر هێرشەکانی رێژیمی ئێراندا دیفاع لە خەڵکەکەمان بکا و رێبەرایەتیی بزوتنەوەی جەماوەریی خەڵک بکا».

لە کۆتایی پەیامەکەی دا بەریز عەزیزی باسی بەرپرسیاریەتی حیزبەکەی کردبوو و تواناکان و هەولەکانیان بۆ یەکگرتوویی زیاتر ماڵی کورد هەوڵ دەدەن و نووسیبوویی» ئێمە بەهەست کردن بەو بەرپرسیارێتییە قورسە کە مێژووی گەلەکەمان خستوویەتە سەر شانمان، لەمەودوا بۆ ئەوە هەنگاو هەڵدێنینەوە کە بە یەکگرتوویی‌یەوە بەرەوڕووی داهاتوو ببینەوە. ئێمە تەنیا لە رێگای هاوخەباتی و هاوپێوەندی لەگەل دۆستەکانمان لە ئێران و لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا دەتوانین بە ئێرانێکی دێموکراتیک و فێدراڵ کە لەودا مافی هەمووان یەکسان بێ و مافی کوردەکان وەدی هاتبێ بگەین. نەخشی پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ یارمەتیدان بە روودانی ئاڵوگۆڕی راستەقینە یەکجار زۆر گرینگە. هیوادارم لەو بارەوە بتوانین لەسەر پشتیوانی و هاوپێوەندیی ئێوە حیساب بکەین».

پاشان داوا لە بەرێز کاک عەبدوڵلا موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران کرد کە پەیامەکەیان پێشکەش بکات.





سەرەتا بەرێز موهتەدی لە پەیامەکەیدا زۆر سپاسی بەرێز جێرمی کۆربین کرد بۆ ئەوەی بەردەوام هاوکار و دۆستی کوردان بووە و گوتی» ئیجازەم پێبدەن کە بەو پەڕی رێز و ئیعترامەوە سپاسی ئەو بەرێزانە بکەم بۆ پێکهێنانی ئەم کۆبوونەوەیە، رێزی تایبەت بۆ جێرمی کۆربین سەرپەرشتیاری ئەم کۆبوونەوە و دۆست و پشتیوانی کوردەکان لەماوەی رابردوودا و هەروەها هاوکار بۆ ئەوەی کە کوردەکان بە حەق و داخوازیەکانی خۆیان بگەن و، لێرەدا بە پێویست دەزانم کە سپاسی بەرێز کاک ئیحسان قادر دۆست و هاوکارو چالاکی ماندوونەناسی بکەم و سپاسی ماندوونەبوونی هەموو ئەوکەسانەبکەم کە ئێمەی لە دەوری یەک کۆکردۆتەوە«.

بەرێز موهتەدی لەدرێژەی قسەکانیدا باسی لە کوردەکان کرد لە رۆژهەلاتی کوردستان و گرینگی کاری کۆنفرانسەکان کرد لەم بوارەداو و گوتی»لە راستی دا کێشەی کوردەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست یەکێکە لە
پرسیارە سیاسیە حەل نەکراوەکانی ناوچە و جیهان و پێویست گرینگی کاری ئەم کۆنفرانسانە لەکاتێک دا دەردەکەوێت کە بتوانین بەیەکەوە کێشەکان لە قالبی ناوچە دەربێنین و بیکەینە کێشەیەکی جیهانی».

لەدرێژەدا بەرێز موهتەدی باسی جولانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کردو گوتی» کوردەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دانیشتوانی نزیک بە ١٠ میلیۆن نەفەری کە لە چوار ئۆستانی رۆئاوای ئێراندا دەژین ، تاکو ئێستا لە بچوکترین حەقی مرۆڤی خۆیان بێ بەشن و ئەوان تەنها ئیجازەیان نیە کە زمانی دایک بخوێن و ناتوانن لە پرۆژەی بچوکەکانی سەرمایەگوزاریدا بەشداربن ئەمە سەرەرای ئەوەی کە بۆ ماوی سێ دەیەیە کە بەتوونترین شێوە دەچەوسێنرێنەوە «.

بەرێز موهتەدی باسی جیاوازی خەباتی کورد لەگەڵ باقی نەتەوەکانی تری ناوچەکە کرد و گوتی»لەهەمانکاتدا جولانەوەی کورد کە جولانەوەیەکی دێمۆکرات و سکولار و ئازاد و دورە لە توندرەوی و ترۆریسم و توندوتیژی نواندن بەرامبەر بە نەتەوەکانی دیکەی بووە ، ئەمە هۆکارانە جولانەوەی کورد لە باقی جولانەوەکانی تری ناوچەکە جیاوازتر دەکاتەوە«.

لەدرێژەی کاری کۆبوونەوەکەدا ئەم پەیامانە پێشکەش کران:

پەیامی پارتی سۆسیالیستی کوردستان لە لایەن کاک جودی دباکوگلو

پەیامی پارتی یەکیەتی دێموکراتی کوردی سوریە لەلایەن کاک عارف جەبۆ ووتەبێژ و بەرپرسی راگەیاندن

پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستانی باکور لە لایەن هەفال ئۆزگان

پەیامی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن کاک رەحیم دەستیار ئەندامی بەرێوەبەری یەکیەتی لاوان لە دەرەوەی وڵات پێش کرا. بەشی کۆتایی بۆ پرسیار وەڵام دیاری کرابوو کە چەندی پرسیار لە لایەن بەشدار بووانەوە ئاراستەی



پانێلەکە کران و لەدوایی دا وەلامی پرسیارەکان دراوەتەوە .
حیزبی دێموکراتی کوردستان کە یەکێکە لە ئەندامانی ئەو کنفرانسە چالاکانە بەشداریان و کردو و هەیئەتێک بەسەرپەرستی کاک مەولود سـوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا کە پێک هاتبوو لە بەرێزان کاک هیوا رەزایی،کاک ڕزگار قادر زادە و کاک فەریدون معروفی ئەندامانی کۆمیتەی بریتانیا کاک کیوان شـێرزاد بەرپرسـی کۆمیتەی برمینگهام دیاکۆ نوری سیاسیاهی ئەندامی کۆمیتەی لەندەن و هەروەها کاک عبدالله ئەمینی وکاک عبدالخالق خورشـیدی ئەندامانی حیزب لە بریتانیا بەشـدار بوون

بۆ زیاتر ناساندنی دۆزی کورد لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست لە لایەن کنفرانسی پارتە کوردستانیەکان نامیلکەیەک ئامادە کرابوو بۆ بەشـداربووان کە پێویستە لێرەدا سـوپاس و پێزانینی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە کاک ئاگری باڵەکی کە لە دیزانین و ڕێکوپێک کردنی بوکلێتی کوردستانی دابەش کراو دا زەحمەتێکی زۆریان کێشا بکەین و کارەکەیان جێگای رێزو پێزانینمانە .

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا
٢ی مارسی ٢٠١١





# کومیتەی مافی مرۆڤی پارلەمانی بەریتانیا وەڵامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەداتەوە

پاش ئەوەی کە نوێنەرایەتیەکانی دەرەوەی حیزبی دێمۆکراتی کورســـتان لـــەدەرەوە وڵات بەردەوامن لە گەیاندنی ئازار و ژانەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردســـتان بۆ ناوەندە و کۆمەڵە جیهانییەکان ، هەر لەم ئارســـتەیەدا بەرێز خالیدی عەزیزی ســـکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کورســـتان نامەیەکی ئاراســـتەی بەرێز ئان کلود ئەندامی پارلمانی بریتانیاو سەرۆکی مافی مرۆڤ لە پارلەمانی بەریتانیا سازیدابوو، باسی رەوشی نالەباری زیندانیان و خەلکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی کرد کە رۆژ لەگەڵ رۆژ لەژێر فشاردان و بەردەوام رۆلەکانی کورد دەخرێنە زیندانە تاریکەکانی کۆماری ئیسلامیەوە .

کاک خالید لە بەشێکی تری نامەکەیدا باسی رەوشی نالەباری جەستەیی و روحی بەرێز محەمەد سادقی کەبوودوەند ســـەرۆکی مافی مرۆڤی کوردســـتانی کرد کە لە زیندانی کۆماری ئیسلامی دایە و داوی لە خانمی ئان کلۆد کرد کە لەهەوڵی توانا دیپلۆماتیکەکەنی خۆی بەکاربێنێ بۆ چارەســـەرکردنی رەوشـــی مافی مرۆڤ لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان و لەلایەن ناوەندە جیهانیەکانەوە پەیگریی بکەن بۆ باری نالەباری بەرێز کەبوودوەند .

هەر لەو راستایە بەرێز ئان کلۆد نامەیەکی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کرد و داوی لێکۆلینەوەی زیاتر لە رەوشی بەرێز محەمەد سادقی کەبودوەند و هەروەها رەوشی نالەباری مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان کرد و، لە ئاگادارکردنەوەیەکیش کە بۆ نووێنەرایەتی بەریتانیای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ناردوە، بەرێز ئان کلۆد تەکیدی کردۆتەوە کە ئێمە لە بەشی مافی مرۆڤی پارلەمانی بەریتانیا بە دواداچونی زیاتر دەکەین بۆ ئەم پێشێلکاریانەی کە دژی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا دەکرێ.

بەرێز مەولود سوارە نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بەریتانیا رایگەیاند کە دەفتەری بەرێز ئان کلود بەردەوام لەماوەی رابردوو لە گەڵ نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە پەیوەندی دابووە و، ئێمەش بەپێی ئیمکانی کە هەمانبووە بەڵگە پێویستەکانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستانمان بەدەست گەیاندوە .

نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بەریتانیا
٨ی مارسی ٢٠١١






# گرتنی کنفرانسی بریتانیا ١٩ی مارسی ٢٠١١

سورەت جەلەسەی کونفرانس

لەرێکەوتی ١٩ی مارسی ٢٠١١ کۆنفرانسی گشتی ئەندامانی حیزب لە بریتانیا بە بەشداری ٥١کەس ئەندام کە مافی دەنگ دان و خۆ پاڵاوتنیان هەیە، لەو رادەیە ٥١ پیاو بەشدار بوون.

پاش باسی سیاسی لەسەر هێلە گشتی یەکان و مەسائیلی پەیوەندیدار بە کۆنگرە، لەبەشی ئاخری کاری کۆنفرانس دا ٧ کەس خۆیان کاندید کرد کە ٢ لە هاورێیان بە تەرتیب ، دەنگی ئیعتمادی کۆنفرانسیان وەرگرت و بە ئەندامی کۆنگرەی ١٥ هەڵبژێردران و یەک کەسیش وەک جێگر هەڵبژێردرا.

١-کاک هیوا ڕەزایی

٢- کاک ڕزگار قادر زادە

٣- کاک سەید قادر جەسیمی وەک جێگر هەڵبژێردران.

سەرپەرشتیارانی کۆنفرانس:

١-سەعید بگزادە سەرپەرستی کۆنفرانس و نوێنەری کۆمیسیونی تشکیلات

٢- مەولود سوارە نوێنەری کۆمیسیونی چاوەدێری

٣- مەحمەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی بریتانیا





# ئێوارە خوانێک لەگەڵ ئەندامانی پارلمانی بریتانیا

٢٣ی مارســـی ٢٠١١ لە یەکێک لە رستۆرانەکانی لەندەن بانگێشتنێک بۆ زیاتر ئاشنا بوون و هەروەها هەول دان و بەرنامەی کاری بۆ شێوەی هەلبژارنەکانی بریتانیا لەلایەن دۆستانی لیبەر پارتی رێکخرا.
لەم ئێوارە خوانەدا هەئیەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەگەڵ چەندین کەسایەتی و کاربەدەستانی وڵاتی بەریتانیا و لیبەر پارتی ئاڵوگۆری بیروڕایان کرد و دواین پێشـــاهاتەکانی بەریتانیا و مەســـەلە پەیوەندی دارەکان بە سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە رۆژهەڵاتی ناوەراست هێنایە بەرباس.
وەفدی حیزب پێکهاتبوو لە بەرێزان کاک مەولود سوارە و کاک فەرزاد حیکمەت بە نوێنەرایەتی حیزب لە بریتانیا بەشداریان کردبوو، ئەو کەسایەتیانەی کە دانیشتنیان لەگەڵ کردن بریتی بوون لە:
بارۆنس  هۆن کینگ
ستێفن کویک ئەندامی پارلمان بەرپرسی کاروباری رۆژهەلاتی نێوەراست
دایانا خۆنسن وەزیری ناوخۆ
لە کۆتایی دیدارەکانیشـــدا هەیئەتی حیزبـــی داوایان کرد کە لە داهاتودا بتوانـــن پیوەندی زیاتریان هەبێت.



# به‌ بۆنه‌ی كۆچی دوای به‌ڕێز جه‌وهه‌ر نامیق حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان له‌ بریتانیا پرسه‌ و سه‌ره‌خۆشی دانا

رێكه‌وتی ٢٦ی مارس ٢٠١١ له‌ یه‌كێك له‌ سالۆنه‌كانی شه‌رداری ئیلینگ له‌ له‌نده‌ن نوێنه‌رایه‌تی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان پرسه‌ و سه‌ره‌خۆشی بۆ خوالێخۆشبو كاك جه‌هه‌ر نامیق سكرتێری پێشوی پارتی دێموكراتی كوردستان و سه‌رۆكی پێشووی پارلمانی كوردستان دانابوو كه‌ به‌رێزان مه‌ولود سواره‌ كاك فه‌رزاد حیكمه‌ت و كاك یوسف به‌هرامی به‌ نوێنه‌رایه‌تی حیزب به‌شداریان له‌و رێو ڕه‌سمه‌دا كرد.



# خۆپیشاندانی کوردانی سوریە لە لەندەن

لە درێژەی ئەو خۆپیشاندانانەی بەرانبەر بە دەوڵەتی سووریە لە ئارادایە کوردانی سوریە لە بریتانیا خۆپیشاندانێکیان بەرێوە برد.کوردستانیانی دەرەوەی وڵات لە شاری لەندەن بە کۆبوونەوەو وەرێ خستنی خۆپیشاندان لەبەردەرکی باڵوێزخانەی سووریە لە بریتانیا بێزاری و دژایەتی خۆیان نیشاندا لە دژی سیاسەتی سەرکوت و کوشتن و گرتنی کوردان لە سووریە . ئەو خۆپیشاندانەی کوردانی سووریەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان تێیدا بەشدار بوو، رۆژی٢ی ئاپریلی ٢٠١١ لە پێش باڵوێزخانەی سوریە لە ژمارە ٨ی بلگرێفیار لە لەندەن کاتژمێری ١٢ی نیوەرۆ بۆ ٣ی پاش نیوەرۆ خۆپێشاندان بە نارەزایەتی لە حکومەتی بەعس و پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی سوریە بەرێوە چوو.ئەم خۆپێشاندانە لە لایەن بەشێکی بەرچاو لە حیزب و لایەنەکان ساز کرابوو کە بریتین لە:ئەخوان المسلمین

حەرەکەتی عەدالەت و ئاوەدان کردن

پارتی یەکیەتی کوردستانی سوریە

پارتی یەکیەتی سوریە

پارتی یەکیەتی دێموکرات

پارتی یەکیەتی دێموکراتی کورد سوریە

پارتی ئازادی کوردی سوریە

شایانی باسە،نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بەپیر بانگەوازی چالاکانی سیاسی کورد لە سوریەوە چون و بە بەشداری خۆیان لەم خۆپێشاندانە پشتیوانی حیزبی دێموکراتیان لە هەموو بزوتنەوەیەکی کوردی دژی داگیرکەران و دەستەلات دارانی دمشق دەربری. شایانی باسە هەموو رۆژانی شەممە واتە لە رۆژی ٢ی ئاپریلەوە تاکو ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە خۆپێشاندان بەردەوامە، ئەندامانی حیزبی بەشداری چالاکانەیان هەیە .

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا





## بەشداری لە مەراسمی یازدە ساڵەی کۆچی دوایی
## مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد

ڕێکەوتی ٨ی ئاپریلی ٢٠١١ لەسەر بانگێشتی ڕێکخراوی ئیبراهیم ئەحمەد فاوندێشن لە بریتانیا مەراسمێک بە بۆنەی ١١ ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە کاتژمێری ٦ بۆ ٨ی شەو لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن بەڕێوە چوو.

بەرنامەکە بە سروودێک و دەقیقەیەک ڕێز لێنان بۆ گیانی خوا لێخۆشبوو دەستی پێکرد.

پاشان لە لایەن خێزانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دوو مۆم هەڵکران.

لەلایەن بەڕێوەبەری بەرنامە پەخشانێک خوێندرایەوە دوابەدوای ئەو کاک هاوار حاجی لێپرسراوی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لەبریتانیا ووتەیەکی پێش کەش کرد. بە نوێنەرایەتی کنفرانسی پارتە کوردستانیەکان بەڕیز مەولود سوارە پەیامێکی پێشکەشی بەشداربووان کرد.کاک منسور ئیزەد پناە شیرین بەهارەی پێشکەشی بەشدار بووان کرد و هەروەها کورتە فیلمێک لەسەر ژیان و خەباتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کە لە لایەن تەلەفزیونی کوردساتەوە ئامادە کرابوو پێش کەش کرا.

نوێنەری سەفیری عێراق لە لەندەن و بەشێکی بەرچاو لە حیزب و لایەن سیاسیەکانی عێراقی و کوردستانی بەشدار بوون.بەنوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بەڕێزان کاک مەولود سوارەو کاک عبداللە ئەمینی بەشداری کۆبونەوەکە بوون.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا
٨ی ئاپریلی ٢٠١١



# کۆ بونەوەی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بەریتانیا

ڕۆژی یەکشەممە ( ٢٠١١/٤/١٠ ) لە مەکتەبی بەریتانیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبونەوەی کنفرانسی پارتە کوردستانیەکان پێک هات، بەشێکی کۆبونەوەکە بۆ قسە کردن و تاووتوێ کردنی بارو دۆخی ئێستای کوردستان و گۆڕان کاری یە هەنوکەیی یەکان و زیاتر پتەو کردنی پەیوەندی نێوان حزبە کوردستانیەکان تەرخان کرابوو .
پاشان کارو چالاکیەکانی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لەبەریتانیا هەڵسەنگێنراو بەرنامەی کاری داهاتوو دارێژرا . لەکۆتایی کۆبونەوەکەدا ئامادەبوان هاوکاری خۆیان دوپات کردەوە بۆ پشتیوانی لە پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی کە لە کوردستانی باشور بەدەست هاتووە کە جێ ی هیواو ئومێدە بۆ هەموان . وە ستایشی ئەو هەنگاوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا کە بەرەو چاکسازی و یەکسانی کۆمەڵایەتی دەستی پێ کردووە .
هەروەها نوێنەری پارتی ئازادی کوردی سـوریە لە بریتانیا بەشـداری کۆبونەوەکە بوون و پشـتیوانی خۆیانی لە کنفرانسی پارتە کوردستانیەکان دەربڕیو نێوی خۆیان خستە پاڵ بەشدارانی کنفرانسەکەوە .

کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بریتانیا

١) پارتی دیموکراتی کوردستان ٢) یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان ٣) حیزبی دیموکراتی کوردستان
٤) پارتی سۆسیالیستی کوردستان ٥) پارتی یەکیەتی دیموکراتی کوردی سوریە
٦) کۆمەلەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ٧) پارتی یەکیەتی کوردی سوریە
٨) پارتی ئازادیی کوردستان ٩) پارتی ئازادی کورد سوریە ١٠) پارتی یەکیەتی کوردستانی
١١) کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان ١٢) پارتی سەربەستی کوردستان
١٣) بزوتنەوەی دیموکراتیکی یارسـان ١٤) پارتی سـەربەخۆی کوردستان ١٥)ڕێکخراوی خەبات ی شۆڕشگێری کوردستان ١٦) کۆمەلە- پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان ١٧) پارتی دیموکراتی کوردستانی باکور
١٨)یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان



All Party Kurdistan Conference

کۆنفرانسی پارته کوردستانییه‌کان

# به‌یاننامه‌کانی
## کۆنفرانسی پارته کوردستانیه‌کان له به‌ریتانیا

# پەیامی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بەریتانیا بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا مەلا شێخ عیزەدینی حوسەینی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی کەسایەتیی بەناوبانگی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینیی کوردو تێکۆشەری شێلگیری رێگای خەبات بۆ ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان «مامۆستا مەلا شێخ عیزەدینی حوسەینی»مان بیست.

ناوبراو لەو زانا ئایینیانە بوو کە خاوەنی روانگەو بیرو بۆچوونێکی پێشکەوتوانە بوو. بە پێچەوانەی هێندێک مەلاو پیاوی ئایینیی دیکە، نەک هەر دین و ئایینی نەکردبووە هۆیەک بۆ پشتگوێخستن و دوورکەوتنەوە لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی، بەڵکوو نێوەرۆک و پەیامی کردبوو بە رێنوێن و هاندەری خەبات دژی ستەم و چەوسانەوەی جۆراوجۆر.

لەدەست چوونی ئەو کەسایەتییە نیشتمانی و خەباتگێڕو ئازادی خوازە بۆ تێکڕای بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردو تەنانەت هەموو بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلانی ئێران بە خەسارێکی گەورە دادەنرێ و ناوو یادی بۆ هەمیشە لە دڵی ئازادیخوازانی کوردا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بەریتانیا،بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی، لە بنەماڵەی سەربەرزو کەسوکاری بەڕێزی مامۆستا بە تایبەتی و لە سەرجەم ئۆگرانی ئەو کەسایەتییە خەباتگێڕو ماندوویی نەناسە سەرجەم خەڵکی کوردستان سەرەخۆشی دەکا.

١) پارتی دیموکراتی کوردستان
٢) یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان
٣) حیزبی دیموکراتی کوردستان
٤) پارتی یەکیەتی کوردی سوریە
٥) پارتی سۆسیالیستی کوردستان
٦) پارتی یەکیەتی دیموکراتی کوردی سوریە
٧) کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٨) پارتی ئازادی کوردستان
٩) پارتی یەکیەتی کوردستانی
١٠) کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
١١) پارتی سەربەستی کوردستان
١٢) بزوتنەوەی دیموکراتیکی یارسان
١٣) پارتی سەربەخۆی کوردستان
١٤) پارتی یەکیەتی دیموکراتی کوردی سوریە
١٥) رێکخراوی خەبات ی شۆرشگێری کوردستان
١٦) کۆمەلە- پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان
١٧) پارتی دیموکراتی کوردستانی باکور

١٤ی فێوریەی ٢٠١١

# هەڵوێستی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بەریتانیا لەبارەی ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی هەرێمی کوردستانەوە

بەداخەوە ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی شاری سلێمانی باشووری کوردستان بۆ هەموو هێز و لایەن و نیشتمانپەروانی کورد مایەی نیگەرانیە .

گومانی تێدا نییەکە دەسکەوتەکانی کورد لەهەرێمی کوردستان و عێراق هەم ئاکامی ڕەنج و خەباتی دوور ودرێژی هەموو هێزەوڵاتپارێزەکانی ئەم بەشەی کوردستان و هەم جێگەی هومێدی نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستانن. هەر بۆیە سروشتییە کە هەر چەشنە قەیرانێک و حاڵەتێک کەئەم دەسکەوتانە بخاتەمەترسییەوە، دەبێتەمایەی نیگەرانیی هەموو لایەنێکی دڵسۆز.
دوژمنانی کوردستان و کورد هەمیشە لە پیلانگێڕاندان بۆ ئەوەی ئەزموونی بەڕێوەبەری کورد لە سەر خاکی خۆی بەهەرشێوەیەک کە بۆیان کرابێ بۆیان لوابێ تێکیبدەبن، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەبێ ئەوەبزانین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی دژی گەلی نیە تا خۆپێشاندەران پەنا بۆ کاری توندوتیژی بەرن و خۆپێشاندانی ئارام و نارەزایەتی بە کاروباری حکومەت بگۆڕن بۆ خۆپێشاندان بەرامبەر ڕووخانی حکومەت و پەلاماردانی بارەگای حیزبیەکان، لەحاڵێکدایە کە سەروکایەتی و حکوومەت و پارلەمانی هەرێم بەرهەمی هەڵبژاردنی ئازاد و ئیرادەی خەلکن و پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و دەوڵەمەندتر کردن و قووڵتر کردنەوەی نێوەرۆکی نیشتمانی ودێموکراتیکی ئەم ئەزموونە، ئەرکی هەموو لایەکە. هەر بۆیەپێویستە بەپەلە هەم پێش بە تەشەنەکردنی ئاڵۆزییەکان بگیرێ و هەم بەرێگای دیالۆگ و شارستانییانە، هەوڵی چارەسەرکردنی گرفت وکەم وکوڕییەکان بدرێ.
ئێمە لە کاتێکدا هێنانەگۆڕی کەم و کوڕییەکان و دەربڕینی ڕەخنەو نارەزایەتییەکان بەشێوەیەکی مەدەنی و هێمنانە بەمافی رەوای خەڵک دەزانین، هێرش بۆ سەر بنکەو بارەگا حکوومی و حیزبییەکان بەتایبەت هێرش کردنە سەر لقی ٤ی پارتی دێموکراتی کوردستان لە سولێمانی و هەروەها سوتاندنی بنکەی سەرەکەی کاناڵی نالی و زیان پێگەیاندنیان لەلایەن هەر لایەنێکەوەبێ، بەناتەبا لەگەڵ بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان، دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ڕێوشوێنەکانی خەباتی مەدەنی دەزانین. هەر لەوکاتەش دا پێمان وایە هەوڵدان بۆ چارەسەری کەم وکوڕییەکان و گوێگرتن لەرەخنەو نارەزایەتییەکان دەبێ پترو بەرچاوتر بێ، بۆ ئەوەی شانبەشانی پێشگیری لە دووپاتبوونەوەی ئەم جۆرە ڕووداوە دڵتەزێنانە، پێشی درز تێکەوتنی زیاتری بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد لەم بەشەی کوردستان بگیرێ و هەرێمی کوردستان لەسێبەری هێمنی و تەبایی و یەکیەتی دا، بەرەو پێش بچێ.
کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بەریتانیا داوا لە هەموو جەماوەری خەڵک و هێزە سیاسیەکان دەکات بە هۆشیاری نەتەوەیی و گیان و هەستی بەرپرسانەوە، سەرەرای رەوا بوونی مافی بی ئەم لا و ئەو لای دەربڕینی نارەزایەتی مەدەنیانەو شارستانیانە و دوور لە هەر چەشنە توند و تیژیەک، هاوکاری حکومەتی هەرێم و هێزە سیاسیەکان بن بۆ هەرچی هێورتر کردنەوەی بارو دۆخەکە .

بریتانیا

٢٠فێبریوواری ٢٠١١

# پیرۆزبای کنفرانسی پارتە کوردستانیەکان بە بۆنەی بەخشرانی خەڵاتی ئاتلانتیک بە سەرۆک بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سـەرئەنجام بەرپرسانی پەیمانی ئەتلانتیکی باکووری (ناتۆ) سـەرۆک بارزانییان خەڵات کرد. ئەم خەڵاتە دەکرێ چەندین لێکدانەوەی لەسەر بکرێ و دەبێ پسپۆڕان هەڵوەستەی لەسەر بگرن.

نەتەوەی کورد لە دوای شـەڕی یەکەمی جیهانی و لێک هەڵوەشـانی ئیمپراتۆری عوسـمانی بێوچان ولە هەموو دەرفەتێکدا حەولی داوەو خەباتی کردووە کە مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی خۆی وەک نەتەوەیەک وەدەست بێنێ .کەم نین ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کورد کە ڕاست بەدەست داروەدەستەی ئەو هێزانەی لە دابەشکردنی کوردستان و سەرکوتی ڕاپەڕینە مافخوازانەکەی دەستیان هەبووە، تێکشکاون و بڵاوەیان پێکراوە.

ئەم هێزانەی ئەمڕۆ ناتۆیان لێ پێکهاتووە، هەر ئەو هێزانەن کە پەیمانەکانی سیڤەر ، لەوزان و بەغدایان پێکهێناو لەهەمـوو ئەو پەیمانانەشدا بێبەش کردنـی نەتەوەی کورد لە مافەکانی، لە خاڵـە گرینگ و بنەڕەتییەکانی ئەو پەیماننامانەن، دیارە پەیمانی سـیڤەر هێندێک مافی بۆ نەتەوەی کورد لە بەرچاو گرتبوو، کە بەداخەوە، دواتر لە سێبەری مەیلی ساتوسەودای زلهێزەکان لە لایەک و خۆشخزمەتی دەوڵەتە دەستچێنەکانی،تورکیا و عێراق و ئێران و سوریە، لە لایەکی دیکەوە، مافەکانی نەتەوەی کورد پشتگوێ خران.

دواین زەبری ئەو وڵاتانە لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی نەتەوەی کورد، پیلانی حەمەرەزاشا بوو کە لە ساڵی ١٩٧٥ نسکۆی بە شۆڕشی باشووری کوردستان دا و بە سازان لەگەڵ حکومەتی ئەوکاتی عێراق لە ئەلجەزایر، خەیانەتی بە کورد و شۆڕشەکەی کرد. کەم نین ئەو وڵاتانەی لە تەیار کردنی سپای عێراق بە نوێترین چەکی کۆمەڵکوژ دەستیان هەبووە و ئەندامی « پەیمانی ئەتلانتیکی باکوور» بوون و ئێستاش هەن. ئەو چەکانەی هەڵەبجەی پێ بۆمباران شیمیایی کرا، سازکراوی هێندێک لەو وڵاتانە بوون.

بەڵام وادیارە، لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی دنیادا، ئەم وڵاتانە بۆیان دەرکەوتووە، لە ناوچەی گرینگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، ئەو وڵاتانە ئەگەر دۆسـتێکیان هەبێ، هەر نەتەوەی کوردە و ئەوە بە کردەوە ٢٠ ساڵە ئەم نەتەوەیە هاوپەیمانی ئەم هێزانەیە و تەنانەت لەسـەر ئەوان زۆر جاران کەوتووەتە بەر تانەو تەشـەر و تەنانەت هەڕەشەی کۆنەپەرستانی ناوچەکە.

بەو هیوایە دانی ئەم خەڵاتە بە سەرۆک بارزانی، شێوەیەک داوای لێبووردن لە نەتەوەی کورد بێ و پەیمانێکیش بێ بۆ دووپات نەبوونەوەی هەڵەکانی ڕابردووی ئەم وڵات و هێزانەی ئەندامی پەیمانی ئاتلانتیکی باکووری.

جێی داخە لە کاتێکدا زلهێزەکانی جیهان خەریکن بەرەوپیری دەسەڵاتی کوردی دێن و سەرکردەکانی خەڵات دەکەن و سەریان لە لێبووردەیی و دڵ گەورەیی ئاشتیخوازیی نەتەوەکەمان سووڕماوە،

ڕووداوەکانی نێوی خۆی باشـوری کوردسـتان کە ئەزموونێکە بەخوێن و قوربانی دانێکی زۆر وەدەست هاتوە بەرەو ئاقاری ناخۆش بچێت بەو هیوایە ئەم قۆناخەش بەحیکمەت و وردبینی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان،پارلمانی کوردستان و باقی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرکەوتووی تێپەربکەن و نەهێڵن ئاواتی دوژمنانمان وەدی بێنن. کنفرانسـی پارتە کوردسـتانیەکان لە بریتانیا پێرۆزبای گەرمی خۆی ئاراسـتەی سـەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی کاک مەسعود بارزانی و هەموو خەلکی کوردستان دەکات بە بۆنەی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەو ئەو دەستکەوتە سیاسیە بۆ نەتەوەکەمان.

سەرکەوتوو بێ ئەزموونی تاقانەی هەرێمی کوردستان.

بریتانیا

٢٤فێبریواری ٢٠١١



# بەڕێز بێ یادی یازدەیەمین ساڵی ماڵئاوایی مامۆستا برایم ئەحمەد

لەپێش ئاگرپەرەستی دا
لەپێش موسڵمانی دا
لە دیلی و سەربەستی دا
هەرکوردین و هەر کورد ئەبین.

ڕۆژی ٨ ی ئاوریلی ٢٠١١، یازدەیەمین ساڵی ماڵئاوایی لە ژیانی تێکوشەرێ مەزن و بیرمەندی ڕێبازی ناسیونالیزمی ڕەوای کورد مامۆستا برایم ئەحمەدە. ئەو مرۆڤە زۆربەی هەرە زۆری ژیانی بۆ ئازادی و گە یشتنی کورد بە مافە نەتەوایەتیی و ئینسانییەکانی تەرخان کرد.

لەبواری خوێندن لە ساڵی ١٩٣٧ ی زایینی کولێجی یاسای لە شاری بەغدا تەواو کرد.

لەبواری نوسین لە تەمەنی ١٨ ساڵی ڕا، قەڵەمی بەدەس گرت و لە ڕۆژنامەی «ژیان»، نۆبەرەکانی نوسینی بڵاو کردەوە. برایم ئەحمەد بەجۆرێک کارتێکەری لە نوسینی ئەو بڵاوکراوە کوردییەی خاون ئیمتیازی شاعیری مەزنی نەتەوەکەمان حاجی تۆفیق (پیرە مێرد)، هەبوو کە ناوبراو لەبارەی دا نووسیویە:»ژیان چاوەڕێی ئەو کوردییە ڕەوانەیە، پیرەمێردیش بە هیوای ئەو جەوانانەیە«.

لەساڵی ١٩٣٩ ڕا بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سەجادی گۆڤاری «گەلاوێژ»یان دەرکرد کە خزمەتێکی گەورەیان بە زمان و فەرهەنگی کورد کرد. ماوەیەک بەرپرسایەتی ڕۆژنامەی خەبات و ساتێکیش خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی «کوردستان» بوو کە بەڕێز مام جەلال سەرنووسەری دەکرد. کتێبی ژانی گەل، نیشاندەری دەرد و ژانی گەلێک بوو کە لە ژێردەستەیی و سەرکوت و تەپەسەری دا، دیناڵاند و کۆڵی نەدەدا. کوێرەوەری و دوا تیری کەوان، لە بەرهەمە بە نێورۆکەکانی ڕۆمانی کوردین، کە مامۆستا برایم ئەحمەد کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند کردوون.

لەبواری خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە تافی لاوی دا لە بەغدا، لەگەڵ چەند هەڤاڵی گرووپی «لاوانی کورد» یان پێــک هێنا و گۆڤاری «دیاری لاوان» یان بڵاوکردەوە. یەکێک لە چالاکانی حیزبی هیوای دەســتە برای کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ ک) بوو. لە ســاڵی ١٩٤٨ گیرا و ســاڵ ونیوێک زیندانی کرا. پاش ئازاد بوون لە گرتووخانە، هەتا شۆڕشی ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨، درێژەی بەخەباتی نهێنی دا. لە شوباتی ١٩٥١، لە دوویەمین کۆنگرەی پارتی دێموکراتی کوردستان بە سکرتێری هەڵبژێرا. مامۆستا برایم ئەحمەد وەک تێکۆشەر و رووناکبیرێکی کورد لە هەموو کات و ســاتەکانی ژیانی دا، لە گەڵ نووســین و کتێب و زانیاری ئاوێتە بوو. کریس کۆچێرا کورد ناسی فەرانسەوی سەبارەت بە کەسایەتی مامۆستا برایم ئەحمەد دەنوسێ: لە چیاکانی کوردستان و لەنێو ئەشکەوت دا، کتێبخانەیەکی مەزنی هەبوو. بۆیە ئەو تێکۆشــەرە ماندوویی نەناســە لە ماوەی ٨٦ ســاڵ ژیان و زۆربەی تەمەنەی تێکۆشانی، ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی بەرخۆدانی کوردان بوو.

ئێمە بەناوی کنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بریتانیا، وێڕای رێز و حورت بۆ خەبات و هەڵسوڕانی ئەو مرۆڤە ناودارەی کورد، یادی ١١ ساڵی ماڵئاوایی لە ژیانی مامۆستا برایم ئەحمەد بەرز ڕادەگرین.

نە عەربم نە ئێرانی
نە تورکیکی شاخستانی
نەک هەر خۆم مێژووش دەڵێ
کە کوردم و کوردستانی.

یادی بەرێز و بیروهزری پڕ ڕێبوار بێ.
٨ی ئاپریلی ٢٠١١

کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بریتانیا
١) پارتی دێموکراتی کوردستان
٢) یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان
٣) حیزبی دێموکراتی کوردستان
٤) پارتی سۆسیالیستی کوردستان
٥) پارتی یەکیەتی دێموکراتی کوردی سوریە
٦) کۆمەلەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٧) پارتی یەکیەتی کوردی سوریە
٨) پارتی ئازادیی کوردستان
٩) پارتی ئازادی کورد سوریە
١٠) پارتی یەکیەتی کوردستانی
١١) کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان
١٢) پارتی سەربەستی کوردستان
١٣) بزوتنەوەی دێموکراتیکی یارسان
١٤) پارتی سەربەخۆی کوردستان
١٥) ڕێکخراوی خەبات ی شۆرشگێری کوردستان
١٦) کۆمەلە- پارتی سۆسیال دێموکراتی کوردستان
١٧) پارتی دێموکراتی کوردستانی باکور
١٨) یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان

# دروست کردنی ٨ نامیلکە لە نێوی کوژراو بریندار و زیندانیانی سیاسی کورد و هەروەها نامیلکەیەک لە کوژراو گیراو و برینداری دەورەی هەلبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئێران لە سالی٢٠٠٩



# وێنەی ئەندامانی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# لە کۆنگرەی ١٤ بۆ کۆنگرەی ١٥





## تێ بینی:

به‌شێكی تر له‌ كاره‌كان كه‌ له‌م ڕاپۆرته‌دا ئیشاره‌یان پێنه‌كراوه‌ .

١- به‌شێك له‌ كاره‌كان ڕاسته‌وخۆ دراونه‌ته‌وه‌ ده‌فته‌ری سیاسی و لێره‌دا ئیشاره‌یان پێنه‌كراوه‌ .

٢- ترجمه‌و لیستی گیراو كوژراو بریندار له‌ ٨ ده‌فته‌رچه‌دا (بوكلێت) به‌ نێوی نوێنه‌رایه‌تی حیزب له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات بڵاوكراوه‌نه‌ته‌وه‌ .

٣- دروست كردن و به‌سه‌ر ڕاگه‌یشتنی سایتێكی ئینگلیسی له‌ دسامبری ٢٠٠٦ وه‌ تاكو كۆتای دسامبری ٢٠١٠ .
كه‌ ئه‌و سایته‌ زۆر شت له‌خۆی ده‌گرێت وه‌ك زانیاری له‌سه‌ر حیزب و دامه‌زرانی حیزب، كۆنگره‌كانی حیزب، خه‌ته‌گشتیه‌كان، ڕاگه‌یاندراوه‌كان،مافی مرۆڤ،مێژوی كوردستان،لاپه‌ره‌ی سه‌ربه‌خۆ،ڕۆژنامه‌كانی كوردستان،كۆماری كوردستان و هه‌روه‌ها كۆكردنه‌وه‌ی زۆربه‌ی ئه‌و هه‌واڵانه‌ی پیوه‌ندیان به‌ ئێران و كوردستان وه‌ هه‌یه‌و، كردنه‌وه‌ فیس بوك،فلیكه‌ر،یوتیوب،تویته‌ر،لاپه‌ره‌یه‌كی تایبه‌ت به‌ دوكتۆر قاسملو، ئالبۆمێك بۆ دیمه‌نه‌كانی كوردستان دیدار و سمینارو هه‌روه‌ها پێشمه‌رگه‌و و...... . و فیلم و.......... .

٤- كۆبونه‌وه‌كانی تشكیلاتی و هه‌روه‌ها كۆبونه‌وه‌كانی كۆمیته‌ی ده‌ره‌وه‌ی وڵات له‌و ڕاپۆرته‌دا ئیشاره‌یان پێ نه‌كراوه‌ .

# نوێنەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان
## لە بەریتانیا بۆ کۆنگرەی ١٥



مەولود سوارە
ئەندامی رێبەری
حیزبی دێموکراتی کوردستان



رزگار قادرزادە
ئەندامی کۆنگرە



سەید قادر جەسیمی
ئەندامی کۆنگرە

# Kurdistan Democratic party's activity in the United Kingdom




Address:
KDP
P.O BOX 1402
London W6 7ZT
United Kingdom

# Kurdistan Democratic party's Activity in the United Kingdom

Presented by: Mouloud Swara